عەلی ئەشرەف دەرویشیان



# ئاشوورا

وەرگێرانی
عەزیز گەردی

Scanned with CamScanner

عەلی ئەشرەف دەروێشیان

# ئاشوورا

وەرگێڕانی

عەزیز گەردی

Scanned with CamScanner

ئاشوورا

بابەت: کۆمەڵە کورتە چیرۆك

نووسینی: عەلی ئەشرەف دەروێشیان

وەرگێرانی لە فارسییەوە: عەزیز گەردی

کۆمپیوتەرو هەڵەچنیو رێکخستنی ناوەوە: وەرگێڕ

چاپخانەی: ماردین

چاپی یەکەم  هەولێر  ٢٠١١

نرخی: ٢٠٠٠  دینار

١٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن: (٥٧٥) ساڵی ٢٠١١

Scanned with CamScanner

# پێرست


١- خانووەکەمان........................................ ٧

٢- دوو ماسی ناو نوقلدان.................................... ١٧

٣- کەمانچە........................................ ٢٣

٤- ماسیو قاز........................................ ٣١

٥- باخچەی بچووك........................................ ٣٩

٦- بەهێ........................................ ٤٧

٧- نەنە گیان، چ بووە؟........................................ ٦١

٨- مامە گەورە........................................ ٦٩

٩- نەساخی........................................ ٧٩

١٠- حەمام........................................ ٩١

١١- ئاوپرژ........................................ ٩٩

١٢- ئاشتی........................................ ١٠٧


Scanned with CamScanner

# (١)

# خانووەکەمان

ئاشوورا جێی تۆپینی پیرەسەگان بوو. جێی دڵداری کردنی مراوییان بوو. جێی فڕێدانی فەرخە پشیلان بوو کە خەویان لە خەڵك حەرام کردبوو. ئاشوورا جێی یاری کردنی ئێمە مانان بوو.

لە سەرەتای بەهار، یان لە ئاخیرو ئۆخری پایز، کە هەورێکی رەش بەری ئاسمانی دەگرت، باوکم لە ژوورەوە هاواری دەکرد:

خودایا، لە غەزەبی خۆتمان بە دوور بگری !!

بەڵام خودا گوێی بە قسەی باوکم نەدەدا. لافاو هەڵدەستا. توورە دەبوو. کەفی دەچەڕاند. دەیماشییەوەو دەڕۆیشت. پردە دارەکانی دەبرد. دەرەقەتی خانووەکانی لای سەرەوەی شار نەدەهات کە لە بەردو کەرپووچ دروست



Scanned with CamScanner

کرابوون. بەڵام بە ئێمە دەوێرا. هەموو قینی دڵی خۆی بەسەر ئێمەدا دەڕشت.

دیوارەکانی بە هێلانە چۆلەکەوە دەبرد. لافاو تا ناو ژوورەوەمان دەهات. وەکوو میوانێکی ناخوندی وا بوو. سەری لە لابیانەو ئەستێرکیش دەداو کتێبەکانی دوعای باوکمی تەڕ دەکرد. باوکم دەیگوت:

- ئاشوورا وەکوو خەرجەستێن وایە. سەر بە هەموو کونو قوژبنێکدا دەکا. زێرابەکان دەڕژانە ناو ئاشوورا. زبڵیان دەڕشتە ناو ئاشوورا. ئاشوورا لە لای سەرەوەی شارەوە، بەرەو خوارەوە دەهات، کۆڵو باری خۆی دەهێنا. کە دەگەیشتە بەر دەرگای ماڵی ئێمە، هەموو بارەکەی بە سەر کۆڵی ئێمەدا دەڕشت.

لافاو هەموو شتێکی دەهێنا: کورتانی کەرانو پاشان کەرەکانیش. کاریتە داری گەورە، کۆڵکو رەغەزە دار. کاو گەنمی گوندەکانی دەورو بەریشی دەهێنا. چانی دارو مەڕو رەشەوڵاغو باعەباعو گریانی دەهێنا. هاتو هاواری دەهێنا. هەندێ قوتوویشی دەهێنا وێنەی ماسییان لە سەر بوو. وێنەی ژنی جوانیان لەسەر بوو. جارێکیش بێشکەیەکی کۆنی هێنا کۆرپەیەکی تێدا بوو هێشتا هەر واقەواقی بوو.

لافاو پردە دارەکانی تێك دەدا. پردە بەردەکان نەدەجوولانەوە. تا پردەکان دروست دەکرانەوە، ئێمە هەمیشە درەنگ بە قوتابخانە رادەگەیشتینو دارمان دەخوارد.

کە لافاو دەنیشتەوە، ئاشوورا وەکوو جاران میهرەبان دەبووەوە، بەخشندە دەبووەوە. (شەفیعە کوێر) دووبارە بە شمشاڵی ئاسنی لە بن دیواری تەڕو لە بەر هەتاو دادەنیشتو ئاشوورای پڕ ئاوازی کوردی دەکرد.

(شـەفیعە کـوێر) هەمیـشە لەگـەڵ ئاشـوورادا بـوو. چـاوەکانی قـەل خۆرکـە بـوون. دایـە دەیگـوت: کـە منـداڵ بـووە، زۆر شـەیتانی کـردووە، چۆتـە سـەر داران بۆ ئەوەی فەرخە قەل بێنێتە خـوارێ، قـەل تێـی وڕووکاونو چاویان دەرهێناوە. بەڵام (شەفیعە کوێر) بە خوریکە کوێر ببوو.

پاش لافاو، دەچووین لـە نـاو چـەوی ڕەش دەگـەڕاین، پارەمـان دەدۆزییـەوە، کەوچـكو پـاتری شـکاومان دەدۆزییـەوە. یـەك جـاریش، ئـاو دوکـانێکی چاویلکەسازی لە ناو بازاڕ بردبوو، چەند تاکە چاوێکمان دۆزییـەوە. ڕۆژێ، پاترییـەکمان دۆزییـەوە وێنـەی ژنێکـی جوانی لـە سـەر بـوو. باوکمـان هـەر کاتێ کە تەماشای دەکرد، بە دزی تەماشای نەنەی دەکردو هێدی، بە جۆرێ کە نەنە گوێی لێ نەبێ، دەیگوت:

- هووم!! دونیا شتی چەند جوانی تێدایە!!

پاشان پاترییەکەی بۆن دەکردو دەیگوت:

- ئەخ ئەخ! پف !! لەعنەت لە کارو کردەوەت!!

پاترییەکـەی فـڕێ دەدا، بـەڵام ڕۆژانـی پاشـی دووبـارە دەسـتی بـەم کـارە دەکردەوە.

شووشەی ناو چەوەکە دەستو پێی دەبڕین. خۆڵەمێشی تـوونی حـەمامان دەڕشـتە سـەر لێـوی ئاشـوورا. بـە هێـدی دەهـاتین ئـەو خۆڵەمێـشەمان بـە برینەکەمان وەر دەکرد.

ئاومـان لـەو چـاویلکانە دەخـواردەوە کـە لـە کـەناری ئاشـوورا لێیـان دەدا. دەچووینە لای خۆڵەمێشی گەرم، تێکمان وەردەداو تەماشای ڕەنگـی سـووری ئاگرینو سەوزی جوانی لاستیکی سووتاومان دەکرد.

بە هێدی دەچووین نانمان لە ماڵەوە دەدزی. لە ناوپیستێری شەڵوارمان دەنا بـۆ ئـەوەی نەنـە بەسـەر دانەیەتـەوە بمـانبینێ. کـە لـە ژوورەوە دەهاتینـە



Scanned with CamScanner

دەمرێ، بە ئازادی دەستمان با دەدا، یانی ها هیچمان نەبردووە. بەڵام خۆمان نەدەجوولاندەوە نەوەك نانەکە بکەوێ.

نەنە ئەگەر بیدیبایە، بە نوقورچە ناو رانی شین دەکردین. هاواری دەکردو سەری خۆی لە دیوار دەدا. لە ژوورەوە دادەنیشت. دەستی لە ئەژنۆی وەردەهێنا. خۆی بە لای راستەو چەپەدا دەهەژاندەوەو دەکرووزایەوەو دەیگوت:

-کزۆڵەی بن دیواران خۆم!!بەدبەختو هەش بە سەر خۆم!! لە گۆڕی ئەو کەسە بڕیم کە بە مێردی دام. یاخوا، رۆڵەڕۆتان بۆ بکەم!!

مەمکی خۆی دەگرتوو بەرزی دەکردەوەو هاواری دەکرد:

- تا رۆژی قیامەت شیرم پێتان حەڵاڵ نەبێ!!

ئەکبەر لەم جۆرە کاتانەدا، لووتی دادەژەندو بە تووڕەیی دەیگوت:

- بریا بکرایە ئینسان هەر نان نەخوا. بۆ ئەوەی نەنە کەیفخۆش بێ.

منیش دەمگوت:

- ئاخر نابێ، ئەو حەلە دەمرین!

ئەکبەر دەیگوت:

- باشتریش، لە دەست نەنە دەحەساینەوە.

نەنە کە ئێمەی بە بێزاری و کەساسی لە بن دیواردا دەدی، سکی پێ دەسووتاین، دەگریاو دەیگوت:

- رۆڵە، ئاخر بۆ ئەزیەتم دەدەن؟ ئاخر شەو، چ جوابی ئەو دەویت باوکە بدەمەوە؟

ئەو دەویت باوکە، باوکمان بوو. ئێمەش لەگەڵ دایەدا دەستمان بە گریان دەکرد.



Scanned with CamScanner

هەر کاتێ منداڵێکی کۆڵانەکەمان دەمرد، دایە تا چەند رۆژ، تووکو نەفرەتی لێ نەدەکردین. بگرە ماچی دەکردین، دەیگرتینە باوەشو خۆی بە قوربان دەکردین. رووی دەکردە ئاسمانو دەیگوت:

- رۆڵە، بەلاگێڕتان بم. ئازیزەکانم!!

بەڵام کە یەکەمین پاروومان لە ناو مەنجەڵ دەرفاند، دەستی بە نەفرەتو هاوار دەکردەوە.

هێلکەمان لە ناو زوخاڵدان دەدزی، دەمانهێنا لە ناو خۆڵەمێشی گەرمی توونی حەمامەمان دەنا بۆ ئەوەی ببرژێ. هەندێ جار هێلکەکە لە بن مشکییەکە دەتەقیو مشکی بە دەم و چاوو گەروومانـدا دەپرژاند. ئەگەر دەستمان بکەوتایە، بەهێو چەوەندەریشمان لە بن خۆڵەمێش دەناو بە برژاویو نەبرژاوی لە دەست یەکترمان دەرفاند.

ئاشوورا بە بۆنی ئاودەستەکان دەیگرتینە باوەش. لەسەر ئەو بۆرییە ئاسنانەی ئاوی بۆ خانووە کەرپووچەکان دەبرد، بەم لاو بەو لادا، رامان دەکردو پێشبڕکێمان دەکرد.

(زیخم لە مستت)مان دەکرد. بە بەرد کولانەمان بۆ سەگی بەرەلاو پشیلەی بێ ئەنوا دروست دەکرد. لە دەوری (شەفە کوێر) دادەنیشتین و گوێمان دەدایە گۆرانییەکانی.

شەو بە دەمو چاوی تۆزو خۆڵاویو بە دەستی شەقار شەقارو خوێناوی خۆمان دەخزاندەوە ماڵی چۆڵو هۆڵ. نەنە لە دیار لالە هەڵتووتا بوو، بە دوودڵی سلاومان دەکرد. دەترساین نەوەك سەری لە تریانی نان دابێ. کە چاوی بە دەستمان دەکەوت، بە سیمایەکی میهرەبان، بەڵام بە رقەوەوە دەیگوت:



Scanned with CamScanner

- وای له خۆمان بەدبەختیّ!! هەرچی پارەمان هەیە دەبیّ بۆ دەستی ئێوە بیدەین بە وازەلین. بوون بە عەمەلەی قەزوین، لە سبەینیّ تا ئێواریّ ئیش دەکەن‌و ئێواریش هیچمان نییە.

لافاو خەتی لەسەر دیواری ژووروکەمان دەکێشا. باوکم دەیزانی پار، یان پێش چەند ساڵێ، لافاو چەند هاتبوو. نیشانەی بە دیوارەوە مابوو. باوکم ئاماژەی بۆ دیوارەکە دەکردو دەیگوت:

- ئەمەش رۆژژمێری دیواری ئێمە!

لافاو دەهات. ئاشوورا پڕ دەبوو. ئاوی ئاودەستەکان وەکوو فیچقە هەڵی دەدا. حەوشەی پڕ دەکرد. بیری پڕ دەکرد. داری رزیوو کاو چەپکە گوڵی پەژمردەی سەرەوەی شاری لە سەر دەست دادەناو دەیهێنایە ژوورەکەمان‌و پێشکەشی دەکردین. بەڵام زمانی نەبوو سەلام بکا.

نیمدەرمان دەپێچایەوە. شەڵوارمان هەڵدەکرد، ناوپیستێرمان تەڕ دەبووو شڵپە شڵپی لێوە دەهات. نەنە چارشێوی لە پشتی گریّ دەداو بە پیّ خواسی لە ناو ئاو هەڵدەلەرزی‌و خێرا خێرا سەلەواتی لیّ دەداو دەیگوت:

ئێستا ئاو دونیا دەبا. تۆفانی نووحە. بەدبەخت‌و ماڵ کامباخ بووین. خودایە سەگی گوناهباری بەر دەرگای تۆم. بەزەییت بەم منداڵانەمدا بێتەوە.

سەری بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی و دەیگوت:

- حەپ حەپ حەپ !! خودایە سەگی روورەشی بەر دەرگای تۆم!!

ئەکبەر شەیتان بوو، سەری بۆ ئاسمان هەڵدەبڕی و دەیگوت:

- میاو میاو میاو!! خودایە فەرخە پشیلەی بەر دەرگای تۆم!!



Scanned with CamScanner

نەنە تووڕە دەبوو، دەیگوت:
- لەوەتی ئێوەی منداڵ سەرتان لە هێلکە جوقاوە، دونیاتان خراپ کردووە. ئاخیر زەمانە!! دەتانەوێ خودا لەوە خراپترمان بە سەر بهێنێ؟ بەخوا ئەگەر ئاگریش لە ئاسمان بباریٚ، هێشتا هەر کەمە.
من دەمزانی ئاو دونیا نابا. ئاو تەنیا خانووە قوڕەکانی دەبرد. من خۆم چەندەها ڕۆژ بە ناو ئاشووراد،ا تا ئەو سەری شار چووبووم. ئاو خانووی بەردو کەرپووچی نەدەبرد.
کە لافاو دەنیشتەوە، کۆنە کاغەزمان لە کۆڵانان کۆ دەکردەوەو لەناو ژووری تەڕمان دەپەستاو ئاگرمان تێ بەر دەدا. دەرگامان دادەخست بۆ ئەوەی ژوورەکە گەرمو وشک بێتەوە. ئینجا دەچووینە لای هاوسێکانی نهۆمی سەرەوە کە ئاو نەیدەگرتنەوە. نانو هەر چییەکی هەمانبوو دەمانهاویشتە سەر یەكو بە یەکەوە دەمانخوارد. ئەوان باوکیان حەمباڵ بوو، باوکمان لەگەڵ باوکی ئەوان دادەنیشتو هەردووکیان باسی بێکاریو ڕۆژگاریان دەکرد. باوکم باوەشی لە مەقەڵەکەی ئەوان وەردەهێنا. بەردەوام بەڵغەمی سنگی فڕێ دەدایە ناو خۆڵەمێشی لێوی مەقەڵەکەو خۆڵەمێشی بە سەردا دەکرد. نەنە بە هێدی ورتە ورتە دەکرد:
- دەك بە کفتەت دەبێ:خوایە! مەقەڵەی خەڵکت پڕ تفو بەڵغەم کردا بەدبەختە سنگێشەی هەیە.
لەگەڵ ژنی دراوسێکە کلاشیان دەچنیو دەردەدڵییان دەکرد.
من و ئەکبەر قومچانەمان لەگەڵ کچی دراوسێکە دەکرد. کچە بۆنێکی خۆشی لە بن هەنگڵ دەهاتو پشتی نینۆکەکانی لەبەر کلاش چنین شەقار شەقار ببوو.

بۆ نووستن دەچووینە خوارەوە. کاغەزە سووتاوەکانمان دەردەهێناو لەسەر عەردی گەرم دەخەوتین. هەندێ جار ژوورەکە خراپ دەبوو. بانەکەی دادەتەپی. لەو جۆرە کاتانەدا، تا چەند رۆژێك لە کۆڵانەکانی هەر دوو بەری ئاشووورادا، بە دوای ژوورێکی کرێدا دەگەڕاین. دایەو بابە هەر یەکە قەیاسەك کەل‌و پەلی بە دەستەوە بوو، سەریان بە ماڵاندا دەکرد. نەنە چارشێوی دەهێنایەوە سەر دەم‌و چاوی. سەری لە درزی دەرگای حەوشەوە دەبردە ژووریٚ‌و بە ئاوازێکی پڕ سۆز بانگی دەکرد:

- باجی، توخودا ژووری چۆڵتان نییە؟ خوا خێرتان بنووسیٚ.

باوکم لەو کاتانەدا، ئومێدی لە سیمادا دەردەکەوت‌و هەناسەی لە سنگی رادەگرت. چاوەڕێی وەڵامی دەکرد. ئێمەیش دڵمان دەکەوتە خورپە خورپ. بە چاوی ماندوو سەیری دەرو دیواری ماڵەکەمان دەکرد.بەڵام بە زۆری دەنگیٚ لە ناو حەوشەوە، وەڵامی دەدایەوە:

- نا. خوشکیٚ! ژووری چۆڵ لە کویٚ بوو. ئەوە سەد کەس بیٚ! ئاخر ئێمەیش موسلمانین. ئیش‌و کارمان هەیە.

دایە لچی شۆڕ دەبووەوە. لووتی بە چمکی چارشێوەکەی دەسڕییەوە. بابە سەری دادەنەواندو تفی روو دەکردە سەر زەوی‌و دەیگوت:

- تف لە گۆڕی مەزەبت!

پەلاماری من‌و ئەکبەری دەداو دەیگوت:

- کۆندەبۆینە!! بەدیوومینە!

ئێمەش رامان دەکرد. بەڵام دووبارە، دوورو نزیك، دوا بە دوایاندا دەڕۆیشتین.

لافاو تەواو دەبوو. ئاشوورا دووبارە ژیانی تێدا دەگەڕا. دووبارە پیرە سەگ لە کەلێن‌و قوژبنەکاندا سەریان دەردەهێنا. منداڵ‌و پیرەمێردو



Scanned with CamScanner

پیرەژن کیسەی گەورەیان بە ملیانەوە دەکردو بە دوای خواردندا چەوی ڕەشیان هەلگێڕو وەرگێر دەکرد. گوونی پڕ فەرخە پشیلەیان لەسەر گووفەکان بە گۆڕێ وەردەکردو ئێمە دەمانبردنەوە ماڵێ. مراوی بە قاژە قاژ خێرا خێرا دڵداریيان دەکرد بۆ ئەوەی کەنارەکانی ئاشوورا پڕ فەرخەی زەردو جوان بکەن.

هەموو ئێواران، (شەفە کوێر) شمشاڵەکەی دەخستە بن هەنگڵیو دەچووەوە ماڵێ و ئاشوورای بە چۆڵو هۆڵو تەنیایی جێ دەهێشت.

★ ★ ★

## (٢)

# دوو ماسی ناو نوقلّدان

پاش نیوەڕۆی پێنج شەممە بوو. وەکوو هەموو پێنج شەموان ڕۆژێکی کپ و دلگیرو نەختێ خۆشیی پشووی هەینی بە دەمەوە بوو. ئاخرو ئۆخری پایز بوو. زوور هێشتا نمی هەبوو. حەفتەی پێشوو، لافاو هاتبوو. بابە لە ژێر کورسوو خەوتبوو.

هەتاو لەسەر لێوی دیواری قوڕی حەوشە خەریك بوو ڕەنگی کاڵ دەبوودوە. حەزم دەکرد هەتاو نەڕوا. هەرگیز نەڕواو مەشقەکانم لە خۆوە بنووسرێن و بابە هەر لە خەودا بێ و بە ئاگا نەیە. چونکە کە لە خەو هەڵدەستا، بیانوویەکی دەگرت و لێی دەداین.

ترسی شەممەم لە دڵدا بوو. ئەم هەموو مەشق و خشتەی لێکدان و ماموستای غەددارو دەنگی ماستفرۆشی دەستگێڕی کۆڵانان. بۆچی کەس



Scanned with CamScanner

نەبوو برادەرمان بێ؟ با، هەبوو. برادەرمان ئەو فەرخە پشیلانە بوون کە شەو بە دزی دەمانبردنە ناو جێی خۆمان. دەستیان دەلستینەوەو خورەخوڕیان بۆ دەکردین، بەڵام هەر غافڵ باین، دەچوون قەپیان لە قاچی بابە دەداو دەیانلستەوە، بابەیش فڕێی دەدانە ناو حەوشە.

بە ورینگە ورینگ شیعری (منداڵی هەتیو)ی گۆزە شکاوم دەگوت. چۆلەکەکەمم بیر کەوتەوە چەند رۆژێك بوو مرد بوو. کە لە قوتابخانە هاتمەوە، مرد. لەوانەیە دوای خستبێ تا من لە قوتابخانە دێمەوە، ئەو کاتە بمرێ. کە من هاتمەوە کز ببوو. لاقم راکێشا نەهات. چوومە لایەوە سەری خستە سەر زەویو مرد.

خۆر هەڵدەهات. ئەگەر بچووبامە ناو ئاشوورا، خۆرم دەدی هێشتا لەسەر دیواری نانەواخانە هەڵنەکشا بوو. تاقەتی چوونە دەرەوەم نەبوو. کورسوو بە خۆیەوە دەچەسپاندم. باوکم پرخە پرخی بوو. برسی بووم. بەڵام نەنە منو ئەکبەری سوێند دابوو دەست لە نان نەدەین. نەنە بە پاڕانەوە پێیدەگوتین:

- بە پیر! بە پێغەمبەر! پارەم نییە دیسان نان بکڕم.

ئینجا دەیگوت:

- بڵێن: بە ئیمام رەزا نان ناخۆین.

ئێمەش لە تەك تریانی نان دەوەستاینو بە یەکەوە دەمانگوت:

- بە ئیمام رەزا، بە گیانی نەنە، نان ناخۆین.

نەنە دەچووە بازاڕی کلووچەکەران بۆ ئەوەی ئەو کڵاشانەی چنی بووی، بیانداتەوە بە خاوەن کارەکەو بە هەقدەستەکەی، لە رێگای گەڕانەوەدا، کەلەپاچە بۆ شەو بکڕێ. ئەگەر دوکانی خاوەن کارەکە داخرابایە، نەنە زۆری خەفەت دەخوارد. تا دەگەیشتەوە ماڵێ هەر دەگریا.



Scanned with CamScanner

ڕۆژنامەیەك لە سەر دەرگا درابوو. ڕۆژنامەکە وێنەی سێ منداڵی لەسەر بوو ورچێکی زلیان لە باوەش گرتبوو. ورچەکە زۆر خەپەو جوان بوو.
دووبارە شیعری (منداڵی هەتیو)م بیر کەوتەوە، وێنەی لەسەر کتێبەکەمان کرابوو، دڵم تەنگ بوو. شتێ لە ناو گەرووم هەڵکشاو داکشا. لە گەرووم بەرز بووەوە. هاتە ناو دەمو چاوو ناو چاوەکانم. لە چاوەکانم هاتە دەرەوەو دەم و چاوی گەرم کردم. بە پشتی دەستم دەمو چاوم سڕییەوە. فرمێسکی سوێر چووە ناو قەڵشی پشتە دەستمو زووراندییەوە.
لایەکی دەرگا کرایەوە. ئەکبەر سەری هێنایە ژوورەوەو لە سەر نووکی پێ خزییە ژوورەوە. سەری لە بنا گوێم ناو بە پستە پست گوتی:
- دوو ماسی بچکۆڵە هاتوونەتە ناو کانیلکەی لێوی ئاشوورا. دێی بچین بیانگرین؟
بەبێ حەوسەڵەیی گوتم: دەچین با بچین. لە سەرەخۆ، بابە بە خەبەر نەیەت.
کە تەکانم دایە خۆم، کورسوو جیڕە جیڕێکی توندی لێوە هات. باوکم پرخە پرخی بڕا. منو ئەکبەر هەناسەمان لە سینگ وەستا. بابە کەلەکەی گۆڕیو بە پچڕ پچڕی هاواری کرد:
- خودایە لە غەزەبی خۆتمان دوور خەیتەوە!
هەر بەو دەقە دانیشتینو چاومان بڕییە سەر کورسوو. کورسوو پەرگە کڵاشێكو شووژنێکی لەسەر بوو. بابە دەستی بە پرخە پرخ کردەوە.
لەسەر نووکی پێ ڕۆیشتمو نوقڵدانە بچووکەکەم لەسەر تەقچکە هێنا. نوقڵدانەکە گەرۆمەی تەقی بوو.لە ناو ئاشوورا دۆزیبوومەوە. لەگەڵ ئەکبەر چووین. کە گەیشتینە سەر کانیلکەکە، ماسییەکان نەمابوون. نارەحەت بووم. بە ئەکبەرم گوت:



Scanned with CamScanner

- کوا؟ دیسان درۆت کرد، هەی ناجسن!

ئەکبەر گوتی:

- ناجسن خۆتی! هەڵبەت چوونەتە بن قوڕو لیتە.

دەستم بردە بن قوڕو لیتەو گەڕام. ماسییەکی بن زگ زەرد بازرەقەی دا.

ئەکبەر بە شادومانی گوتی:

- وەی ئیمامی زەمان! ئەوەتان!!

نوقڵدانەکەمان پڕ ئاو کرد. بە دوو قۆڵی هەوڵمان دا ماسییەکانمان گرت. هەتاو گەیشتبووە سەر لێوی بانی نانەواخانە. دەستمان لەبەر سەرماو سۆڵەی ئێوارە تەزی بوو.

هێدی هاتینە ژوورەوە. نەنە نەهاتبووەوە. ژوورەوە نەختێ تاریک داهاتبوو. بابە هێشتا هەر پرخە پرخی بوو. منداڵەکانی سەر رۆژنامەکە نەمابوون. بە هێواشی چووینە بن کورسوو. لەسەر زگ درێژ بووین‌و نوقڵدانەکەمان لە بەر دەمی خۆمان دانا.

ماسییەکان بە چاوی داپچڕاوەوە تەماشایان دەکردین. ئەکبەر دەستی برد نوقڵدانەکەی راکێشایە پێش خۆی. منیش رامکێشایەوە پێش خۆم.

ئەکبەر بە زمانلووسی گوتی:

- هی خۆمە، ها!

منیش بە رەنجانەوە گوتم:

- نوقڵدانەکە هی منە. منیش بۆم گرتووی.

بە توندی گوتی:

- هی خۆمە! هی خۆمە! یەکەم جار من دۆزیمەوە.

بە هێدی گوتم:

- ئەی نوقڵدانی من؟



Scanned with CamScanner

گوتی:

- ئێستا دەچم کاسە دێنم.

ویستی هەڵسێ پێی بە ئاگری بچووکی ژێر کورسوو کەوت.

باوکم پرخە پرخەکەی نەما. لە نارەحەتییان لێوی ئەکبەرم گرت. لێوی نەرمو بی خوێن بوو. رامگوشیو لە رقان لەرزیم.

ئەکبەر زیرەیەکی نزمی لێوە هات:

- ئای، ئای!!

ماسییەکان بێ دەنگ بوون، هەر ئاویان دەخواردەوە.

کورسوو جوولایەوە. باوکمان لەسەر سەرمان وەستا بوو. چاوی وەکوو چاوی ماسی لێ هاتبوو. لە ترسان چووینە ژێر کورسوو. لە ژێرەوە توند لیفەکەمان گرت. لە سەر لێفەکەوە دوو مستمان بە کەللە کەوت. لێفەکەمان بەرداو تێمان تەقاند، بە زریکاندن دەرپەڕینە دەرێ.

نوقڵدانەکە لە دەست باوکم بوو. دەرگای کردەوەو فڕێی دایە ناو حەوشە. ماسییەکان لەسەر زەوی کەوتنە پەلەقاژە. قەلێك لە سەر بانەوە کردی بە قغە قغ. هات، پڕی دایە ماسییەکانو بردی.

لە دوورەوە هەورێکی رەش بەری ئاسمانی گرتبوو. لە تاریکی؟، لە سەر پلەکانی سەربان هەڵتووتابووین. پستە پستی پڕ رقو ڤینمان دڵی تاریکی شەق دەکرد.

- سووچی تۆ بوو.

- سووچی تۆ بوو.

- سووچی تۆ بوو.

- سووچی تۆ بوو.

دڵم دەگوشرا. لە ئاشوورا قریوەی تووڵە سەگی لێدان خواردوو دەهات. نەنە نەهاتبوودوە. لەوانەیە دوکانی خاوەن کاردکەی داخرابێ‌و ئەویش هێشتا لە پێش دوکانەکە دانیشتبێ‌و چاوەڕێ بکا.

* * *

# (٣)

# کەمانچە

شەوان، خاڵۆ (مووسا) کتێبە کۆنەکەی دەهێنا. چاویلکەی بادامیو شکاوی لە چاو دەکردو بە گریان دەستی بە خوێندنەوە دەکرد.
داییزە، دادە گەورەمان، بابەیش دەگریان. مامە پیرە، کە مێردی داییزە بوو، هەمیشە نوێژی دەکرد. لە نوێژ کردندا دەگریاو فرمێسک بە سەر ریشی سپیدا دەهاتە خوارێ. هەر کەسێ نەگریایە بابە بە مست لە سەرکی دەدات. بەڵام لە خاڵۆ (مووسا)و داییزەو مامە پیرەی نەدەدا. دەشێ لەبەر ئەوە بێ ئەوان باش دەگریان، لەوانەیشە لێیان ترسا بێ.
خاوەنی پیری خانووەکە سەعات بە سەعات دەهات سەری لە ژوورەکەمان هەڵدەکێشا. سەری لە هەر هەموو ژوورەکان هەڵدەکێشا. کە ئەو دەهات،



Scanned with CamScanner

ئێمە هەمووومان باش دەگریاین. بابە وای دەگوت، بۆ ئەوەی خاوەن خانووەکە کەیفی پێ بێ‌و بۆ ئەو کرێیانەی لە سەرمان مابوو، تەنگاومان نەکا.

خاوەنی خانووەکە پێی ناخۆش نەبوو ئێمە هەمیشە بگرین، تازیەبار بین‌و موسیبەت نامە بخوێنینەوە، چونکە بە مەوە، خەریك دەبووین. ئیتر کەس داوای لێ نەدەکرد بان سواخ بدا، یان بۆڕی ئاومان بۆ رابکێشێ.

باوکم ئەوەندە لە سەری نەنەی دەدا، نەنە خوار چاوەکانی شین هەلگەڕا بوو.

کتێبەکە ناوی ئەکبەرو ئەسغەریشی تێدا بوو. کە ناوی ئەکبەرو ئەسغەر دەهات، ئەکبەرو ئەسغەر لە گریان کڕ دەبوونەوەو مات دەبوون. بە ترسەوە چاویان دەبڕییە دەمی خاڵۆ (مووسا). بەڵام بابە بە مست دەیهێنانەوە سەرخۆ بۆ ئەوەی بگریەن.

کتێبەکە هەمووی باسی کوشت‌و کوشتار بوو. زۆرداریی بوو. ئاگرو سووتان بوو. گریەو زاری خوشك‌و برایان بوو. هەمیشە کارو پیشەمان گریان بوو. کاتی تازیە، ئەوە تازیەدار بووین، کاتی جەژنیش هەر تازیەدار بووین.

هەندێ کات ئەکبەرو ئەسغەر باش دەگریان. ئەویش ئەو شەوانە بوو کە لە وانەکان کەوتبوون. بابە پێی خۆش بوو بەڵام بە تووڕەیی‌و بە چاوی سوور چاوی لە من زەق دەکردەوەو دەیگوت:

- دەك بە قوربانی ئەمانە بی!! ئاخر حەرامزادە تۆ بۆ ناگریت؟!

من لە دڵی خۆمدا دەمگوت:

- ئاخر ئەمن دەرچوویم.

مامە پیرە دەیگوت:



Scanned with CamScanner

- بێ شك له فكری سیم نما دایه. سیم نما گریانی له بیر خەڵك بردۆتەوە. بەخوا ئەمەیە كەری دەجاڵ !.

من بە درۆ، ئهوو ئهووم دەكرد.

كتێبەكە ناوی ئیمام حوسێنیشی تێدا بوو. كە ناوی ئیمام حوسێن دەهات، من هەمیشە لە ناخی دڵەوە دەگریام. بە من بوایە شمشیرێكم هەبێو دوژمنەكانی ئیمام حوسێنم بكوژم. دڵم دەگوشراو گەرووم دەگیراو (یار محەمەد)م دەهاتەوە بیر كە رۆژێ، كۆمەڵێك تێی وەرهاتنو ئەویش ئاوقایان بوو. كتێبەكانی كەوتنە ناو قورو لیتەو پەرتو بڵاو بوونەوە. خوێن لە گوێیەكانی هاتو بردیان. بابەو خاڵۆ (مووسا)یش لەوێ بوون، بەڵام هیچیان نەگوت. بگرە مامە (رەجەب) بەقاڵیش، كە رۆژەكانی عاشوورا دەبوو بە ئیمام حوسێن، هیچی نەگوت. من لە ترسان خۆم لە پشت ئەوان شاردەوە.

شەو، كە هەموو شەكەت دەبووین، دەچووینەوەو هەر یەكە لە قوژبنیك دەخەوتین. بابە لە خەویشدا هەر دەگریا.

حەفتەی یەك سەعات سروودمان هەبوو. مامۆستای سروود دەهات، كەمانچەی لە ناو بەری پاڵتۆكەی دەردەهێنا كە وەكوو گیرفانی لێ كردبوو. كەمانچەكەی وا دەشاردەوە دەتگوت تفەنگە. یەكەم جار ئاوازی ئێرانی لێ دەدا. بەڵام لە پڕ دەچووە سەر ئاوازێكی غەمناك. هەمیشە ئەمە كاری بوو. شووشە ئارەقێكیشی لە ناو بەری لای راستەی پاڵتۆكەی بوو.

لە كاتی دەرزدا، دەچووە ئاودەستو دەیخواردەوە. كە دەڕۆیشت، ئێمە دەمانكردە هەراو زەنا. هەر كەسە پارچە تیغێكی هەبوو بە لێوی لاتەختەی دادەهێناو دەنگی سیڕە سیڕو ویزەویز بەرز دەبووەوە.

مامۆستای سروود، که به چاوسووری دەهاتەوە، هەموو بێ دەنگ دەبووین.

دەیگوت:

- کۆمەڵێ منداڵە حەمباڵ لەم پۆلەدا هەن، دەنگە دەنگ دەکەن...

بەڵام لە پڕ لە قسەکەی خۆی پەشیمان دەبووەوەو خێرا دەیگوت:

- بەڵام بێ گومان کۆمەڵێ کوڕە نەجیبزادەش هەن هیچ دەنگەدەنگ ناکەن‌و بە هێمنی دادەنیشن.

کەمانجەکەی دەخستە ژێر چەناگەو هێدی هێدی کەوانی پێدا دەهێنا. ئێمە هەموو گیانمان دەبوو بە گوێ. ئەویش هەر لێی دەداو لێی دەدا تا فرمێسکی لە چاو دەهات. ئەو حەلە کەمانجەکەی لە ناو بەری پاڵتۆکەی دەنایەوە. ڕێی خۆی دەگرت‌و دەڕۆیشت‌و پۆل پڕ دەبوو لە سیڕەسیڕو ژاوەژاو.

چاودێری پۆلیش بە دوو ئەنگوست لووتی خۆی دەگرت‌و بە قەلەم دارێک لێی دەداو دەنگێکی دەردەهێنا، دەبوو بە قیامەت.

+ + +

شەوان خەونم بە کەمانجەوە دەدی. ئای ئاوازی چەند خۆشم لێ دەدا؟! بەڵام بەیانی کە هەڵدەستام، دەمدی جیکەجیکی چۆلەکەو گیزەگیزی سەماوەرە هاتۆتە خەونم. بە دارو بزمارو چەند تاڵە سیمێك شتێکم دروست کردو بە دزی ماڵەوە، خەریکی مەشق کردن بووم. بەڵام نەبوو!! ئەکبەرو ئەسغەرم ڕازی کرد. ڕێك کەوتین پارەکەمان کۆکەینەوە سەر یەك. لەبەر ئەوەی پەلەمان بووو پارەمان کەم بوو، دزیمان دەکرد. کە دەچووین شتێ بکڕین، هەندێ لە پارەکەیمان دەگێڕایەوە. جارێکیان، ئەکبەر لە باتی سێ قران، بایی دوو قران نەفتی کڕی بوو. بە قەدەر بایی



Scanned with CamScanner

قڕانێك میزی کردبووە ناو شووشەکە. نەنە، کە نەفتی لە پرێمز کرد، هەر چەندە شخارتەی لێدا، دانەگیرسا. قیڕاندی:

- سەگ باوکی بێ دینینە، ئاو لە ناو نەفتیش دەکەن.

لە پارەی مۆمی سەقاخانە هەندێکمان گێڕایەوە. گۆپاڵی خاوەن خانووشمان بە دزی فرۆشت. تا بوو بە پارەی کەمانجەیەکی نیمداشتو رزیو.

+ + +

نەنە لە حەوشە جلی دەشووشت. هەینی بوو. مامە پیرە لە بن دیوار لەبەر هەتاوی پایز قورئانی دەخوێند. داییزە قەیتانی لە گۆرەوییە کۆنەکەی دەدا. تەنیا ساقەکەی مابوو. دراوسێکانی تریش هەر یەکە لە سووچێك دانیشتبوو، قسەیان دەکرد.

چوومە ژوورەوە. هێدی بەرماڵی نوێژی نەنەم هەلگرت. بردمە دەرەوەو لە ماڵی یەکێ لە منداڵەکان کەمانجەکەم هەلگرتو لە بەرماڵەکەم پێچاو هێنامە ماڵەوە. لە ناو هەگبەی کتێبەکانی خۆم دامناو سەرم بە کتێب داپۆشی.

لەگەڵ ئەکبەرو ئەسغەر بە نۆرە لە نزیك دەرگای ژوورەوە ئێشکمان دەگرتو ئەگەر کەس نەبایە، دەچووین سەرمان دەبردە ناو هەگبەکەو پەنجەمان لە ژێیەکان دەداو کەمانجەکە درنگ درنگ دەنگی لێوە دەهات. ئای چەندمان کەیف پێ دەهات!! ئەگەر یەکێکمان دووبارە دەستی لێ بدایە، دەمانگرتو لێمان دەدا.

+ + +

خاڵۆ (مووسا) موسیبەتنامەی دەخوێندەوە. مامە پیرە باوەشی لە مەقەڵە وەرهێنا بوو. نەنە لە چمکی چارشێوەکەی فنی دەکرد.. منو ئەکبەرو ئەسغەر لە دەوری لالە دانیشتبووین. بابەیش لە نزیك ئێمەوە دانیشتبوو.



Scanned with CamScanner

هەر کاتێ خالۆ دەیخوێندەوە، بۆ نموونە دەیگوت: "شمشێری لە تەوقی سەری ئەو مەلعوونە دا" بابە مستی لە ئێمە قیت دەکردەوە. ئەسغەر ئهوو ئهووی گریان و مفە مفی بوو.

بێ دەنگ دەبووین بۆ ئەوەی چا بخۆینەوە. مامە پیرە هەندێ جار پرسیارێکی دەکرد. ئەو شەوەش دەستی بە ریشی داهێنا. پەنجەی بۆ گۆزەی تەنیشت ژوورەوە درێژ کردو گوتی:

- با وا دابنێین من دەستم گلاوە. ئەگەر دەست لە دەرەوەی ئەم گۆزەیە بدەم، ئایا ئاوەکەی ناوی گلاو دەبی یان نا؟

هەمووما لە فکر راچووین. ئەکبەر سیمایەکی وای بە خۆیەوە گرت دەتگوت دەیەوێ پرسیاری سێ فیچقەو چوار زێراب حەل بکا. هەمووما بێ دەنگ بووین. دەرفەتەکەم قۆزتەوەو هێدی دەستم بردە ناو هەگبەکە بۆ ئەوی کتێبێك دەربێنم. بەڵام لە پڕ:

- درنگ درنگ! درنگ درنگ!!

هەموو روویان کردە من.

بابە گوتی:

- ئەوە چ بوو؟

مامە پیرە گوتی:

- دەنگی کفر هات.

داییزە گوتی:

- بەدبەختو ئاوارە بووین.

خالۆ (مووسا) عەینەکی لە چاوی کردەوەو گوتی:

- ئەوە دەنگی چ بوو؟

نەنە بە نیگەرانی گوتی:



Scanned with CamScanner

- یا ئیمامی حوسێن!!

مامە پیرە وازی لە مەقەڵەکە هێناو هەستایەوە. من ڕەنگم لە روو پەڕی. ئەکبەرو ئەسغەر دەلەرزین. هەموو لە دەورم کۆبوونەوە. مامە پیرە هاتە نزیک هەگبەکە. هەموو ملیان هەڵکێشا بوو. مامە پیرە هێدی زارکی هەگبەکەی کردەوە. هەموو بە یەکەوە گوتیان:

- کەمانچە!!

مامە پیرە ویستی دەری بێنێ، بەڵام پەشیمان بووەوە. لەوانەیە بیری کردبێتەوە دەستی ئاوەگڵ دەبێ. بە منی گوت:

- دەری بێنە. دەی دەری بێنە، لۆتی. کەشخەی ماڵ ڕەنگین!!

وەکوو جەنازەی ئازیزێک دەرم هێنا. لەسەر دەستم بوو، قۆڵی باوکم بە ژێبەکانی کەوت:

- درنگ درنگ!!

مامە پیرە گوتی:

- هێواش، ماڵمان کاول بوو. فریشتە هەموو لەسەر بان هەڵاتن.

بابە گوتی:

- نانی بڕین.

خاڵۆ (مووسا) گوتی:

- خۆمان بووینە سەبەبکاری بەدبەختیی حۆمان.

داییزە گوتی:

- مێروو خۆی خاك بە سەری خۆی دادەکا. ئێستا ماڵمان پڕ ئەجندە بووە.

- نەنە رووی کردە من و لە کاتێکا، لە ترسان لووتی داژەند بوو، بە دڵسۆزی گوتی:

- رۆڵە ! ئەم مایەی شەڕە چی بوو هێناتانە ئەم ماڵە؟



Scanned with CamScanner

هەراو هۆریا بوو. لە پڕ مامە پیرە گوتی:

- وس س س!! ئەگەر خاوەن ماڵ هەست پێ بکا، سبەینێ جل‌و جۆڕمان لە کۆڵانێیە. بە هەر جۆرێ بێ، دەبێ لە ناوی بەرین.

+ + +

بەیانی زوو، مامە پیرە کەمانجەکەی لە بن عەبای ناو کەوانەکەی لە ناو بەری پاڵتۆکەی نا. دوعایەکی حوێندو بە دەوری خۆیدا خولی خواردەوەو لە ماڵەوە چووە دەرێ. ئەو شەوە هەمووومان لێدانمان خوارد. من خوار چاوم بە قەدەر یەك گوێز شین هەڵگەڕا بوو. هەروەها ئەکبەرو ئەسغەریش. ئەسغەر تا سبەینێ دوو جار کەپووی داڕسا.

باوکم لە دایکیشمی دا. دایکم تا چەند مانگ نەچووە گەرماو نەوەك ژنە دراوسێ لەکە رەشەکانی سەر لەشی ببینن.

هەگبەکە بەتاڵ بوو. بەرامبەر سیمای رەنگ پەڕیوی نەنە هەستم بە شەرمەزاریی

دەکرد. سەماوەری تەنەکە گیزە گیزی بوو. نەنە چای تێ کردو ئێمەیش وەکو سێ فەرخە پشیلەی لێدان خواردوو لەسەر سفرە دانیشتین.
مامە پیرە کەمانجەکەی برد. بەڵام من هەمیشە لە بیری کەمانجەیەکی دیدا بووم.



Scanned with CamScanner

# (٤)

# ماسی و قاز

که نیوەڕۆ داهات، نەنە گوتی:

- بە خودا ئەمڕۆ یەك عەنبارە جلم شووشتووە. دە بتۆپن دەی بۆ ئەوەی منیش نەختێ بخەوم.

هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو، پرخە پرخی لێ هەستا. دەستم دی وەکوو سەڵکە چەوندەری لێ هاتبوو. هەر ئەوەتە لە ژێر چارشێوی هاتبووە دەرێ. گەرما بوو. ئەکبەر خەریك بوو مێرووە ڕەشەکان و مێرووە زەردەکانی تێك بەردەدا. میرووە زەردەکان کافر بوون. مێرووە ڕەشەکان موسلمان بوون. قەت ئازاری مێرووە ڕەشەکانمان نەدەدا.

لەگەڵ عەباس هاوکۆڵان بووین. برادەر بووین. عەباس چاوی خراپ بوو. هەمیشە دەتگوت ئاوی پیوازی کەوتۆتە ناو چاو.



Scanned with CamScanner

عەباس هاتە ماڵمان. هێدی بانگی من و ئەکبەری کرد. دەیەویست چەند دانە ماسی حەوزی تەکیەی بۆ بگرین. ئەوەندە بە ماسییەکانم هەڵگوتبوو، مەراقی گرتبوو.

ئێمە لە حەوشەی دەرەوەی تەکیە، لە سەر لێوی ئاشوورا دانیشتبووین. ماسی گرتن زەحمەت بوو. هەمیشە دوو قاز بە پەڕی وەك بەفرو دەنووك و پێی سوورەوە چاوەدێری حەوز بوون. دایکی سیرووس هەمیشە لە ژوورەکانی سەرەوە چاوەدێری حەوشەی دەکرد.

سیرووس کوڕی قوباد خان بوو. قوباد خان دەوڵەمەند بوو. مەڕێکی زۆری هەبوو. کە ساڵێ، جارێك مەڕەکانیان بۆ ژماردن دەهێنا، لە سبەینێ تا ئێوارێ تەواو نەدەبوو. مەڕەکان لە دەرگای گەورەی تەکیە دەهاتنە ژوورەوە، ئاویان لە حەوزەکە دەخواردەوەو لە دەرگاکەی تر دەچوونە دەرەوە. باوکم دەیگوت قوباد خان یەکەم جار جەلەبچی بوو. پاشان بوو بە گۆشتفرۆش. دوکانەکەی لە بازاڕی مەلا عەباس عەلی بوو. مەڕیشی دەکڕی و دەفرۆشت. چەند شەوێك پێش فرۆشتنی مەڕەکان خوێی دەدانێ، بەڵام تا کاتی فرۆشتن ئاوی نەدەدانێ. ئەوسا ئاوی دەدانێ بۆ ئەوەی بە سەنگ ببن.

سیرووس کە گەورە بوو، دایەنەکەیان کرد بە سەرکاری تەکیە. دایەنەکە ژنێکی خراپ بوو. عیفریت بوو. جوێنی دەدا. دەستی دەوەشاند. نەفرەتی دەکرد. پاشانیش لای قوباد خان شکاتی دەکرد بۆ ئەوەی هەر کەسێ بیویستایە، لە خانوو دەری بکا.

عەباس کە هات، چاوی بە ریپۆق و پاڕانەوە بوو. بە ئەکبەرم گوت:

- با بچین.

ئەکبەر گوتی:

- باشه. ڕاوەستە با ئەم دوو نەفرەتییانە تێك بەر بدەم. ئەوسا.

بە عەباسم گوت:

- نەختێ نانم دەوێ بۆ خافڵاندنی قازەکان. زوو بە تا دایەن خەوتووە.

عەباس چوو لەتە نانێکی هێنا. ئەکبەر دەستی برد هەندێ لە نانەکە بخوا، بەڵام من لێ نەگەڕام.

ئەکبەر چوو جامێکی مسی هێنا.

لەبن دەرگاوە، کە نەختێ لەسەر زەوی بڵند بوو، لەسەر زگ خشاین. حەوشەی تەکیە چۆڵ بوو. خۆر کەوتبووە ناو حەوزو مەلەوانی دەکرد. لەوانەیە خۆریش گەرمای بووبێ. قازەکان لە سووچێکی حەوزەکە سەریان نابووە بن باڵو خەوتبوون.

نانەکەم لە ژێر کراسم دەرهێنا. بە کووڕە کووڕە چوومە لای قازەکان. چاوم بە ژوورەکانی سەرەوەدا گێڕا. دایەنی سیرووس دیار نەبوو. دنیا گەرم بوو. قازەکان، کە گوێیان لە دەنگی پێی من بوو، سەریان دەرهێنا. هەردووکیان ویستیان بکەنە قیڕە قیڕ، من وەستام. نانەکەم بۆ ڕاهەژاندن. هاتن. ملیان خوار کردبووەوە بۆ سەر زەوی و دەنگێکی وەکوو فیشکەیان لە گەروو دەهاتە دەرێ.

ڕامکێشان بۆ پشت کاولی زەینەبییە. بۆ ئەوەی قازەکان لەوێ بخافڵێن. گەڕامەوە. ئەکبەرو عەباسیش هاتن. بە تەك دیواردا تێپەڕین. حەوز ئاوی لەسەر دەڕژایەوە. لە مینای پەنجەرەوە ژووری گەورەی تەکیەم لێ دیار بوو. سەکۆیەکی گەورەی لە ناوەڕاست بوو. فەرشەکانیان پێچابووەوە. زرێو کڵاوخوودەو سوپەرو شمشیری ژەنگاوی بە دیواری بەرامبەرەوە هەڵواسرابوون. ئیمامەکان لە ناو چوارچێوەی وێنە دانیشتبوونو تەماشای



Scanned with CamScanner

دەرەوەیان دەکرد. دەرەوە، کپ و بێ دەنگ بوو. عەلەم سپرینگێکی گەورە سەری دانەواند بوو. بۆ چەند لەحزەیەك ماسییەکانمان لە بیر چووەوە. مانگی محەڕڕەمم بیر کەوتەوە کە دەهاتینە ئێرەو لەناو سینەکوت و زنجیروەشێنەکان پڵاومان دەخواردو لە سەر قەڵەمە ئێسکی پڕ مۆخ بە شەڕ دەهاتین. لات و لەوارەکانی تەویلەو سەر تەپەش دەهاتن. کەوچکیان دەدزی و دوای خواردن، لە بنەوە هێدی بە چەقۆ فەرشەکانیان دەدڕی. ئەو هەموو شەماتەیەو ئەو هەموو هەراو هۆریایە!! ئێستا ئیمامەکان بە تەنیا مابوونەوە.

بە منداڵەکانم گوت:

- دەی وەرن بەسە!

چووینە سەر لێوی حەوزەکە. ماسی ورد ورد خۆیان لە ناو ئاو هەڵدەدایە دەرەوەو دووبارە دەکەتنەوە ناو حەوزەکە. کە نزیك کەوتینەوە، ئاوەکە لەرزی. ئەو ماسیانەی لەسەر ئاو بوون خۆیان نوقووم کردەوە ناو ئاو. بنی ئاوەکە لیتاوی رەش و پیسی تێدا بوو. لە پڕ کۆترەکانی سەر زەینەبییە هەڵفڕین. ترساین. دانیشتین. هیچ نەبوو. پشیلەیەکی رەش بە سەر لیوی باندا تێپەڕی.

دارمێو لە گۆشەیەکی حەوشە لەبەر گەرما کووڕ ببووەوەو بەبێ وەزعی خۆی لەسەر داربەست پان کردبووەوە.

ئەکبەر دەستی بە خواردنی گەڵای سەوز کرد. گەڵاکان ترش و بە تام بوون. بەڵام کاتی خواردن نەبوو. چووم. لەپی ئەکبەرم گرت و رامگوشی. لەبەر ئێش دەمی بەش بووەوە. گریا. دەمی پڕ گەڵای نیمچە جووراو بوو. زمانی سەوز ببوو. بە هێدی هاوارم کرد. گوتم:

- ئێستا کاتی ئیشە، نەك ورگ.

بە دەم گریانەوە گوتی:

- خۆیشت بە هەموو دەمێ هەر دەخۆی.

گوتم: دوای ماسی گرتن، دەخۆین.

دووبـارە چووینەوە سـەر لێوی حەوزەکـە. ژمارەیـەك ماسـی هاتبوونـە نـاو پێشۆرك. چەند کەرپووچێکمان لە خرابە هێناو پێشۆرکمان قەپات کرد.

من لە تەك پێشۆرکە کەرپووچەکە بـووم، عـەباس‌و ئەکبـەر لـەم لاو لـەولا ماسییەکانیان بۆ لای من تاراند.

جامە مسەکەم لە تەنیشت بوو. دوو ماسی جوان بـە هەراسـانی سـەریان لـە کەرپووچـەکان داو چـوونە ژێـر لیتـە. دەسـتم بـردو لـە پـڕ چـەنگێکم لـە لیتەکە دا. یەکێکیان دەرپەڕی‌و لە لێوی پێـشۆرەوە چووەوە نـاو حەوزەکـە. ئەوەی تر دووبارە رایکردەوە لای ئەکبەرو عەباس .

بە پەشۆکاوی گوتم:

- دووبارە دەورەیەکی تر لێدەن.

قۆڵی تەڕم هەڵکرد. قەڵشی دەستم ئاوی کێشا بوو. دەزووریایەوە.

چەند جارێکی تر هەوڵم دا تا دوو ماسی تر هاتن. یـەکێ چووە ژێـر لیتـە. بـە هێواشـی دەسـتم قوچانـدو لـە ژێـرەوە رامکێـشایە لای خـۆم. ماسـییەکە تەکانێکی داو لە دەستم خزی‌و کەوتە سەر زەوی.

ویـستم بیگـرم. پـێم بـە جامـە مـسەکە کـەوت‌و وەکـوو زەنگـی قوتابخانـە زرنگایەوە.

ئەکبەر یەکسەر جامەکەی هەڵگرت‌و پڕ ئـاوی کـرد. ماسـییەکەم فـڕێ دایـە ناو جامەکە. عەباس رەنگی بزڕکا بوو. قازەکان لەگەڵ دەنگی جامەکـەدا لـە نـاو کاولەکـەوە کردیانـە قیڕەقیڕ. یەکـسەر هـەڵاتین. خۆمـان لـە نـاو رارەوی تاریکی ناوەوە شاردەوە. دایەنی سیرووس دەنگی لێ بەرز بووەوە:



Scanned with CamScanner

- ئەوە کێیە؟ ئەوە چییە؟ سەگی سەگبابینە.

ئیتر گوێم لە دەنگی پێی بوو هاتە خوارەوە. تەکییە کش‌و مات بوو. ئیمامەکانم بیر کەوتەوە. ئینجا شمشیرە ژەنگاوییەکان. دایەن بە داردەستێکی زل لە دەوری حەوزەکە دەسووڕایەوە. کەرپووچەکانی دی. تەڕاتی سەر عەردەکەی دی. هێدی بەرەو ڕاڕەوەکە هات. کشاینەوە دواوە. چووینە ناو ئاودەست. مەسینەیەک لە قوژبنێک کەوتبوو. دەرگامان داخست‌و پاڵمان بە یەکترەوە دا.

ماسییەکە جێی تەنگ بوو. لێژ ببووەوە. عەباس تۆقی بوو. هێنکە هێنکی بوو. ئەکبەر گوتی:

- تۆبە، تۆبە، خودایە گیان نەجاتمان بدە.

عەباس بە ترسەوە گوتی:

- ئای چ غەڵەتێکم کرد! ئاخر بڵێ ماسیم بۆ چ بوو؟ ها!؟

- هەناسەمان لە سینە ڕاگرت. دایەن هاتە لای ژوورەوە. دوو قازی لە دوو بوو. سەرنجێکی لەو دەورو بەرە دا. پاشان ڕووی کردە دەرگای ئاودەست‌و گوتی:

- کێ لێرەیە؟ ها؟! کێ لێرەیە، وەرە دەرەوە، هەی بی قیمەت!! تۆو توخماتی ماسییەکانت بڕاندەوە. بەس نییە؟!

عەباس دەستی بە پستەپست کرد:

- با بچینە دەرەوە. با بچینە دەرەوە.

گوتم:

- نا. ئێمەی نەدیوە. بە درۆ وا دەڵێ.

عەباس گوتی:

- نا. دەبێ ڕاکەین. تا نەهاتووە، دەبێ ڕاکەین.



Scanned with CamScanner

گوتم:

- وس بە! نازانیٚ کیٚ لیٚرەیە؟ هەر وا لە خۆیەوە وا دەڵیٚ.

دایەن داردەستە زلەکەی دەستی لە هەوادا با دەدا. من دەترسام. ڕەنگە ئەویش ترسابیٚ نزیك بکەویٚتەوە.

ویستی بگەڕیٚتەوەو بڕوا، لەپڕ عەباس بە زریکژنو هاوار دەرپەڕییە دەریٚ. دایە کەوتە دووی و داردەستەکەی ڕاوەشاندە پشتی. حەوشە پڕ بوو لە دەنگی هاتو هاوارو پاڕانەوەی عەباسو قیڕەقیڕی قازەکان. ئەکبەر گوتی:

- منیش دەڕۆم! دەڕۆم! تۆ تووشت کردین.

بە توندی گوتم:

- سکتر بە! دڵت لیٚدانی دەویٚ؟ دایەن وا دەزانیٚ تەنیا یەك کەس بووە. چ منیش ئیٚوەم تووش نەکردووە. عەباس بوو، دڵی ماسی دەویست. من هەقم چییە!

بە گازاندە گوتی:

- تۆ هیٚناتە ئیٚرە. وا نەبوو؟

گوتم:

- بەڵیٚ. وایە. سووچی من تەنیا ئەوەندە بوو بە عەباسم نەگوت لەوانەیە بگیریٚین.

ئەکبەر بیٚ دەنگ بوو. دایەن بە بۆڵ بۆڵ چووە سەلال بۆ ژوورەکەی خۆی.

داییزە لە حەوشەی دەرەوە هاواری کرد:

- ئای منداڵینە، ئەوە کویٚوە چووبوون؟ وەرن بڕۆن شیرینی بفرۆشن. یاللا ئەکبەر! حەزرەتی عەلی ئەکبەر لە عەردی ساردت را بکا. ئەوە چووبوویتە کویٚ؟



Scanned with CamScanner

هاتینە ژوورەوە. پاشان بە هێدی خشین بۆ حەوشەی تەکیە. لە سەرەخۆ بە پشت شیشەکاندا تێپەڕین. ژووری گەورەی تەکیە بە سەکۆی ناوەڕاستییەوەش کپو بێ دەنگ بوو. چلچراکان لە بەینی زەوی‌و ئاسمان دەستیان لە خۆیان بەردا بوو.
شمشیرە ژەنگ گرتووەکان بەسەر دیوارەوە بوون.
ماسییەکە لە ناو ئاو دەجوولایەوە. بەرە بەری رۆژاوا بوو. هاتینە دەرەوە.
قازەکان لە دوامانەوە کردیانە قیڕەقیڕ.
تەکیە هەر کپ‌و بێ دەنگ بوو. بێ دەنگ‌و چۆڵ.

+ + +

سبەینێ زوو، لەگەڵ تاریك‌و روونی بەیانی، چووینە ناو خەڵوزدان. دایزە لە سەر لیوی حەوز دەست نوێژی دەشووشت. جامەکەم لە ناو زووخاڵدان دانا بوو. دوودڵ بووم، ئایا کە عەباس هات، بیدەمێ یان نا؟ لەوانەیە ئەگەر بهاتبایە، بمدابایە. کە چاوم لە تاریکی راهات، جامەکەم دۆزییەوە. ماسییەکەی تێدا نەبوو. پوولەکەی بریقەدار بە دەوری جامەکە وەر ببوون. هاتمە دەرەوە. دڵم دەگوشراو دەهاتەوە ناو گەروم. سینی شیرینیم رێك خست بۆ فرۆشتن.
کە خۆر بڵند بوو، چوومە کۆڵانێ. سینیم لە بن دیوار داناو دانیشتم:
- هۆی کەکاو! ترش‌و شیرین! بنێشت!!!
کە دەمگوت ترش‌و شیرین، دەمم ئاوی دەکرد. کە ئاوی دەمم قوت دەدا، گریانم لە هەوکێ دەما.
خۆرەتاو گەرمایەکی خۆش‌و دلگری هەبوو. وەکوو دەستەکانی نەنەم وا بوو.
عەباس لەماڵەوە هاتە دەرێ. کە منی بینی، سەری شۆڕ کردو چووە دوکانی باوکی.

* * *



Scanned with CamScanner

## (٥)

## باخچەی بچووك

کە لەسەر ئاوێ هاتمەوە، شەو داکەوتبووە سەر شار. شار هەناسەی تەنگ ببوو. مانگ لە ئاسمان وەکوو پفکەی پشتی پێی ئەکبەر شەقی بردبوو. گلۆپەکانی شار لە دوورەوە چاوترووکانەیان دەکرد، کە دەگەیشتنە داوێنی شار کزترو بچووکتر دەبوون. تا کۆڵانەکەی ئێمە، لەوێ تاریک تاریک دادەهات.

کۆڵانەکان جوێنیان نەدەدا. هاتو هاواریان نەدەکرد. بەڵام دەرۆزەیان دەکرد. دەپاڕانەوە. دەکۆخین و دەگریان. شتێکی ترسناك لە ناو دالانە تاریکەکان و لەو دیو دەرگای ماڵەکاندا هەبوو.

من و ئەکبەر بە سستی هەنگاومان دەنا. دوای نیوەڕۆ بە پێ چووبووین. بنە گوڵەسوورەکەم بە دەستەوە بوو. ڕەگەکەم لە قوڕی شل گرت بوو. دەستمان



Scanned with CamScanner

بریندار ببوو. من مەچەکی دەستم خراب رووشا بوو. ئەکبەر زۆر ماندوو بوو. بە زۆر، پێی لە دوو خۆی رادەکێشا. کلاشە کۆنەکەی دووبارە فراوان ببوو. کە رۆیشتین ئاوم پێدا کرد بۆ ئەوەی تەنگ ببێ، بەڵام دیسان پشتی پێی دەگرت. پشتی پێی پفکەی دەرداو تەقی.

گەیشتینە ئاشوورا. لە بەر بۆنی نانی دوو چەرخە دڵمان تێك هەڵدەچوو.

بە ئەکبەرم گوت:

- چەند باشە سەرکار خەوتبێ!!

ئەکبەر گوتی:

- وای خوایە گیان، خەوتبێ.

سەرکار کابرایەکی پیری ریش سپی، قیافە ناهەموارو دەم پیس بوو. کاری کۆکردنەوەی کرێ و چاوەدێری حەسارەکە بوو. خۆی بێ کار دادەنیشت. ئیشی ئەوەندە بوو کرێکەی وەردەگرت. ئێمە تازە ماڵمان گوازتبووەوە ئەوێ.

بە ئێمەوە، دە ماڵ لەوێ دەژیاین. نهۆمی سەرەوەیان بە کرێ دابووو نهۆمی خوارێ عەنباری گەنم بوو. گەنمی خاوەن حەسارەکە.

هەندێ دنکە گەنم کە دەکەوتنە کەلەنو قوژبنی شوێنی تەڕ، بەهارێ چووزەرەیان دەردەکرد، بەڵام دایکم هیچ دەنگی لێوە نەدەهات. نەدەوێراین لە حەوشە خێرا برۆین، یان قایم قسە بکەین. بەڵام دەنگی یاریو هاتو هاواری خۆشیی منداڵی دراوسێکان لە پشت دیوارە کۆنەکەی حەسارەکە دەگەیشتە بەر گوێمانو دڵمان بۆ یاری دەکەوتە خورپە خورپ.

کە لە قوتابخانە دەهاتینەوە، کتێبمان لە پشتە خۆمان دەشاردەوەو لە سەرەخۆ لە گۆشەی دەرگاوە خۆمان دەخزاندە ژوورەوە.



Scanned with CamScanner

سەرکار پێی ناخۆش بوو ئێمە دەمانخوێند. رۆژێ، کتێبی ئەکبەری دڕاندو بە باوکمی گوت:

- کتێب منداڵەکانت دەکاتە کافر.

بابە دەویست لێ نەگەڕێ ئێمە بچینە قوتابخانە. بەڵام نەنە دەیکردە گریەو زاری‌و بە باوکمی دەگوت:

- من خۆم کارەکەری دەکەم بۆ ئەوەی ئەمانە بخوێنن. گوێ مەدە قسەی ئەم پیرە فلتەفلتکەرەیە.

گریانی نەنە کاری خۆی دەکرد.

بابە بێکار بوو. کرێی خانووی چەند مانگێکی نەدابوو. شەو، تا درەنگ لە کۆڵانان دەگەڕا، تا سەرکار دەخەوت. ئەوسا وەکوو دزی حیزەبخۆ هێدی لە دەرگاوە خۆی دەخزاندە ژووری‌و بە پلیکانەدا سەردەکەوت. سەلامی لێ نەدەکردین. هیچی نەدەخوارد. دەخەوت‌و بەیانی کە هەڵدەستاین، نەمان دەدی.

کە گەیشتینە گەڕەکەکەمان، کوڕی پاسەوانەکە لە پشتەوە ملی ئەحمەدی گرتبوو رایدەگوشی وەکوو ئەوەی زارکی هێزەی رۆن رابگوشێ. ئەحمەد پەڵە شتی سووری لە دەم دەهاتەوەو دەگریا. چەوەندەری کوڵاو بوو. ئەحمەد نە دایکی هەبووو نە باوک. بێ کەس بوو. لە توونی حەمام دەخەوت.

گەیشتینە کۆڵانی کپ‌و بێ دەنگی خۆمان. بە درزی دەرگای نیمچەکراوەدا چووینە ژوورەوە. ژوورەکەی سەرکار تاریك بوو. سەرکار نووستبوو. نەنە لە ژوورەوە دانیشتبوو. وەکوو هەمیشە چاوی بڕیبووە لالەکە. تەماشای وێنەی خۆی دەکردو گۆرانییەکی کوردی غەریبی دەگوت.

بنە گوڵەسوورەکەمان لە سەر تەقچکەی هەیوان دانا.



Scanned with CamScanner

نەنە، کە ئێمەی بینی، گوتی:

- هەی سەگی سەگ بابینە، ئەوە لە کوێ بوون؟ مەگەر ئەو سەگە تۆپیوە نەیەتەوەوە ماڵێ، بزانن چۆن پێی دەڵێم!

ئەویش دەهاتەوە. خۆی کوور دەکردەوەو لە دەرگاوە خۆی دەخزاندە ژووری و چاک و چۆنی لەگەڵ نەدەکردین. تەماشای هیچ کەسی نەدەکرد. دەچوو، دەخەوت. یان وای پێشان دەدا کە خەوتووە. وێ دەچوو هەست بە شەرمەزاریی بکا بەرامبەرمان. نەنە لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی شکات بکا، پەست دەبوو. خێرا سفرەی رادەخست. منو ئەکبەر وەکوو مشك نانمان دەقرتاندو هێدی قووتمان دەدا.

بابە لە ژێر لێفە ئاوی زاری قووت دەدا. نەنە چرای نزم دەکرد. چرا پرتە پرتی دەکردو دەکوژایەوە.

لە دوورەوە دەنگی گریان دەهات. لەوانە بوو دەنگی ئەحمەد بێ. لەوانەبوو چەوەندەرفرۆش بێ. کێ دەزانێ؟ لەواش بوو دەنگی گریانی کوڕی پاسەوانەکە بێ.

رۆژێکی هەتاو، عەشقی باخچەو بنە گوڵی سوور لەسەری دام. ئەو رۆژە بە بەر دەرگای ماڵی دراوسێکەماندا تێپەڕین، دەرگا کرابووەوەو باخچەکەیان دیار بوو.

گوڵەکان رەنگی سووریان لەبەر هەتاو بڵاو کردبووەوە. خانووەکەی ئێمە باخچەی نەبوو. من لەسەر ئاو، بنە گوڵێکی سوورم لە رەگەوە هەڵکێشاو هێنام. رێگاکە دور بوو، بەڵام گرنگ نەبوو. بە ئەکبەرم گوت. کردییە منگە منگو پاشان رازی بوو. عەباسی کوڕی دراوسێشمان دەیەویست لەگەڵمان بێ بەڵام من رازی نەبووم و پێم گوت هێشتا ماسییەکانمان لە بیر نەچۆتەوە. عەباس تووڕە بووو رۆیشت.

لە گۆشـەیەکی حەوشـە، بـۆ ئـەوەی پیرەمێـرد ببـینێ، هەنـدێ بـەردمان هـەلگرتو کـە پیرەمێـرد خـەوی لـێ کـەوت، بنەگوڵەکـەمان لـە نـاو باخچەکەماندا، باخچە ئازیزەکەماندان، ناشتو خۆڵی وردمان بە سەر رەگە تینووەکانی داکردو ئاومان دا. رێکەوتین ئەکبەر قشپل کۆ بکاتـەوەو منـیش ئاوی بدەمو چاوم لێ بێ.

رۆژانـی پـشوو، لـە پـشت شووشـەی پەنجـەرەوە سـەیری پیاسـەکردنی پیرەمێردمـان دەکـرد. بـە چـەکمەی چـەرمی رەشـی زەمـانی کـۆن پیاسـەی دەکـرد. بـە چـاوی داپـچڕاوەوە حەوشـەی دەپـشکنی. لەگـەڵ دەنگـی پێـی، ماسییەکانی ناو حەوز دەپەشۆکانو پەنایان بۆ بنی حەوز دەبـرد. ئێمـە لـە سەرەوەرا تەماشای باخچەی خۆمان دەکردو دڵمان رنگ رنگ لێی دەدا.

نەنە پینەی لە سەر چۆكو قوونی شەڵوارمان دەداو گۆرانی دەگوت:

**بار مەکە، بار مەکە**

**ئەگە بار دەکەی،**

**رێ وە شار مەکە.**

پینەکانی بە فرمێسکی خۆی تەڕ دەکرد. رووی دەکردە ئێمەو دەیگوت:

- بەخوا نازانم حەوشـە چـی تێدایـە ئێـوە تەماشـای دەکـەن. نوقڵو نـەبات رزاوە چییە؟ ئاخر حەوشەی وشكو چۆڵ چی تێدایە؟

ئینجا سەری با دەدا.

سـەرکار هـەموو رۆژێ سـەری بـە کەلـەنو قوژبنـەکانی حەوشـەدا دەگێـڕا. چاوەدێری دەکـرد. رۆژێ تـۆپی منداڵـە دراوسـێیەك کەوتـە نـاو حەسـار. پیرەمێرد هەر رای کرد تۆپەکەی هەلگرتەوەو بە چەقۆی تیژی تەقانـدیو قاقا پێکەنی.

نەنە لە بنەبانی ژورەوە، بە نیگەرانی گوتی:



Scanned with CamScanner

- ئەیەڕۆ!! ئەو دەنگە چ بوو؟.بێ شك شار قلیشاوەتەوە.

هاتە پشت پەنجەرەو سەرکاری بینی، بە هێدیو بە تووڕەیی، گوتی:

- دەك خاکت بە سەر پیری فلتەفلتکەر. بووی بە ئافەتی منداڵان!

بنەگوڵەکە گەڵا کۆنەکانی هەڵوەرا بوو. سەر لە نوێ گەڵای وردو بچووك لە بن توێژی چلەکانەوە پشکۆژەیان دابوو. شادومان بووین کە وشك نەببوو. دوای چەند حەفتەیەك گەڵاکان گەورە بوون. بەڵام هیچ غونچە دیار نەبوو. ئەکبەر بە دەست قشپلی ورد دەکردو من بە ترس و لەرز بە قوتوویەکی بچووك، باخچەم ئاو دەدا.

چاومان هەر لە پەنجەرەی ژووری سەرکار بوو. بەڵام لەو رۆژانە هیچ دیار نەبوو. لەوانە بوو نەخۆش بێ. باشتریش، هەناسەیەکی ئۆخەمان هەڵکێشا.

کاتی رۆژاوا، کە لێوی بانی حەسار نارنجی هەڵدەگەڕاو خۆر لە دوڕ چاوی پەنجەرەکانی دەدا، دەستمان دەشووشت و دەچووینە ژوورەوە. نەنە شووشەی لالەی بە چارشێوی پاك دەکردەوە. شخارتەی لە لالە دەداو لەسەر پایەی لالەکە تەماشای وێنەی خۆی دەکرد.

ئێمەیش بە یەکەوە مەشقەکانی خۆمان دەنووسی.

ئەو رۆژانە، دونیا هەور بوو. دەتگوت هەموو هەوری دونیا دەیانەوێ باری دڵیان بەسەر حەساری ئێمەدا بڕێژن.

من و ئەکبەر لە دیار باخچە دانیشیبووین، چاومان بڕیبووە بنە گوڵەکەو گەڵا تازەکانی. ئەکبەر بە نائومێدی گوتی:

- ئەم ساڵ گوڵ نادا.

بە ئومێدەواریی گوتم:

- دەبێ ئیشێکی وا بکەین گوڵ بدا.



Scanned with CamScanner

ئەکبەر بە بێ بڕوایی گوتی:

- چ بکەین؟ مەگەر ئێمە خواین، چییە؟

بە دلگەرمی گوتم:

- دەبێ زیاتر خزمەتی بکەین. تۆ دەبێ زیاتر قشپل کۆکەیتەوە.

ئەکبەر بە لاملی گوتی:

- هەر لە بنی گوڵ نادا. ئێمەیش ماندوبوونەکەمان بە لاشە.

هاوارم کرد:

- دەدا دەدا. ویستم مستێکی لە قەپرغە بدەم، بەڵام چاوم بە دەستی کەوت، هەمووی بە قشپل بووو شەقار ببوو. سکم پێ سووتا.

ئەکبەر هاواری کرد:

- ئەگەر دای هەر چی دەکەی بکە!

بە تووڕەیی گوتم:

- پەیوەندی بە تۆوە نییە.... واخ...

لە پڕ پێڵەقەیەکم بە پشت کەوتو پاتێلم زوورایەوە. ئەکبەر دەرپەڕییە ئەولاو بۆ لای دەرگای حەوشە رایکرد. منیش بە دوایدا رام کرد. سەرکار بوو. لە هەڵاتنی ئەکبەر ناڕەحەت بووم. من دەبوایە بوەستم. گوڵەکە گوڵی خۆمان بوو. خۆمان ناشتبوومان. دەبوایە بیپارێزین. بەڵام سەرکار، بە پیریش، زۆر بە تاقەت بوو.

لە کۆڵانە چوومە لای ئەکبەر. دەگریا. زۆرم لە خۆم کرد بۆ ئەوەی بەری فرمێسکم بگرم. بە رقەوە گوتم:

- هەڵبەت هەوەسی بە باخچە دێو تێکی نادا.

ئەکبەر بە فینگە فینگ گوتی:

- وەی خوایە گیان، خراپی نەکا.



Scanned with CamScanner

دەنگو سەدای سەرکار نزیك کەوتەوە. دڵم لەگەڵ دەنگی پێی داخورپا. لە پڕ شتێکم بە سەری کەوتو بەر بووەووە بەر پێی منو ئەکبەر. بنە گوڵەسوورەکە بوو بە شکاویو تێکچوویی لەبەر پێمان کەوتبوو.

هەردووکمان هۆڕ هۆڕ گریاین.

دەرگای ماڵی عەباس کرایەوە. عەباس لەگەڵ دوو کوڕی تر هاتە دەرەوە کە تازە ماڵیان هاتبووە حەوشەی ئەوان. هاتە لامانەوە. دڵی داینەوەو بە بوغرایی گوتی:

- من بۆ بنە گوڵێکی سووری وەکوو ئەوەی ئێوە دەچمە سەر ئاوێ. ئێوەش وەرن. ماندووبوونمان کەمتر دەبێ.

رووم کردە ئەکبەر. هێشتا دڵۆپە فرمێسکی هەر بە سەر گۆناوە بوو. سەیری منی کردو رەنگی سوور هەڵگەڕاو گوتی:

- کاکە با بچین. کاکە گیان وەرە دووبارە بچین.



Scanned with CamScanner

## (٦)

## بەهێ

جەژن خەریك بوو وردە وردە دەهات. لەگەڵ چۆلەکەی سەر دیوار دەهات. دەهاتو لە گۆشەی ژوورە دلگیرەکەمان دادەنیشت.

ئێمە زۆر پێش گەورەکان هەستمان بە بۆنی جەژن دەکرد. وەك ئەوەی دونیا میهرەبانتر بێ. ئیتر پێی پەتیمان لە ناو پێڵاوی لاستیك نەیدەبەست.

شوورا تویکڵی پرتەقاڵی لەگەڵ خۆی دەهێنا. تویکڵی هەناری دەهێنا. شەختەی رۆخەکانی دەتوایەوە. زبڵ لە ژێر بەفر دەردەکەوتو پشیلە لە هەردوو بەرییەوە مرە مریان دەکرد.

ئیتر سۆبای قوتابخانەیان دانەدەگیرساند. بەفر لە کۆڵانان نەمابوو. قورو لیتە بوو. لە باتی بەفر، باران دەباری. تەڕ دەبووین، بەڵام سەرمامان



Scanned with CamScanner

نەدەبوو. جەژن دەهاتو لە بن دیواران، لە تەك چووزەرەی تازەی رووەك دادەنیشت.

جەژن دەهاتو بەو هەڵمەی لەسەر دیواری تەڕ هەڵدەستا، خەبەری هاتنی خۆی پێ رادەگەیاندین.

سەرەتا باوەڕمان بە هاتنی جەژن نەدەکرد، بەڵام رۆژێ سەر لە بەیانی کە دەهاتینە حەوشەو دەمانەویست وەکوو هەموو جارێ لەسەر بەفری حەوز خلیسانە بکەین، لە ناکاو نقووم دەبووینە ناو حەوزەکە. دەمانزانی ئیتر جەژن هاتووەو لە بنەوە بەفری حەوزەکەی تواندۆتەوە بۆ ئەوەی تا کەمەر نوقمی ناو خۆیمان بکاو گاڵتەمان پێ بکا.

بەو حاڵە، کە تا پشتێن تەڕ ببووین، بە هێدی دەچووینەوە ژوورێ، لە پشت پەردەوە، بە ترس و لەرز، ئاماژەمان بۆ نەنە دەکرد بۆ ئەوەی بە هانامانەوە بێ.

لە سەرمانو لە ترسان دەلەرزین. دەترساین نەوەك بابە پێ بزانێ. نەنەی بێچارە شەڵواری دەگۆڕینو لە هەمان کاتدا، نوقورچەی لە ناو رانمان دەداو بە تەپڵی سەری خۆی دادەدا.

ئێمەیش دەلەرزینو بە ترسەوە چاومان دەبڕییە شوێنی شین هەڵگەڕاوو بە ئازاری نوقورچەکەمانو زریکەو هاوارمان لە سنگمانەوە بەند دەکرد.

نەنە خۆیشی لە سیمای ئازارو پێچدانە خۆمان، نارەحەت دەبوو، شەپی لە روومەتی خۆی دەدا. نەدەبوو بابە تێ بگا. ئەگەر بسووتاباین، ئەگەر بکەوتباینو جێیەکمان بشکاباو ئەگەر شتێکمان بزر کردبا، نەدەبوو بابە تێ بگا. غەمخۆری هەمیشەییمان، نەنەمان بوو. خۆی گوتەنی هەموو شتێکی "قووت دەدایەوە"و دەیڕشتەوە ناو جەرگی خۆی.

جەژن بەم جۆرە دەهات.



Scanned with CamScanner

نەنە مستە گەنمو نیسکێکی بۆ هەر یەکێکمان لە کاسەیەك دەکرد بۆ ئەوەی بخووسیٚو ئینجا لە ناو سینی دەکردو رای دەکرد بۆ ئەوەی شین بیێ. هەموو رۆژێ سەرمان لە کاسەکان دەداو گوێمان لە هەناسەی گەنمو نیسکەکە دەگرت:

- پس... فس... پس...س

شەوان، نەنە دەستی بە پینە کردن دەکردو بە باوکمی دەگوت:

- زەوی دەبێ هەناسەی هەڵکێشا بێ. وا نییە؟

باوکیشم وەکوو یەکێ ئاوی ساردیان بە سەر داکردبێ، بە دارجغارەکەی چەنەگەی دەخوراندو دەیگوت:

- ها. ئەها. بەڵێ، هەڵیکێشاوە.

هەموومان بێ دەنگ دەبووین. بیدەنگییەکی وا گوێمان لە هەناسەی نیسکی ناو کاسەکە دەبوو:

- پس...فس...پس...س

هەموو شەوێ، قاسەکانمان دەبردە بن گوێمان و رامان دەشەقاندو دەنگمان لێوە دەهێنا. دەمانەویست لە پشت دیواری سواڵەتی قاسەکان، سەیری ناوەوەیان بکەین. لە دڵی خۆماندا دەمانگوت:

- بە راست! بۆتە چەند؟ وەختە پڕ ببێ، وا نییە؟

کەس پارەی قاسەکەی بۆ خۆی نەبوو. ساڵی یەك جارو یەك کەس دەبوایە جل بکڕیٚو ئەویش ئەو کەسە بوو کە جلی لە هەمووان زیاتر پینەی پێوە بوو

شەو، لە ژێر کورسوو لە بارەی کڕینی جلو بەرگ حەتو هەشتمان دەکرد. ئەکبەر پستە پستی دەهاتو دەیگوت:

- ئەها ئەسغەر! کاکی برا، ئەم ساڵ هی منە ها؟

ئەسغەریش لەسەرخۆ بە پاڕانەوە دەیگوت:

براام، پار هی تۆ بوو. لە بیرت نییە؟ ئەم ساڵ هی منە. دەتەوێ پینەکانمان بژمێرین؟

ئینجا ئەکبەرو ئەسغەر دەستیان بە ژماردنی پینەکان دەکرد. ئەسغەر دەیبردەوە، بەڵام دیسان پستە پستو جریوە جریویان دەهات:

- پچ پچ پچ... پار پار پار... پس...پس...پچ پچ...

جریو جریو... پینە پینە... جریو جریو...

ئینجا لە ناکاو کورسوو تەکانێکی توندی دەداو یەکێ لرخە لرخی دەهات وەك ئەوەی گەرووی رابگوشن. نەنە هاواری دەکرد:

- یا حەزرەتی عەبباس، یەکتریان خنکاند.

بابە مستێکی حەواڵەی لێفەکە، لای ئەکبەرو ئەسغەر، دەکردو کۆتایی بە لرخە لرخەکە دەهێنا.

+ + +

رۆژێ، بە یەکەوە دانیشتین. قاسەکانمان هێنا. نەنەش هی خۆی هێنا. چوار دانە قاسە بوو. نەنە بە چەکووش قاسەکانی شکاند. چەند جار پارەکانی ژمارد. بە گومانەوە تەماشای منی کرد چونکە پارەکەی من لە هی هەموویان کەمتر بوو. فێر ببووم چۆن پارە لە قاسە دەربێنم. هەموومان بە زەوق بووین. نەنە ئەو غەمە هەمیشەییەی نەما بوو کە وەکوو پارچە داوێکی رەش بەردەوام بە گۆشەی لێویەوە بوو. پارەکەی لە چمکی چارشێوی گرێ داو بە یەکەوە چووینە بازاڕ.

ئای جادە چەند خۆش بوو! دوکانی کولیچە کردن، چ بۆنێکی خۆشی لێ دەهات! کولیچە بە رۆن. ئاوی نەباتی رەنگاو رەنگ. ترش و شیرین. بنێشت. لە دڵی خۆمدا دەمگوت:



Scanned with CamScanner

- که گەورە بووم، بە خوا! هەموو پارەکەم بە کولیچە بە رۆن دەدەم. بە ئەکبەرم دەگوت:

- تۆ کە گەورە بووی، پارەی خۆت چ لێ دەکەی؟

- بە ترش و شیرینی دەدەم. سوێندم بە ئیمام رەزا، هەموو شەو دەچمە سینەما، هەمو شەو!

ئاوی دەمی قووت دەدایەوە. لەتە نانێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو، قەپی لێ دەداو لە منی دە پرسی:

- بە راست، کەی گەورە دەبین؟

منیش دەمگوت:

- ئینسان دەبێ شتێ زیاد بخوا بۆ ئەوەی گەورە ببێ.

ئەکبەر بە نائومێدی دەیگوت:

- کە وابێ ئێمە قەت گەورە نابین. هەی دادو بێ داد!

+ + +

گەیشتینە دوکانی چاکەت و پانتۆڵفرۆشێك. نەنە قسەی لەگەڵ دوکاندارەکە کردو ئەسغەری نیشان دا.

چاکەت و پانتۆڵفرۆشەکە بە جۆرێ بە ئەسغەریدا هەڵڕوانی دەتگوت مشکی خورمای دیوە. دوای ئەوەی باش تەماشای کرد، دارێکی درێژی لە قوژبنێکی دوکانەکە هەڵگرت و دەستە چاکەت و پانتۆڵێکی بچووکی لە بنمیچی دوکانەکەی هێنایە خوارێ .

ئەسغەر بە یارمەتی نەنە، چاکەت و پانتۆڵەکەی لەبەر کردو دوو سێ نوقورچەی نەنەشی خوارد. ئینجا کە دوگمەکانیان داخست، وەکوو ئەوەی گەرووی بگوشێ، دەستی بە لرخە لرخ کرد.

نەنە رووی کردە چاکەت و پانتۆڵفرۆشەکەو گوتی:

- بـرام ئەمـە زۆر تـەنگو تريـسكە. يـەكێكى تـر بێنـە. ئێـستا كورەكـەم دەخنكێ.

دوكاندارەكـە دووبـارە دەسـتە جلەكـەى بـە دارەكـەوە كـردو لـووتى زلـى بـە چمكى سەردەسـتەكەى سرِييەوەو لـەو بلْنداييـە چاكەتو پـانتۆلێكى تـرى هێنايە خوارەوە.

چاكەتو پـانتۆلێكى رەنـگ ناشـيرين! ئەسـغەر حـەزى نـەدەكرد ئـەوەى بـۆ بكرِين. كاتێ نەنە چاكەتەكەى كردە بـەرى ، ئەسـغەر خـۆى كـورژ كـردەوە. دەستى نەدەبردە ناو قۆلّى. لاشانێكى لە رادەى ئاسايى بلْندتر كردبوو. نەنە هەر چەنـدە بـە زۆرى شـانى دەهێنايـە خـوارێ، ئەسغەر ديـسان شـانى بلْنـد دەكـرد. نەنـە دوو سـێ مـستى لێـدا. ئەسـغەر شـانى بـەرز ببـووەوە، نەنـە مـستێكى تونـدى لـە شـانى دا بـۆ ئـەوەى شـانەكانى هاوسـەنگ بـبن، بـەلّام دووبارە وەكوو خۆى لێ هاتەوە. ئەسغەر ورگى خۆى دەردەپەرِاند بۆ ئەوەى دوگمـەكان دانـەخرێن. هێشتا دوگمـەى ئاخيريـان دانەخـستبوو، دەسـتى بـە لرخەلرخ كرد.

لەسـەر داواى نەنـە، ئەمەشـيان گـۆرِى. مـنو ئەسـغەر چـاومان بـە نـاو دوكانەكەدا گێرِا. چاكەتو پـانتۆلێكى تێـدا بـوو بـە قـەدەر مـنو بـە قـەدەر ئەكبەر. ژنى ديكەش منداليان بۆ جل كرِين هێنابوو.

ئەكبەر لەپرِ هـاوارى لـێ هەسـتا. وەكـوو هـاوارى يـەكێ كـە سـووتا بـێ، يـان دووپشك پێيەوە دابێ. هەموو شـلەژان. چاكەتـو پـانتۆلْ فرۆشـەكە دەسـتى لـەرزىو چـاكەتێكى لـە بنميـچەوە بـە سـەردا بـەربووەوە. بـە هەراسـانى چووينە لاى ئەكبەر. دەركەوت منداڵێك دەرفـەتى هێنـاوەو قـەپى لـە نـانى ناو دەستى ئەكبەر داوە. وامان زانى گەزەزەى لە دەستى داوە بـەلّام نـا، تـەنيا قەپى لە نانەكەى دابوو.



Scanned with CamScanner

کوڕەکە ڕەنگی پەڕی بوو. بە سەختی نانەکەی دەجوی. وەستا بو دەلەرزی. لە ناکاو دایکی بە تووڕەیی گرتیو بە چرنۆك دەمو چاوی زەردی سوور کرد. ئینجا لە عەردی داو شەڵواری هێنایە خوارێو بە ددان قەپی لە ناو رانی سپیو بێ خوێنی گرت. نەنە بە تووڕەیی هاواری کردە سەر ژنەکە:

- دایکە گیان، ئاخر بۆ لەم منداڵە دەدەی؟ کفری خوای کردووە، چییە؟ چ قەیدێ کا.

ئینجا رووی کردە ئەکبەر کە لەم دیمەنە تۆقا بووو بە تووڕەیی گوتی:

- تف لە تۆ!! هەی نانکۆێر! مەگەر چ بوو؟! گۆشتی گیانی خواردی، چییە؟!

ژنەکە بە سەر منداڵەکەی خۆیدا قیژاند:

- هەی دەرۆزەکەری برسی! ئەم ورگەت دەدڕێنم!! مەگەر شەو باوکت نەیەتەوە ماڵێ. وا دەکەم شیشەی سوورکراوەت لە ورگی رابکا.

لەتە نانەکە، کە بە ئاوی زار تەڕ ببوو، کەوتبووە ژێر پێ.

دەنگو هەرا کپ بووەوەو لەسەر داوای دووبارەی نەنە، کابرا چاکەتو پانتۆڵێکی تری لە بن ساپیتە هێنایە خوارێ. ئەم قاتە رێك بە قەد خۆی بوو. گەڕاینەوە ماڵێ.

\+ \+ \+

چاکەتو پانتۆڵەکەمان بە دیواری ژوورەکەمان هەڵواسی. ئەسغەر هەر سەعاتەو جارێك دەچوو، سندووقێکی بچووکمان هەبوو، لە بن پێی خۆی دادەناو گیرفانەکانی چاکەتەکەی دەپشکنی. تەنانەت شەویش کە ئێمە هەموومان دەخەوتین، ئەو هەر دەست بەرداری چاکەتەکەی نەدەبوو. پارچە کاغەزێکی لە گیرفانێك دۆزیبووەوە لەسەری نووسرا بوو(٣٦). ئەکبەر ئەو کاغەزەی لێ دزیو چەند رۆژێك لە سەری شەڕ بوو.



Scanned with CamScanner

ئەسغەر وای دەزانی دەبێ هەمیشە ئەو کاغەزەی پێ بێ. پارچە کاغەزێکی پەیدا کردبوو، لە سەری نووسی بوو(٣٦)و لە گیرفانی نا بوو، بەڵام ئەمە وەکوو ئەوەی پێشوو نەبوو. هەمیشە بیانووی دەگرت‌و مستی ئەکبەری دەخوارد. سەد جار زیاتر گیرفانەکانی پشکنی.

+ + +

جەژن بە بۆنی برنجی پاڵێوراوو بە بۆنی ئارەقەی لەشی کچانەوە دەهات. لەوان شەواندا، دەنگی ئاه دەهات. لەوانەیە دەنگی ئاهی دار گولابییەکەی ماڵی دراوسێکە بێ شکۆفەی دەدا. لەوانەیە دەنگی ئاهی کێوی پڕ ئاو بێ کە بەفری دەتوایەوەو لەوانەیشە دەنگی ئاهی نەنە بێ.

دەنگی تەرەقەو گوللەو گوڵاوپاش‌و پیاڵەی مەهتاب‌و فڕفڕۆك، شەوی شاری ئاڵۆز کردبوو.

بۆ من، شەوی جەژن شەوێکی زۆر ناخۆش بوو.

لە ژوورەوە دادەنیشتین. بابە خێراخێرا جگەرەی دەکێشا. نەنە، کە لە بەر ئیش‌و کاری رۆژ ماندوو بوو، دەچووە ئەم لاو ئەو لاو برنجی دەپاڵاوت.

باوکمان تەماشای نەدەکردین. سەری دادەنەواند. هەمیشە پاڵتۆی دەخستە سەر شانی‌و لە گۆشەیەکی ژوورەوە هەڵدەتووتاو دەچووە ژێری.

لە دەرەوە، فشفشە خەتیان بە ئاسمانی تاریکدا دەکێشا. هات‌و هاوارو زریکەی منداڵان بەرز دەبووەوە ئاسمان. من‌و ئەکبەرو ئەسغەر، بە دزی، هێواش هێواش، خۆمان دەگەیاندە پشت مینای پەنجەرەی ژوورەوە. هەناسەمان لە خۆمان دەبڕی‌و لە میناکەوە چاومان دەبڕییە دەرەوە. خۆمان لە بیر دەکرد. لەگەڵ فشفشەکاندا، سەرمان تا تەشقی ئاسمان بەرز دەکردەوە. هەر دەتگوت خۆمان گڕمان تێ بەرداون. من دەمگوت:

- ئەها، ئەوە، ئەو ئەستێرەدارە هی منە.



Scanned with CamScanner

ئەکبەر زەوقی هەڵدەستاو دەگوت:

- ئەویهێشیان هی منە.

ئەسغەر خۆی دەکردە خاوەنی فشفشەیەکی بێ ئەستێرە.

گرەومان لەسەر فشفشەکان دەکرد. کامە بە ئەستێرەیەو کامە بێ ئەستێرەیە. ئەوەی گرەومان لە سەر دەکرد، بەرز دەبووەوە. هەناسەمان لە سینگ دەردەپەڕیو لە ناکاو بابە هاواری دەکردو تێی رادەخوڕینو پێی دەگوتین لە لەلای میناکە دوور کەوینەوە.

خێرا دەگەڕاینەوە سەر جێی خۆمانو دڵمان بە دەنگی تەرقەکان خۆش دەبوو، کە دوورو نزیك، لە ماڵو کۆڵانەکاندا دەتەقین.

+ + +

بوو بە جەژن. شیرینیمان خوارد. تووشی دەردەسینە بووینو لێدانمان خوارد. قاسەی تازەمان کڕیو چاوەڕێی ساڵی پاشیمان کرد داخۆ نۆرەی کێ دەبێ.

ئەسغەر دەوراندەوری ملی سوور هەڵگەڕا بوو. لەبەر ئەوەی یاخەی چاکەتەکەی زۆر دڕ بوو. پشوو زۆر زوو تەواو بوو.

بنی گیرفانەکان دەگەڕاینو هەندێ ورتکە کولیچەمان بە مووچڕك دەردەهێناو بە پەرۆشەوە دەمانخوارد. نەنە یاخەیەکی بۆ ئەسغەر دوریو ملی لە برینداربوون نەجات دا.

شەوەکانی دوایی، دادەنیشتینو خێرا خێرا مەشقەکانمان دەنووسیو دەگریاین. گریان بۆ ئەو رۆژانەی لە دەست چوون، بۆ ئەو شیرینییانەی بڕانەوە، بۆ ئەو پشووەی تەواو بووو بۆ ئەو مەشقانەی نەماننووسیبوونەوە.

+ + +



Scanned with CamScanner

دووباره چوونه قوتابخانه دەستی پێ کردەوە. کورسوو ئیتر لە ناوەڕاستی ژوورەوە نەما. دەتگوت شتێکمان بزر کردووە. باوکم شەو لە ژوورەوە دادەنیشت. جگەرەی دەکێشاو شیعرەکانی بابا تاهیری عوریانی دەخوێندەوە.
چەند رۆژێك بوو ئەسغەر خۆی لە ئێمە دەشاردەوە. بە دزی دەهاتو بە دزی دەڕۆیشت. شەڕو گاڵتەی لەگەڵ هیچ کەس نەدەکرد. دەتگوت لایەکی لەشی ئیفلیج بووە. کتێبی بە یەك لای دەگرتو دەهاتەوە ماڵێ. کەس نەیدەزانی چاکەتەکەی لە کوێ دادەنێ. سیمای شێوا بوو. رەنگی پەڕی بوو. غەمبار بوو. کەم قسەی لەگەڵ ئێمە دەکرد. نەنە دوو سێ جار پێی گوتبوو یاخەی چاکەتی بێنێ بۆی بگۆڕێو بیشوا، تەنیا گوتبووی" یاخەم پاکە".
رۆژێ، کە لە قوتابخانە دەهاتمەوە ماڵێ، (حوسێن)م بینی. (حوسێن) هاوپۆلێکی ئەسغەر بوو. (حوسێن) خۆی گەیاندە منو بە هێنکە هێنك گوتی:
- کاکەی ئەسغەر، دەزانی ئەسغەر چی لێ هاتووە؟
- نەء . نازانم. زوو پێم بڵێ چ بووە؟
سەیری دەورو بەری خۆی کردو بە نەختێ (من ... من) کردنەوە گوتی:
- ئەسغەر "بەهێ"یەکی گەورەی کڕیوەو لە ناو گیرفانی ناوە. ئێستا ئەوە حەفتەیەکە لە گیرفانی دەرنایە. کە دەچێتە سەر تەختەرەش، کتێبێك، یان دەفتەرێك لەگەڵ خۆی دەباو گیرفانی پێ دادەپۆشێ. "بەهێ"کە زۆر گەورەیە. کە لە سەر لاتەختە دادەنیشێ، لاونیو دادەنیشێ بۆ ئەوەی منداڵەکانی تەنیشتی ئەزیەت نەخۆن.
دەتگوت بە گەسك لە سەریان دام. بە غارە غار چوومەوە ماڵێو بە نەنەم گوت:
- "بەهێ" لە گیرفانی ئەسغەر عاسی بووەو نایەتە دەرەوە.

نەنە ماوەیەك بە سەرسامی سەیری کردم. ئینجا، کە زانی چ بووە، هاواری کردو گوتی:

- ئاخ! ئاخر ئەو"بەهێ"یە لە کوێ چووە ناو گیرفانی ئەم بەهێخۆرە سەگبابە؟

کە رووداوەکەم بۆ گێڕایەوە، نەنە زیاتر نارەحەت بوو. لەو کاتەدا، ئەسغەر بە رەنگ پەڕیوی هاتەوە. کتێبی لەسەر گیرفانی گرتبوو. بە دەم بیر کردنەوە سەلامی کرد. نەنە گوتی:

- سەلام سەری پەنام! وەرە تەماشای گیرفانت بکەم. ئەسغەر لەرزی. رەنگی سپی هەلگەڕاو لە پرمەی گریانی دا.

چاکەتەکەیمان لەبەر داکەندو لە ژوورەوە دامانـا. کە دەنگەدەنگمان بەرز بووەوە، دراوسێی ژووری تەنیشتمان، باوکی (حوسێن)ی هاوپۆلی ئەسغەر بوو، لە ژنەکەی پرسی:

- ئافرەت، ئەم گریەو زارییە چییە؟

ژنە وەڵامی مێردەکەی دایەوە:

- ئێ هێ ! ئاگات لێ نییە بەدبەخت؟ "بەهێ" یەك لە گیرفانی ئەسغەر عاسی بووە. ئەوە حەفتەیەکە. تۆ لە کوێی؟!

+ + +

شەو، وەکوو باوکم، بە گرانیو بەبێ وەزعیو بە برسێتی دەهاتو ژوورەکەی پڕ دەکردین. شەو بەبێ دەنگیی دانیشتبووین، جگە لە خورەخوڕی ئاشووراو قریوە قریوی سەگ، هیچ دەنگی ترمان نەدەکەوتە بە گوێ. چاکەتی ئەسغەرمان بە "بەهێ"ی گەورەی ناو گیرفانییەوە لە سووچێکی ژوورەوە دانابوو. کە باوکم تێ گەیشت، چەند جگەرەیەکی



Scanned with CamScanner

لەسەر یەك كێشا. خەبەریان دایە مامە پیرە بێ. مامە پیرەو داییزە هاتن. بە یەکەوە دانیشتین.

مامە پیرە پرسی:

- چ بووە؟ خێرە؟

نەنە بە بەدبەختی گوتی:

- خێرت بێتە رێ، یا خوا! ئەوە حەفتەیەکە "بەهێ"یەکی گەورە لە گیرفانی چاکەتە نوێکەی ئەسغەری بەدکار عاسی بووە.

مامە پیرە سەرنجێکی لە چاکەتەکەدا، دیتی گیرفانێکی وەکوو لوویەکی گەورە ئاوساوە. بە توندی بە ئەسغەری گوت:

- خۆزگە "بەهێ"کە لە لە ناو ریخۆڵەت عاسی بوایەو لە دەستت بسابایەنەوە.

ئینجا مامە دەستی بە لووەکە داهێنا.

منو ئەکبەر ئاوی زارمان قووت دایەوە. ئەسغەر لە گۆشەیەك وەستا بوو، دەلەرزی. نەنە رووی تێ کردو گوتی:

- بێ شك کاسەی قوونیشت شکاوە. بۆ دانانیشی؟ مردووی توون بە توون چوو؟

ئەسغەر لە گۆشەیەك دانیشتو حۆی کزۆڵە کرد.

بابە ماوەیەك تەماشای چاکەتەکەی کردو بە نائومێدی بە مامە پیرەی گوت:

- ئێستا چ بکەین؟ ئاخر باش نییە هەموو رۆژێ بە خۆو بەم لووەی قەپرغەی بچێتە قوتابخانە. لەناو خەڵك باش نییە.

نەنە بە تووڕەیی گوتی:

- با لێ گەرێین تا کۆتایی ساڵ بەم جۆرە بچێ بۆ ئەوەی تەمبێ ببێ.



Scanned with CamScanner

داییزە رووی کردە ئەسغەرو گوتی:

- منداڵ بەم گەورەییە! چ جۆرە کاریك دەکا. بڵێ تۆ "بەهێ"ت بۆ چی بوو. دەك ورگت دڕێ! دڵو جەرگت بڕژێتە ناو لەگەن!

مامە پیرە گوتی:

- چەقۆیەك بێنن، بزانم!

باوکم گوتی:

- دەتەوێ چ بکەی؟ ئیشێکمان بۆ پەیدا نەکەی!؟

مامە پیرە بە فیزەوە گوتی:

- ئەگەر عەلی وشترەوان بێ ، دەزانێ وشتر لە کوێ یخ بکا. هەڵبەت شتێ دەکەم.

داییزە، پیری شایستە، گوتی:

- چاکەتی کوڕەکە نەدڕێنی! گەڕت لێ بئاڵێنێ.

مامە پیرە وەکوو ئەوەی گوێی لە هیچ نەبێ، چەقۆی لە نەنە وەرگرت. بە دەستی لەرزانەوە چەقۆی لە گیرفانی چاکەتی ئەسغەر راکرد. شتێکی زەردی کەوتە بەرچاو. هەموو ملمان درێژ کردو تەماشامان کرد.

مامە پیرە لە پڕ دەستی لە کارەکەی هەڵگرتو چاوی لە ئێمە بڕیو گوتی:

- لێ دەگەڕێن نەختێ رووناکی چراکە بێ، یان نا؟

( بەهێ)کە هەندێکی دیار بوو. چەقۆی لەو شوێنە راکردو دایگرت!! لە پڕ چەقۆکە خزیو بە ناو چاکەتەکەدا چووە دەرەوە.

- ئاخ خ خ خ...

ئەمە ئاخی هەمووومان بوو. چەقۆ لایەکی چاکەتەکی بڕی.

داییزە چەپۆکێکی لەسەری مامە دا. مامە پیرە سوور هەڵگەڕا. "بەهێ"کە هاتە دەرەوە، بەڵام فایدەی چییە!!



Scanned with CamScanner

هەموو بە نارەحەتی دانیشتبووین. نەنە كرتۆپەی گوڵاوی سپی دەكرد. ژنی دراوسێكەمان سەری لە دەرگای ژوورەوە هەڵكێشاو گوتی:

- توخوا چاكەتەكەی ئەسغەر چی لێ هات؟

كە دیتی هەموو پەشۆكاوین، بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بكا، ڕۆیشت. دەنگی هات بە مێردەكەی گوت:

- وا بزانم ئەم"بەهێ"یە شتێكی بەسەر هێناون. پیاوێزگەدا ئەختێ لە شوێنی خۆت بجوولێوە، بڕۆ بزانە چ بووە!

ئەكبەرو ئەسغەر لە قوژبنێك دانیشتبوون، پستە پستیان بوو. ئەسغەر، بە هەر جۆرێ بێ، "بەهێ"كەی كەوتەوە دەست.

- پچ پچ... بش بش.. بی بی..

- بەبە... بس بس...

ئەكبەر بە هێدی دەیگوت:

- هەمووی یەك قەپاڵی لێ دەدەم بەخوا! تەنیا یەك قەپاڵ!!

بێ دەنگ بوو. لە پڕ ئەسغەر زریكەی لێ هەستا. ئەكبەر لەگەڵ "بەهێ"كە قەپی لە ئەنگوستی ئەسغەر دا بوو.

بابا بیانووی دەست كەوتو یەك تۆفان لێدانی بە سەر هەردووكیاندا رشت.

* * *



Scanned with CamScanner

## (٧)

## نەنە گیان چ بووە؟

وەکوو هەموو ڕۆژێ دەرگای کردەوە. خوڕەی وشك و شەختەبەندی ئاشوورا هوروژمی بۆ ژوورەوە هێنا. دەنگی دوو کەس دەهات شەڕیان دەکرد.

نەنە ئێمەی لەسەر کورسوو دانا. لێفەی لەسەر کورسوو بە سەر شان و قاچمان دادا. من و ئەکبەر و ئەسغەر زۆر چێژمان لەم کارە وەردەگرت. خۆشییەکی تایبەتی تێدا بوو. سەرما لە دەرگاوە دەهاتە ژوورێ.

ئاشوورا پڕ ببوو لە سووی ساردو قیرە قیڕی قەلەرەش. کابرایەك بانی ژوورەکەی بە بێڵ دەپەستایەوە. چۆلەکە دەندووکیان لە قوڕی سەر بان دەدا.



Scanned with CamScanner

دەنگی شەندەری فرۆشی دەم ئاشوورا داخو خەفەتی زیاد دەکردین چونکە پارەی خۆمان هاویشتبووە ناو قاسە.
نەنە ژووری گەسك دەدا. بە دەمو چاوی پەشۆکاوو قژی بژەوە، بە لێوی بێ رەنگ، وەکوو هەموو رۆژێ ئاگری لە مەقەڵە کردەوە. لە بن کورسووی دانا. لێفەی لەسەر کورسوو راخست. سەرمامان بوو. تا گەردەن خۆمان خزاندە بن کورسوو. کورسوو هێشتا گەرم دانەهاتبوو.
نەنە بۆ نیوەڕۆ سێ سەڵکە ترخێنەی لە ناو کاسەیەك خووساند. ئەو کلاشانەی چنی بوونیو تەواوی کردبوون، هەڵی گرتنو رۆیشت. چوو بۆ ئەوەی بیانداتەوە خاوەن کارەکەیو بیستو پێنج ریاڵ هەقدەست وەربگرێو شتێ بۆ شەو بکڕێ.
ژوور کپو تاریك بوو. باوکم پرخەپرخی نەدەهات. گاڵەگاڵو تێڕاخوڕینی نەبوو. دیار نەبوو لەسەر مەسرەفی رۆژانە شەڕ بکا. سەدای هەمیشەیی دەنگو پاڕانەوەی دوای نوێژی نەدەهات، بەرزیو نزمی دەنگی لە کاتی دوعا کردنو حوێندنەوەی کتێبی دوعا:
- یا (حاجی الحاجات)...
سەدای پڕ پاڕانەوەی هاواری لە دەست مەغدووریی خۆی!!
کاتێ نەنە بۆ وەرگرتنی مەسرەفی رۆژانە پێی دادەگرت، بابە هاواری دەکرد:
- عەسرێ، عەسرێ!
واتە عەسرێ مەسرەفەکە دەدەم. کە عەسریش دادەهات، دەیگوت:
- سبەی، سبەی!
سبەیش:
- عەسرێ، عەسرێ!



Scanned with CamScanner

ئەمە بەردەوام بـوو. عەسـرو سبەینە دەهاتو دەرۆیشتو باوکم هەمیشە دەیگوت: (پارەم نییە)و بە ناتەواوی مەسرەفەکەی دەدا. یان هـەر نەیدەداو هەمیشە قەرزار بوو.

هەندێ رۆژیش ئیش دەگەیشتە لێدان. ئیتر بابە ئەو پیاوەی جاران نەبوو. کـەزی دایـەی دەگـرتو لـە دەوری کورسـوو دەیگێـڕاو ئێمـەیش لـە ناخـەوە دەمانزریکاند. هاوارمان دەکرد. رامان دەکردە دەرەوە بۆ ئـەوەی دراوسێکان گوێیان لە دەنگمان بێو بگەنە فریامان. دووبـارە دەگەڕاینـەوەو دەکەوتینـە سەر دەستو پێی بابە.

زریکەی جەرگبڕی ئەسغەر هەمیشە لە گوێمدا دەزرنگێتـەوە. ئـەم زریکەیـە هەتا هەتایە خەوم لێ دەزڕێنێو لـە دژی ئەوانـە دەمرووژێنـێ کـە هەمیشـە خـەرجیی خۆیـان ئامادەیـە، ورگیـان وەکـوو زەروو پـڕەو ئیـشێك ناکـەن تـا هەموو لایەك خەرجییان هەبێ.

لـە دژی ئەوانـەی گوێیـان کـەڕەو زریکـەی ئەسـغەر نابیسن، هـاواری نەنـە نابیـسن. لـە دژی ئەوانـەی تێنەدەگەیـشتنو نەیانـدەزانیو نەیاندەویـست بزانن بۆچی نەنە هەمیشە بەری چاوی لەبەر ئـێشو ژان شین هەڵگەڕاوە. کەزیی هەرگیز شانە نەکراوە، پەرێشانو خەفەتخانەو هەمیشە برسییەتی بۆ ئەوەی ئێمە نیوەتێر بین.

ژوور کپو سارد بوو. هەڵمی هەناسەی زارمان دیار بوو. سێ هەڵمی هەناسە لـە سـێ پایـەی کورسـوو. رۆژی هـەینی بـوو. بابـە لـە خەفـەتان چووبووە دەرەوە. دەچوو لای مامە رەحیمی تەنەکەساز دادەنیشت.

دەفتـەری راهێنانمـان هـیچ لاپـەڕەی سـپی تێـدا نـەمابوو، لەبەرگەکەیـشمان نووسی بوو.



Scanned with CamScanner

تەماشای وێنەی شازنی ئینگلتەراو شووەکەیمان دەکرد. لە سەر دیواری ژوورەکەمان هەڵواسرا بوو. نازانم بابە لە کوێی هێنا بوو. ئەو هەموو میدالیایە!! ئەو جلە جوانانە!! ئەو زەردەخەنە بێ میهرانە!! ئەو سەرنجە ساردو سوڕانە!!

دەنگی شەندەری فرۆش لە کۆلانێ دەهات. دوو پشیلە شەڕیان دەکرد. پشیلە هاواریان چەند بە هاواری بنیادەم دەچێ.

کابرایەک لە کۆلانێ بانگی کوڕەکەی دەکردو پێدەکەنی. راستییەکەی بابەیش هەندێ شەو پێدەکەنی. هەر شەوێ کە پارەی هەبوایە. هەر شەوێ کە نەیدەگوت:

(سبەی، یبەی!) ئەو شەوە، باوکم پێدەکەنی. سەڵکە تووڕێکی دەکڕی‌و لەگەڵ خۆی دەیهێنایەوە. کە لە دەرگا دەهاتە ژوورەوە، هێدی هێدی دەهات‌و دەسماڵە لۆچ لۆچەکەی دەکردەوە، لە پڕ پێدەکەنی‌و دەیگوت:

- منداڵینە، کاڵەکی زستانەم بۆ هاوردوون! کاڵەکی زستانە! ها ها!

تەنیا یەک شەو نارەحەت بوو. ئەو شەوەی من ویستم تووڕەکە قاش بکەم بەڵام لە سەری تووڕەکەوە دەستم پێکرد. بابە نارەحەت بوو. پێکەنینی لە دەم‌و چاوی مرد. چەقۆکەی لە دەست وەرگرتم‌و بە پانایی چەقۆکە لە پشتەدەستی دام :

- دەبێ توور لە قوونکییەوە ببڕی، نەک لە سەرییەوە بۆ ئەوەی شیرین ببێ. ئەی لە قوتابخانە چیتان فێر دەکەن؟! بیدە بە من! پشتت شکێ!! هەی دەست‌و پێ سپی!

خۆی تووڕەکەی کووز کرد.

ئەو شەوانەی کە بابە بە کەیف بوو، نەنە ئەو تۆوخمەی هاوین کۆی کردبووەوە، بۆی دەدا. دەستمان بە قرتاندنی تۆوخم دەکردو باوکم



Scanned with CamScanner

هەقایەتی دەگێڕایەوەو ئامۆژگاری دەکردین و فێری نوێژی دەکردین. نەنە ڕووی سوور هەڵدەگەڕاو لێوی تەڕ دەکرد. نەرم و میهرەبان دەبوو. جوان دەبوو.

+ + +

هەستامەوەو نەختێ ئاوی ترخێنەم خواردەوە. تامی ترش بوو. تام دۆی کۆن و گزگزای لێ دەهات. ئەسغەر لە ژێر کورسوو خەوتبوو. ئەکبەر بە دوومدا هات و وەکوو من ئاوی ترخێنەی خواردەوەو کە لێوی لەسەر لێوی کاسەکە هەلگرت، یەك شەپم لە پاتێلی دا.

بەبێ دەنگ و هەرا چوو خۆی خزاندە ژێر کورسوو. گوێم لە دەنگی دڵۆپە فرمێسکی بوو دەچکایە سەر دەفتەرەکەی. ڕقم لە خۆم بووەوەو ڕقم لەو هەموو کەسانە بووەوە کە دەیانتوانی بەبێ دەردەسەری چەند کاسەیەك ئاوی ترخێنە بخۆنەوە.

بانگی شەندەری فرۆش گوێی کۆڵانی کەڕ کردبوو. بانگەکەی بە جۆرێ تووشی دڵەراوکەی کردم، لەپڕ خۆم لە تەك قاسە دۆزییەوە. کەوتمە بەرێ بە پانایی چەقۆ پارەی لێ دەربێنم. ئەکبەرو ئەسغەر بەرامبەرم دانیشتبوون و هەموو هەست و هۆشیان لای دەستی من بوو.

لە پێبلقان چوومە خوارێ. سەرما خزایە ناو لەش و ئێسقانم. لە سەرمان دانەچۆقەم پێ کەوتبوو. شەندەری فرۆش چەند جارێك دەستی سوورو قەڵشتووی لە ناو کیسە چلکنەکەی ڕاکرد. ریالێکم دایە. لەگەڵ ئەکبەرو ئەسغەر کە هێشتا خەویان نەڕەویبووەوە، لە تەك کورسوو دانیشتین و کەوتینە کرۆشتنی شەندەری. هێشتا دوا دنکمان نەخواردبوو، نەنە بە سەراسیمەیی لە بازاڕ هاتەوە.



Scanned with CamScanner

بە تەنگاوی و هەراسانی و خەفەتخانی وەکوو شێتان رایکردە بنەبانی ژوورەوە. ئاو تەفچکەی پشکنی. بە پەلە لالەکەی بڵند کرد. لەگەڵ بڵندکردنی، شووشەی لالەکە بەربووەوە، شکاو نەنە، لەگەڵ دەنگی شکانی شووشەکە ، بە هەر دوو دەستان لە سەری خۆی دا.

سێ نەفەری تۆقیو، سەرمان لە ژێر لێفە دەرهێناو لە نەنە نز بووینەوە.

نەنە بە پەلە گەڕایەوە. چارشێوی لەسەر سەر بەربووەوە. گرێی چارشێوی رەشی پینەپینەی لار بووەوە. لێفەی کورسووی بڵند کرد. سەرمامان گەیشتە پێ. بە خێرایی لە ژێر کورسوو هاتینە دەرەوە. نەنە بن دۆشەکی تەنك و گونییەکەی بنی پشکنی بەڵام دەستی بە ساردی و تەزیوی هاتە دەرەوە. بە نینۆك روومەتی خۆی رنییەوە. رووی بە ناسکی داماڵا. ژوور پڕ ترس و تووڕەیی بوو. سەرینەکانی سەراو ژێر کرد. رایکردە حەوشە. چەند جار رێی بەینی ژوورەوەو ئاودەست و لێوی بیری پشکنی. گەڕایەوەو بە دڕدۆنگی سەیری ئێمەی کرد. کتێبەکانی سەراو ژێر کردین. باولی قوژبنی ژوورەوەی کردەوەو خرت و پرتەی ناوێ بە گۆڕێ وەرکرد. گۆرەوی قەیتانداری خۆی دەرهێناو رایهەژاند. گرێی چمکی چارشێوەکەی کردەوە، بەڵام جگە لە چەند دانە کشمیشێکی چارەساز هیچی تری تێدا نەبوو.

وەکوو مەغدوورێك هاواری کرد:

- یا حەزرەتی عەبباس! ئەی چارەساز! پێنج قرانی چارەساز و دوو دانە مۆم نەزرت بێ !

بۆ چەندەمین جار دەوروبەری کورسوو گەڕا. بەو دونیا ساردە، ئارەقەی لە نێوچەوانی نیشتبوو. لووتی وشك و داچۆڕا بوو. وردە دەماری شینی لە لاجانگەکان دەرکەوتبوو. چاوی بریقەی تێدا نەبوو.



Scanned with CamScanner

دانیشت. ئاوی زاری قووت دایەوە. بۆ دوا جار تەماشای دەوروبەری خۆی کرد. بە تووڕەیی لێفەی لە سەر کورسوو پێدا دایەوە. سەرنجێکی پڕ پاڕانەوەی لە ئێمە دا. فرمێسکی هاتە خوارێ. گریاو هاواری کرد:

- ئازیزەکەم مرد! ئازیزەکەم لەبەر چاوم پەڕ پەڕ بوو. ماڵم کاول بوو. ئای خوایە! ئای خوای کەرۆکوێر! بۆچی بەزەییت بە منداڵەکانم نایەتەوە؟ خودایە، باشە ئەوە من گوناهکارم، روو رەشم، ئاخر منداڵەکانم چییان کردووە؟ ها! نەزرت قبووڵ نەکردم؟ بەخت رەشیی منت نەبینی؟! باشە!

هەر سێکمان دەستمان بە گریان کرد.

بە قین، بە هاوار، بە تووڕەیی دەلەرزیم‌و چمکی لێفەکەم توند گرتبووە ناو مستم‌و رامدەگوشی. زریکاندم:

- نەنە گیان چ بووە؟ ئاخر چ بووە؟! نەنەی بەخت رەشمان!

ئاوڕی دایەوە. نەرم‌و میهرەبان‌و بە ئازار بوو. بە دەم‌وچاوی بە فرمێسك‌و ئارەقەی تەڕو بە لێوی وشك‌و بێ رەنگ‌و برسی، هاواری کرد:

- ئازیزەکەم ، دەتەوێ چ بووبێ ؟! سێ دیناری مەسرەفی ئەمڕۆمانم بزر کردوو. ئا! ئازیزەکەم!

+ + +

بێ دەنگ بووین‌و نەنە بە گەرووی بە غەم ئاوساوەوە، دەستی بە چنینی کلاشێکی تازە کرد. ئاشوورا سیانی بەردەمی خۆی رادەماڵی‌و پیستر دەبوو.

★ ★ ★



Scanned with CamScanner

## (٨)

# مامە گەورە

پایسکلێکی کۆن. تاپڕێك‌و کەبابخانەیەکی بچووك. گوێ ئاشوورا. ئەمە بوو بەرهەمی پەنجا ساڵ شاگردیی مامە. خۆی میناتوریست نەبوو، نەخشی داریشی نەدەزانی بەڵام وەکوو نیگارکێشێکی وردو وەکوو نەخشسازێکی بە ئەزموون ، بە چەقۆ گۆشتی لە سەر ئێسك دەڕنییەوە. کاتی ئیش کردن، لاقێکی سووری لەسەر رانی دادەنا. ئەو ئێسکانەی دەهێنا کە نەختێ گۆشتیان پێوە مابووو لەو دوکانە تاریکەدا، بەو پەڕی تەقەللا تێ دەکۆشا بۆ ئەوەی یەك توزقاڵ گۆشت بە ئێسکەکانەوە نەهێڵێ. کە ئیشی ئێسکەکان تەواو دەبوو، دەتگوت ئەم ئێسکانەت بە سابوون شووشتووە، پاك‌و خاوێن! ئەو حەلە نۆرەی کوڵاندنی ئێسکەکان دەهات. ئێسکەکانی لە ناو مەنجەڵێك دەخستە سەر ئاگر. چەورییەکەی سەری دەگرت‌و وەکوو رۆن بە کاری دەهێنا. ئاوەکەیشی دەکردە تێکوشەو دەیخوارد.



Scanned with CamScanner

هەندێ جار هەر لەناو ئەو دوکانەدا دەخەوت. دەچووە خانەقا. دەروێش بوو. ویردی زمانی یا هو! یا عەلی! بوو. ساویلکە بوو. هەمیشە سەری دانەواندبووو چووبووە ژێری. جانتایەکی بە کەمەربەند لە پشت بەستبوو، هەمیشە پڕ پارەی خوردە بوو. چاکەتێکی قاوەیی لەبەر دەکرد، من وام هەست دەکرد هەر بەو چاکەتەوە لە دایك بووە. دەمو چاوێکی ماتو دوو چاوی زیتو هەمیشە بە ژانی هەبوو.

دوو جار ژنی هێنا بوو. جاری یەکەم ، پاش ئەوەی، ئەوانەی دەورو بەری چوونە بن هەنگڵیو گوتیان هەموو دونیا نەفرەت لە پیاوی بێ ژن دەکا، بە خۆشیو شاگەشکەیی ژنی هێنا. ژوورە نیمچە تاریکەکەی گەسك دا. ریشی تاشیو زەماوەندی کرد.

هاوین بوو. لەسەر بان دەنووستین. مامە گەورە نۆبووکەکەی هێنابووە سەر بان. تەختەدارێکی شەقو شڕی کوڵلەداری لەسەر بان دانا بوو. تەنیا دوو رۆژو دوو شەو. رۆژی سێیەم، لە بەر ئەوەی ژنەکەی جلەکانی بە سابوون شووشتبوو، بەبێ لێدان، بە عادزی تەڵاقی دا.

- دەبێ بە ئەسپوون جل بشۆی! من پێویستم بە سابوونو ئەم کەشخەکارییە نییە.

ژنی دووەمی گورگ خواردی. چەندین ساڵ دوای تەڵاقدانی ژنی یەکەم، ئینجا ژنی دووەمی هێنا.

بێ ئیش بوو. هەندێ جار لە رێیان کرێکاریی دەکرد. ژنی دووەمی سەرپەرشتیاری بیری (ساحیب زەمان) بوو. ناوی (سەنگین تەلا) بوو. نازانم چۆن دۆزیبوویەوە. خانووە قوڕەکەی ژنە هەر لەوێ لە تەك بیرەکە بوو. بیرەکە زیارەتکەری نەمابوو. کۆنو پشت گوێخراو بوو.



Scanned with CamScanner

مامە گەورە (سەنگین تەلا)ی هێنا. بەڵام شەوێکی بەفر، کە چووەوە ماڵێ، ژنەکەی لە ماڵەوە نەبوو. بەیانی لاشەی (سەنگین تەلا)یان لە تەك بیرەکە دۆزییەوە. گورگ دڕی بووی.

+ + +

کەبابخانەکەی شوێنی کۆبوونەوەی برسیو پێ خاوسان بوو.

- مامە حەیدەر، برسیم!

- وەرە برا، وەرە دانیشە! نانت بخۆ! خوا گەورەیە.

- مامە حەیدەر، قەرزارمو دەیانەوێ بمهاوێنە بەندیخانە. مۆڵەتم تا سبەینێیە.

- برا، نیگەران مەبە! خوا لە سولتان مەحموود گەورەترە.

- چۆن مامە حەیدەر؟

[- لە سەردەمی سولتان مەحموود، کابرایەکی دارتاش، لەبەر ئەوەی بەرتیلی بە فەرمانبەرانی سولتان نەدابوو، بۆیان تێ کوشیو گرتیانو بردیانە لای سولتان. سولتان فڕێی دایە زینداનو ئەمری کرد ئەگەر تا بەیانی دە هۆقە ئاردە دار دروست نەکا، دەیداتە دەست میرغەزەب بۆ ئەوەی سەری لە لەش جودا بکاتەوە. دارتاشی بێچارە ماوەیەك لەو زیندانە تەرو تاریکەدا گریا. ئینجا دارییان خستبووە بەر دەست. خۆی بە دارەکانەوە خەریك کرد، نەیتوانی یەك دنکە ئاردەدار دروست بکا. ئاخیری شەکەت بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی:

- تا سبەینێ عومریکە!! خوا بزانێ داخۆ تا ئەوسا چ دەبێ! خودا لە سولتان مەحموود گەورەترە!!

بەیانی سولتان مەحموود لە خەو هەڵنەسا. هەر ئەو خەوە بوو و پێوە چوو.]



Scanned with CamScanner

- مامـه حەیـدەر، نـابێ دڵ بـەم قـسانە خـۆش بکـەی. ئەمـە هـەمووی ئەفسانەیە. بەیانی فڕێم دەدەنە زیندان.

- برا، چەندت دەتەوێ؟

- پەنجا دینار.

فەرموو، بگرە برام. هەر کاتێ هەتبوو. بێنە بمدەوە.

زۆر کەم دەماندی. ساڵێ یەك جار. کاتی هاتنەوەی جەژنی نەورۆز. دەچـووین سـەلاممان دەکـردو دادەنیـشتین. دەسـتمان مـاچ دەکـرد. چـوار مەشقی لە بنەبانی ژوورەوە دادەنیشت. پاڵتۆ رەشە پینەپینەکەی بە سەر شانی دادەدا. چەند نوقڵو دراوێکی پێنج ریالی کۆنی بە ناوی جەژنانە پێ دەداین.

ئیتر تا ساڵی پاشی نەماندەدیتـەوە. جا لەبـەر ئەمـەو لەبـەر چاوکزیی، کە ئەنجامی ژیانی ناو ئەم دوکانە تاریكو بێ پەنجەرەیە بوو، نەیدەناسینەوە. زسـتانان، حـەلیماوی دروسـت دەکـرد. بابـە بـەیانی زسـتانان بـە خەبـەری دەهێناین. منو ئەکبەر لە رۆخ ئاشوورا پێلەقەمان لە بـەفرو شـەختە دەدا. بەر دەبووینەوە سەر زەوی. بە پانتۆڵی تەسكو پـێڵاوی دڕاوو بـێ گـۆرەوی، بە بەرگێکی هەمیشە قۆڵ کورت، تا بەر دەرگای دوکانی مامـە گـەورە رامـان دەکرد. لەوێ دەوەستاین. هەناسەیەکی تازەمان هەڵدەکێشا.

مامە لەو بنەبانە، لە تەك مەنجەڵی حـەلیماو دانیـشتبوو. پێـی هێنـابووەوە یەكو لاقێکی سووری لەسەر پێی دانا بوو. کاسەی دەخیلەی پڕ پارە بوو.

- شلپ...شلپ...شلپ...

ئەمە دەنگی کەوگیرەکەی بوو لە حەلیماوی وەردەدا.

- مامە، رۆژ باش.

- رۆژ باش.



Scanned with CamScanner

مامه، باوکم گوتی ئەم کاسەیەمان بۆ پڕ حەلیماو بکا.

ئاوڕی دەدایەوە، بە وردی تێمان را دەما. پێلوەکانی گرژ دەکردەوە سەر یەك. نەیدەناسین.

- باوکت کێیە، رۆڵە؟

- مامە، باوکم برای تۆیە!

- رۆڵە گیان، ناوی چییە؟

- ناوی (مش سەیفی)یە.

وەك ئەوەی دەستی خۆی بە چەقۆ بڕیبێ، لە پڕ تەکانێکی دەدایە خۆیو دەیگوت.

- ئاخ! هێ! ئاها باشە باش. ئەشرەف! ئەکبەر! برازاکانم! براکانی باوکم! وەزعتان باشە؟ نەنە باشە؟ باوکتان باشە؟

- باشین، لە خوای بە زیاد بێ. حەلیماومان بدەرێ، مامە، سەرمامانە.

کاسەکەی پڕ حەلیماو دەکرد. دارچینی پێ وەردەکردو ئێمەش، بە لووتی لەسەرمان سوور هەلگەڕاوەوە، بەرەو ماڵەوە راماندەکردو تا دەگەیشتینەوە ماڵێ، ئەنگوست ئەنگوست حەلیماومان دەخواردو دەمانکردە شەڕ. لەبەر ئەوەی جێی ئەنگوستمان بەسەر حەلیماوەکە دەمایەوەو وەکوو خۆی لێ نەدەهاتەوە، دەستمان بە گریان دەکرد.

+ + +

رۆژی جومعان، دەستی دەدایە پایسکلو تفەنگو دەچووە دەشتو دەر. ئەو رۆژانە بۆ ئێوارێ، لە دەرگای حەوشەی ئێمەی دەدا.

دەستێکی تا ئانیشك بە دوو قومری، یان هەندێ جار بە کەوێکی، لە درزی دەرگاوە بۆ ناو حەوشە درێژ دەکرد:

- ئەشرەف! ئەکبەر! ئەسغەر! قومریم بۆ هێناون.



Scanned with CamScanner

نەنە دەچووە پشت دەرگا. باڵندەکانی وەردەگرت. تووکی ناسکی گەردنیان بە خوێنی رەش ئاڵوودە ببووو پێستەی پڕ ساچمەیان لە ژێر پەڕو تووکدا دیار بوو. تا سەری بڵند دەکرد، مامە لە سیلەی کۆڵانێ وەرسووڕا بووەوە. تا ماوەیەکی زۆر، یادگاریی ئێمە مانان لە بارەی مامەوە، تەنیا ئەو دەستەی تا ئانیشكو ئەو دوو تەیرە بوو.

\+ \+ \+

- مامە، رۆژ باش!
- رۆژ باش کوڕم! چت دەوێ؟
- هیچ! باوکم گوتی ئەم ساڵ ببمە شاگردی تۆ.
- رۆڵە گیان، باوکت کێیە؟
- (ش سەیفی) برات.
- ئاخ! هێ! ئاها! باشە! وەرە ژوورەوە. دەست دە گەسكو دوکان پاك کەرەوە!

لاتو بەرەلاکانی دەم ئاشوورا وازیان لێ نەدەهێنا. نیوەڕوان کە لە لابیانەی دوکانێ دەخەوت، دەهاتن شیشەکانیان دەبردو شیربازییان دەکرد. مامە، لە دەنگی شیشەکانو قیژەقیژی منداڵەکان بە خەبەر دەهات. دەهاتە دەرەوەو تەماشایەکی دەکردن. پشتە دەستی بە چاوەکانی دادەهێناو دەیگوت:

- شەرمو شوورەیی شتێکی چاکە ها! بەخوا شەرمو شوورەیی شتێکی چاکە!

منداڵەکان رایان دەکردو لە دوورەوە لە پەستا دەیانگوت:

- مامە حەیدەر مووهەڵگر! مامە حەیدەر مووهەڵگر!



Scanned with CamScanner

لەبەر ئەوەی مامە، کچە پوورەکەی مووھەلگری گەڕەکی(سینەی گوڵ زەرد) بوو، ئەم ناوەیان بە دوو مامە خستبوو.

سبەینان زوو، لەگەڵ تاریکو روونی بەیانی دەچووە قەسابخانە. گۆشتی دەهێنا. ئێسکەکەی جیا دەکردەوە. لە مەنجەڵی دەکردو دەیکوڵاند. گۆشتەکەی یەکەم جار بە چەپرچاغەکەی شەقو پیل دەکرد. ئینجا لە ناو مەکینەی گۆشتی دەکرد. بەرەبەری نیوەڕۆ، من رەژووم لە ناو ئاگردان دەکرد. ئەویش پیوازی ورد دەکرد. هەردووکمان فرمێسکمان لە چاو دەهات. ئەو چاوی سوور دەبوو، ژانی دەکرد. ئەوسا مەنجەڵی گۆشتی لەسەر ئاگر دادەنا کە من کردبوومەوە. گۆشتو پیوازو چەند کەوچك سۆدەی تێ دەکرد. کەبابی لە شیش دەدا. تاكو تووك كڕیار بە دەر دەکەوتن. دووکەڵ بەرز دەبووەوە ئاسمان. مامە خێرا خێرا پێی دەگوتم:

- توند باوەشێنە بکە توند.

نیوەڕۆ ، کە کاری تەواو دەبوو، گۆشتاوەکەی دەکردە تێکوشەو دەمانخوارد. هەندێ جار شیشە کەبابێکیشی دەدایە من. بەڵام کەم وا دەبوو خۆی بیخوا.

دەچوو لە لابیانە دەخەوتو دەنگی چرینگە چرینگی شیشە لە دەم ئاشووراوە دەهات.

+ + +

کەبابو حەلیماوی مامە بە ناوبانگ بوو. چاوی لە قازانج نەبوو. هەوڵی دەدا خواردنی چاك بە خەڵك بدا. لە نزیك چوارپیانەکە ئاگردانی کەبابخانەیەکی تازە کرابووەوە. هی حاجی سەفا بوو.



Scanned with CamScanner

ماوەیەك بوو خەبەری مامەم نەبوو. ئیتر رۆژی جومعان، ئەو دوو دەستە بە تەیرەوە دەرنەدەکەوت. ئیتر بابە بۆ حەلیماو رەوانەی لای ئەوی نەدەکردین. نەمدەزانی چ رووی داوە. تا رۆژێ، لە جادەدا بەرامبەر دوکانی حاجی سەفا چاوم پێ کەوت. مەنجەڵێکی گەورەی پڕ گەنمی لەبەر دەم بوو. گەنمەکەی دەشووشتەوە. کەرپووچێکی گەورەی لەناو گەنمەکە دانا بوو. بە هەر دوو دەست گەنمەکەی لەسەر کەرپووچەکە دەسوی بۆ ئەوەی پەلکۆ ببێ. دەستەکانی سوورو ئاودز ببوون.

شەڵوارێکی جافی دراوی لە پێ بوو. کوور ببوەوە، بە چاوی سوورو بە ژانو کز. ریشی سپی چەند رۆژەی دەمو چاوی داپۆشی بوو. مامە تەمەنی شەست ساڵ دەبوو.

- مامە، رۆژ باش!

- رۆژ باش، برام!

مامە، من کوڕی (مش سەیفی)م!

- ها! ئاها! ئاخ! هێ! باشە باوکت چۆنە؟ نەنە چۆنە؟

- باشە مامە. ئەدی دوکانەکەت چی لێ هات مامە؟ ئەوە لێرە چ دەکەی؟

بە دەم سوینی گەنم لە کەرپووچەکەوە، بە هێنکە هێنك، گوتی:

- دوکانەکەم لە دەست چوو. هەموو حەلیماویان لە من دەکڕی. رۆژێ، کابرایەك بۆ حەلیماو هات. بەیانی زوو. یەکەم جار نەمناسی. بادییەکەم بۆ پڕ حەلیماو کردو رۆیشت. دوای ماوەیەك هاتەوە حەلیماوەکەی هێنایەوە. منیش ناچار بووم حەلیماوەکەم لە ناو مەنجەڵ کردەوە. کڕیارەکانی تر هاتنو حەلیماویان برد.



Scanned with CamScanner

لە ناکاو هەر کەسە هاتو حەلیماوەکەی هێنایەوە.

یەکێ دەیگوت:

- مامە حەیدەر، حەلیماوەکەت بۆن نەفتی لێ دێ .

یەکێکی تر دەیگوت:

- مامە حەیدەر، ئەوە نەفتت لەناو حەلیماوەکەت کردووە! ئەمە چ شوورەییەکە بابە!

- ئەگەر نازانی حەلیماو لێ بنێی، دوکانەکەت داخە!

یەکێکی تریش بە تیزەوە دەیگوت:

- ئیتر مامە حەیدەر پیر بووەو نازانێ ئیش بکات.

بەڵێ رۆڵە گیان، حاجی سەفا دەستی خۆی وەشاند. کڕیارەکەی یەکەم ئەو ناردبووی. بەم جۆرە دوکانەکەیان پەك خستم. ماوەیەك بێ کار بووم. تا ئەوە بوو حاجی سەفا خەبەری نارد:

- چێشتکەرم نییە، مامە حەیدەر، وەرە ببە بە شاگردی من.

منیش ناچار بووم، بووم بە شاگردی. چونکە نەمدەتوانی بێ ئیش‌و برسی بم.

بە تووڕەیی‌و ناڕەحەتی گوتم:

- مامە گیان، تۆش ئاگر لە دوکانەکەی بەر دە! نابووتی کە! مەنجەڵی حەلیماوی کون کە! بە لایەنی کەمەوە، تۆش نەفت لە حەلیماوەکەی بکە! مەغدوور مەبە!

مامە گوتی:

- خودا لە سولتان مەحموود گەورەترە!

لە دڵی خۆمدا گوتم:

- ئەم خودایە چ هاوکارییەکی حاجی سەفا دەکا!!!



Scanned with CamScanner

کارەکەی تەواو ببوو. پارمەتیم دا تا مەنجەڵەکەی کردە کۆڵ. خودا حافیزی کردو ڕۆیشت.

لە دواوە، رانی سپیو پڕ مووی لە درزی پانتۆڵی دیار بوو.

+ + +

دوای چەند ساڵێك، بە پاس سەفەرم دەکرد، مامەم لە رێی شاناباد بینی، بە بێڵ خۆڵی رۆخ رێگای ساف دەکرد. بە هەمان چاوی سووتاوەو بە ژانو بە چاکەتی قاوەیی هەمزایەوە. بە هەمان دەستی پڕ بەخششو خۆشەویستی. هیچ تەیری بە دەستەوە نەبوو. تاپڕی پێ نەبوو. دەسکە بێڵو خۆڵو قوڕو بەس!

دەستی لە پاسەکەمان هەڵشەقاندو خێرا دوور کەوتەوە.

★ ★ ★



Scanned with CamScanner

## (٩)

# نەساخی

نەنە سەرما سەرمای دەبوو. کە چرای پێ دەکرد دەیگوت:

- لەشم مێرووولە دەکا. سەرم ورە.

دونیا سارد بوو. پێکەوە لە تەك مەقەڵەی ئاگر دانیشتبووین. داییزەو مامە پیرەش لەوێ بوون. خاڵۆ (موسایش) بە خۆو بە کتێبی موسیبەتنامەی هاتبوو.

زستان دەهات. بە کتێبی موسیبەتنامەی خاڵۆوە دەهات. بە دەنگی هەزاران کۆخە کۆخ دەهات. دەنگی کۆخە کۆخی نیوەشەو. دەنگی شکانی گۆزەی سواڵەت لە شەوی سارد. زستان بۆ ئێمە مانان ساردتر بوو.

ئەسغەر، لە پشت شووشەوە سەیری کلۆ بەفری تەنك و بێ تۆقی دەکرد،



Scanned with CamScanner

رووی کرده ئەکبەرو گوتی:

- خۆزگە لە باتی بەفر شەندەری لە ئاسمان بباریبایە!

مامە پیرە گوێی لێ بووو لە پڕ، لە ناخی دڵەوە، هاواری کرد:

- کفر نەکەی هەی ئەسکوردت شکێ! هەی توولە سەگی پڕمیز! دەتەوێ ئەم پاروووە نانەش لەسەر سفرەمان ببڕی؟! زمانت بگرە!

بابە نەڕاندی:

- سەد گوناهو یەك تۆبە، ئەی خالق!

داییزە تێی راخوڕی:

- شەندەریت بۆچییە هەی ورگدڕاو!

خالۆ (مووسا) لە ژێر چاویلکەکەی سەیری ئەسغەری کرد، کە لە ترسان دەلەرز، کردییە بۆڵەبۆل!:

- هەی ماڵ کاوڵ ! ئاخر ئەوە قسە بوو تۆ کردت؟!

\+ + +

نەنە ئەو رۆژە چەند رستەکە جلی شووشتبوو. لەسەر بان‌و لە حەوشەو لەسەر نەردەوانە وشکی کردبوونەوەو لە ناو بوخچەی نابوون‌و بە خاوەنی دابوونەوە.

شەو لەشی مێرووولەی دەکرد. لەشی گەرم گەرم بوو. بابە دەست‌و پێی گوم کردبوو، گوتی:

- سەرما بردوو بووی . ئەگەر پێ بکژی، چاك دەبیتەوە. دەبێ شتێکی وا بکەی پێ بکژی.

داییزە بە ناڕەحەتی گوتی:

- نیوەڕۆ چت خواردووە؟ لەوانەیە ماستی ترشت حواردبێ!



Scanned with CamScanner

نەنە هاواری کرد:

- بەخوا هەر ئەو پارووە نانە وشکەی سبەینێ بوو. هیچی ترم بە زاری نەکەوتووە. دوژمنت بم ئەگەر نیوەڕۆش هیچم بە دڵ کەوتبێ. هەر پارووە نانە وشکەکەی سبەینێ!!

مامە پیرە گوتی:

- سکت دەچێ یان نا؟ ئەمڕۆ چوویتە سەر دەستاو!

نەنە، دەمو چاوی لەبەر (تا) سوور هەڵگەڕا بوو، بە هێدی گوتی:

- نا.

مامە، یەکسەر، وەك ئەوەی شتێکی گرانبەهای دۆزیبێتەوە، گوتی:

- ئەها! کەواتە تووشی قەبزی بووی! قەبزی! دەبێ حاجی منیزی بخۆی!

عەزرای خوشکی تازە لە دایکبوومان گریاو نەنە نایە بەر مەمکییەوە.

داییزە گوتی:

- شیر بەو کۆرپەیە مەدە! شیری بنیادەمی تادار باش نییە.

نەنە بە سۆزەوە سەیری عەزرای کردو گوتی:

- ئەی بەستەزمان! لە برسان دەمرێ! ئەی چ دەخۆی؟!

بابە گوتی:

- دەبێ پێ بکژی. چارەی دەردی تۆ پێ کژینە. کە پێ بکژی، هەر چی سەرمایەکی چۆتە ناو مۆخی ئێسکت دێتە دەرەوە.

دایزە گوتی:

- ئاخر کابرا، پژمین لە کوێ بێنێ؟ بیر لە وەزعی بکەوە. وەکوو کوورە دەسووتێ. وەکوو پۆلییە ئاگری سووری لێ هاتووە.

بابە قوتووی جگەرەی لە گیرفانی دەرهێنا. هەندێ تووتنی لە ناو لەپی خۆی کرد. بە پەنجە رەشەکانی باش وردی کرد، ئینجا لەبەر لووتی نەنە رایگرت‌و گوتی:

- ها بۆن کە، هەناسەی پێوە هەڵکێشە! دەی، ئێستا دەپژمی. بپژمی، تەواو!

نەنە لووتی بردە پێش‌و بۆنی تووتنەکەی هەڵکێشا. بەڵام نەپژمی.

مامە لە نزیک بابە دانیشتبوو. لەپڕ...ئەچ...چم... پژمی‌و گوتی:

- شوکر الحمدلله ! ئەی شافی!

دوای مامە پیرە، داییزە پژمی‌و رووی کردە بابەو گوتی:

- خوا چاکت بۆ نەهێنێ لەگەڵ ئەو تووتنە توندەی کە هەتە!

نەنە گوتی:

- لووتم گیراوە. گوێم لە هیچ نییە.

ئەسغەر پژمی‌و دوو لوولە چڵم لە هەردوو کونە لووتی هاتە دەرەوە، هەروا بەبێ جوولە وەستا.

خالۆ (مووسا) پژمی‌و شتێ لە ناو دەمییەوە کەوتە ناو کتێبی دوعاو یەکسەر کتێبەکەی داخست. عەزراش وەکوو بێچوە پشیلەیێ لمووزی لە ناو تێچینە نابێ، پژمی. بەڵام نەنە نەپژمی‌و نەپژمی!

+ + +

سبەینێ، نەنە لە ناو جێ نەهاتە دەرەوە. داییزە یارمەتی داین ژوورەوەمان گەسك دا. ئاگرمان لە مەقەڵە کردەوە. نەنەمان باش پێچا. عەزرامان شووشت‌و وشکمان کردەوە. بە غەمباری‌و نارەحەتی ، بەبێ نان‌و چا، چووینە قوتابخانە.

نیوەڕۆ، نەنە هێشتا هەر خەوتبوو. سڕو کڕ. بەبێ جوولە. رەنگی زیاتر پەڕی بوو. ناڵەناڵێکی هێدی دەکرد. داییزە جۆشاندەی بۆ دروست کرد.



Scanned with CamScanner

نەنە نەختێ جۆشاندەی خواردەوە، بەڵام هێنایەوە. دووبارە بەربووەوە ناو جێ. عەزرامان دایە خاڵۆژن. خاڵۆژن تازە منداڵی ببوو. عەزرا خەریك بوو دەتوایەوە. بچووك دەبوەوە. وەزعی خراپ بوو.

شەو، کە چۆلەکە ڕۆیشتن و ئەستێرە هاتن، شەو، کە یەکەم جار بۆنی نانی تازە هات و پاشان بابە دەرکەوت، دووبارە کۆبووینەوە سەر یەك و ئەم جارە بە هێدی، پستەپست دەستی پێ کرد. داییزە، کە چاوی لەبەر گریان سوور هەڵگەڕابوو، بە غەمباری گوتی:

- جۆشاندەیش کاری نەکرد. دەبێ بەیانی بچمە گەڕەکی (ساحیب جەمع)، ئاوی شیفا لای کچی پوورە مەعسوومە بێنم.

مامە گوتی:

- هەر نەخۆشییەك بێ، بە ئاوی مەزار چاك دەبێتەوە.

باوکم، قومی لە جگەرە داو گوتی:

- تووتن ورد بکەم لەوانەیە ئەمشەو بپژمێ.

داییزە زوو گوتی:

- توخوا سەرەکەی مەکەوە. دوێ شەو، تا بەیانی هەر پێ کژیم!

ئینجا رووی کردە مامە پیرەو گوتی:

- بۆ ئەمەش باش نییە، هەناسەتەنگی هەیە.

مامە پیرە بە رووگرژی رووی کردە داییزەو گوتی:

- من هەناسە تەنگیم هەیە؟ ها! کەس هەقی نییە بکۆخێ؟!

خاڵۆ (مووسا) هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:

- خەتمی حەزرەتی زەینەبی بۆ بکەین، بێ شك چاك دەبێتەوە.

داییزە بە دەم گریانەوە گوتی:

- یا حەزرتی زەینەب، فریامان کەوە!



Scanned with CamScanner

سەیری نوێنی نەنەمان کردو گریانمان لە هەوکێ ما.
نانمان خواردو خەوتین.

+ + +

بەیانی نەچوومە قوتابخانە. بە هەموومان نەنەمان بردە ژووری داییزەو لەوێ خەواندمان. داییزە ئەوەندە گریا بوو، چاوی هەڵنەدەهات، گوتی:
- خۆم لە پێیینگانی دەخەوم. دەبێ زیاتر چاوم لێ بێ. منداڵینە، ئێوەش نەیەنە ناو ئەم ژوورە. ئێوە ناسکن، نەخۆش دەکەون.
ئەکبەرو ئەسغەر لەسەر لەتە نانێك کردیانە شەڕو هەردووکیان بە گریان چوونە قوتابخانە. لەگەڵ داییزە بەرەو گەڕەکی (ساحیبی جەمع) کەوتینە رێ. داییزە پەرداخێکی لەگەڵ خۆی هێنا بوو.
رۆخی ئاشوورا بەستبووی. بە پێڵاوی لاستیکی ساردو بە یاخەی کراوەی بێ دوگمەو بەو دەستانەی قۆڵی چاکەتیان نەدەگەیشتێ، کەوتینە رێ.
چۆلەکەی تۆقیو لەسەر بان بڵاو ببوونەوە. خۆرەتاوی کز بە قەد دیوارەکاندا نەدەگیرسایەوە. قۆرتەسمی چارەوان لەسەر شەختە مابوو. دوکاندارەکان وەکوو مریشکە کورك خۆیان گرمۆڵە کردبووو بە هەر دوو دەست خۆیان لە مەقەڵە وەرهێنا بوو.
گەڕەکی (ساحیبی جەمع)، پوورە مەعسوومەو پەرداخە ئاوێکی سەر مەزار بۆ شیفای نەنە!
بە شادومانی گەڕاینەوە. دەرمانی دەردی نەنە لە دەست داییزەدا بوو. شادومان بووم. بە من بوایە نانێك لەسەر مێزی نانەواخانە هەڵگرمو قەپی لێ بدەم.

+ + +

شەوی سێیەمی نەساخیی نەنە بوو. هەموو چووبووین لە ژووری داییزە دانیشتبووین. داییزە پیاڵە ئاوێکی شیفای بە گەرووی نەنەوە کرد. بەڵام هێشتا لە گەرووی نەچووبووە خوارێ، هێنایەوە.

ئاوی شیفا بۆ نەنە نەبووە شیفا.

مامە کۆخەیەکی درێژی کردو بە دوو پەنجەی گەورەو شادە، ئەندازەیەکی نیشان داو بە داییزەی گوت:

- یەك پیاڵە لەو ئاوی مەزارە...بۆ سینەم... رەنگە...

باوکیشم دەستی بە گەرووی داهێناو بە هەمان شێوە ئاماژەی بۆ داییزە کرد:

- نیو پیاڵەیش...سەرما...

خالۆ (مووسا) بە زۆر قلْپێکی هێنایەوەو بە داییزەی گوت:

- نەنە بە ئەندازەی یەك ئەگوستیلەی دورمانیش بۆ من لە بنی بێلەوە... تەڕی دەکەم.

ئەکبەر بە هێدی بە داییزەی گوت:

- نەختێکیش بدە بە من، بەلکوو بۆ دەرسم باش بێ. خشتەی لێکدانم پێ لەبەر ناکرێ.

داییزە بە دەست بلاوی یەك پیاڵە ئاوی مەزاری بەسەر دابەش کردنو ئەوەی مایەوە بە زانایی لەسەر تەقچکەی دانا.

نەنە دووبارە وەزعی تێکچووو هێنایەوە.

داییزە رووی کردە مامە پیرەو گوتی:

- سێ رۆژە عەشتەبای نەخواردووە. هەر کەف دێنێتەوە. چ بکەم، یا قەمەری بەنی هاشم؟!



Scanned with CamScanner

هیچ کەس قسەی نەکرد، داییزە بڕیاری دا بۆ نەجات دانی نەنە، کەرەستەی حەمامی خۆی بفرۆشێو دختۆری بێنێتە سەر.

\+ + +

بە دڵتەنگی، بە تەك ژووری داییزەدا تێپەڕیمو لە درزی دەرگاوە تەماشای نەنەم کرد. دەنگی ناسكو نازداری هاتە بەر گوێم. ژوورەوە نیمچە تاریك بوو. نەنە رووی لە ساپیتە بوو. دەستە لەڕو ئێسکنەکانی، بە شلو خاوی، کەوتبوونە سەر جاجمە دامەییەکە.

هەر جارەی گوێم لە دەنگی دەبوو، لە دڵی خۆمدا دەمگوت:

\- هیشتا دایکم ماوە. هێشتا نەمردووە.

\- نەنە، بە ئاوازی شەکەتو دڵنەوای، ئەو شیعرەی دەخوێندەوە کە پوورە مەعسوومە فێری داییزەی کردبووو ئەویش بە نەنەی گوتبوو. پوورە مەعسوومە گوتبووی هەر نەساخێك سێ جار ئەم شیعرە بخوێنێتەوە، چاك دەبێتەوە. نەنە ئەوەندە بە کول دەیخوێندەوە، من لە پشت دەرگای ژووری داییزەوە، گریانم هەستا. گریان بۆ چاکەی، بۆ رەنجو دەردەسەریی، بۆ منداڵبوونی، بۆ ورگی برسیو قژی بژو لوولو خەمی. کاتی رۆژاوا، دەنگی بە سۆزی نەنە لەو ژوورە نیمچە تاریکەوە دەکەوتە بەر گوێم:

\- ئەی مانگی بەنی هاشم،

خورشیدی لیقا عەبباس

ئەی نووری دڵی حەیدەر

شەمعی شوهەدا عەبباس

ئەی شاهی ئاڵا هەڵگر

ئەو دەردەی کە دەیینی

لە سەر دڵم لابەرە

کە دختۆر پێی نایەماڵەوەمان، تەنیا دەنگی چۆلەکە دەهات. دەمزانی هەر کەسێ نەخۆشییەکەی خەتەر بێ، دختۆری دیننە سەر. مامۆ (عەلی بەقال)، لە سەرەمەرگ، دختۆریان بۆ هێنا. خەڵکی گەڕەکەمان هەمیشە لە ئاخیری دختۆریان دەهێنا. من ئەمەم دەزانی بەڵام دیسان ئومێدم هەر هەبوو. نەمدەتوانی باوەڕ بە مەرگ بکەم. نەنە چۆن دەبێ بمرێ. ئەی کێ جلی خەڵك بشوا؟ ئەی کێ کڵاش بۆ خەڵك بچنێ؟ ئەی ئەگەر شەیتانیمان کرد، کێ نوقورچە لە ناو رانمان بدا؟ کێ لە بابە بپاڕێتەوە بۆ جەژن جووتە گۆرەوییەکمان بۆ بکڕێ؟

چۆن دەبێ نەنە بمرێ؟ دەبێ بمێنێ بۆ ئەوەی هیرباران بشوا. ماڵ گەسك بدا. مەمك بە عەزرا بداو رقو خەفەنی خۆی بخواتەوەو لە جەرگی خۆی بکاتەوە. هەموو شەوێ، وازەلین لە دەستی رچیوو شەقار شەقاری خۆیو ئێمە بداو هەقایەتمان بۆ بگێڕێتەوە. هەقایەتی خۆش. هەقایەتی ئەو چۆلەکەی باران هاتو دەخانووەکەی، خانووە کاغەزەکەی لێ تێك دەدا. هەقایەتی ئەو گەنجەی ئەژدەهایەکی کوشت. ئەو ئەژدەهایەی بەری ئاوی گرتبووو دەبوایە بنیادەمێك بخوا بۆ ئەوەی نەختێ بجوولێتەوەو چوڕە ئاوێك بگاتە خەڵکەکە. نەنە باش بوو. هەمیشە دەستی بۆنی سابوونی لێ دەهات. بۆنی پارەی خوردەی لێ دەهات.دەستی شەقار شەقار بوو، ژانی دەکرد.

لە درزی دەرگاوە تەماشام کرد داییزە کەوتبووە سەر پێی دختۆرو پێڵاوەکانی ماچ دەکرد. دەتگوت دەبدەبەیەکم لەسەر سینگ بووو فش بووەوە. دختۆر بن هەنگڵی داییزەی گرتبوو دەیەویست بڵندی بکا. داییزە دەگریا، چارشێوی لە سەر بەربووەوە.

+ + +



Scanned with CamScanner

کە شەو داهاتو باوکم لە کار هاتەوە، داییزە قورئانێکی هێناو گوتی:

- نەنەتان وەزعی خرابە. بێ هەستو خوست کەوتووە. خێرا کە. دەبێ بچین لەسەر بان دوعای بۆ بکەین. ئەم قورئانە لەسەر سەر دابنێینو بگرین.

لەو شەوە تاریکو بەستەڵەکەدا، کە ئاسمان پڕ ئەستێرە بووو شار لە دوورەوە سەری بە سەرینی گەرمو نەرمی شارییەکان کردبووو پێی خاوسی لەسەر حەسیری ساردی ئێمە دانا بوو، لەگەڵ بابا لە سووچێکی سەر بان خۆمان کزۆڵە کرد. باوکم قورئانی لە سەر سەری دانابوو، دەگریا. یەکەم جار بوو گریانی باکمم دەدی، لشمە لشمی بووو بە سەردەستەی چاکەتی دفنی دەسڕییەوەو دەیگوت.

- خودایە! ... خودایە!... نەکەی نەکەی...ئەم منداڵانە... نەکەی نەکەی...

دەتگوت یەکێ بابا ئەزیەت دەدا. خێرا خێرا دەیگوت:

- نەکەی نەکەی!

منو ئەکبەرو ئەسغەریش دەگریاین. داییزە عەزرایشی بە قۆنداغە بە پێبلقە هێنایە سەرەوە بۆ ئەوەی خودا عەزرایش ببینێو بزانێ بێ شیرەو ناتوانێ بێ نەنە بێ.

لە دوورەوە، دەنگی مۆسیقا دەهات. دەنگی دەفو دومبک دەهاتو هاوارمان بە گوێی کەس نەدەگەیشت. هەموو بە نۆرە قورئانمان لەسەر سەرمان داناو گریاین. عەزرا دەیەویست بە دەستە بچووکەکانی ئەستێرەکان بگرێ بەڵام نەیدەتوانی. هەندێ جار پێدەکەنیو هەندێ جار دەگریا.

لەگەڵ ئەوەشدا نەنە تا دەهات وەزعی شڕتر دەبوو.

+ + +

هەموو شتێکمان فرۆشت و ئاخیری بە زەبری دەرزیو دەرمان و دختۆر، نەنە لە نیوەڕێی مردن و ژیان گەڕایەوە.

هەموو رۆژێ، لە درزی دەرگاوە، نەنەم دەدی. داییزە پێی گوتبووم نەچمە ژوورەوە چونگە نەخۆشییەکەی دایە درمی بوو. نەنە هەر هێندەی چنگێکی لێ مابووەوە. بچووك ببووەوە. قژی جوانی لە بنەوە هەڵوەرابووو سەری کەچەڵ ببوو.

نەنە لە ناو جێ دەهاتە دەرەوە. بە هەر دوو دەست لەسەر قوون دەخشی. رۆژێ، خەریك بووم تەماشام دەکرد، بەو جۆرە خشی چووە پشت پەردەو لەتە نانێکی لەسەر تریان هەڵگرت و قەپێکی لێدا. لە خەنی خۆشییان دەستم بە دەرگا کەوت و کرایەوە. نەنە منی بینی. پەشۆکا. بە سەرنجێکی پڕ پاڕانەوە، چاوە شەکەتەکانی لە زەوی بڕیو هاواری کرد:

- ئەشرەف، توخوا بە داییزە مەڵێ من نانم خواردووە.

+ + +

نەنە چاك بووەوەو دووبارە لە دەم حەوز دەستی بە جل شووشتن کردەوە. عەزرای لەڕو بچکۆڵەیش لە تەك تەشتی جل شووشتنی نەنە دەخولایەوە.

★ ★ ★



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

# (١٠)
# حەمام

کە زەنگی سەعات لێی دەدا، نەك هەر تەنیا ئێمە، بەڵکو دراوسێکانیش لە خەو رادەپەڕین. کەچە سەعاتەکەی ئێمە هەندێ جار زەنگێکی زیادەیشی لێ دەدا. بۆ نموونە سەعات دووی بەیانی، یان سەعات سێ‌و نیو. ئەوە بوو رۆژانی هەینی، خەومان لە هەموو ئەوانەی ماڵەوە حەرام دەکرد.

زەبری زەنگی سەعاتەکە وەکوو زەبری شمشێر بە مۆخمان دەکەوت. لە خەو رادەپەڕین. لەبەر لێفەی گەرم‌و هەوای ساردی ژوورەوە، ناچار دەبووین سەرمان لە بن لیفە راکەینەوە، بەڵام باوکم لەسەر سەرمان رادەوەستاو لێفەی لەسەر رادەکێشاین‌و بە هات‌و هاوار بە ئاگای دەهێناین.

- یاللا. دەبێ بڕۆین. دە یاللا. مەگەر خەوی هەتا هەتایەتان لێ کەوتووە؟



Scanned with CamScanner

منو ئەکبەرو ئەسغەر بە چاوی ئاوساوو دەمی تاڵو تام ناخۆشو ورگی با کردوودا، هێشتا لە نیوەی شیرین خەوا بووین، هەڵدەستاین. داخمان بۆ ئەو هەموو پارەو شیرینییە دەخوارد کە لە خەودا دیبوومان. بە دەستەپاچەیی چاومان هەڵدەگلۆفت.

تا ئێمە دەهاتینەوە سەر خۆمانو هەر پارچە جلێکمان لە شوێنێ دەدۆزییەوە، باوکم خۆی دەگەیاندە حەوشە.

من زووتر بە رێ دەکەوتمو پاشان ئەکبەرو دوای ئەویش ئەسغەر.

نەنە بە باوێشكو زریکە زریك بە رێی دەکردین. عەزرا دەگریاو داوای نانی دەکرد.

لە هەر ژوورێکەوە، هاواری دراوسێیەك دەهات.

- دەچنە حەمامی سارد، ئیشاللا!

- ئاخر بەم زستانە چوونە حەمامتان لە چییە؟

- یاخوا بکەونە سەر تاتی مردووشۆر.

چلوورەفرۆشی ئەو سەری حەوشەن زستانان بێ ئیش بوو. ئێستا ژنەکەی سەری لە ژوورێ دەرهێنا بوو بۆ ئەوەی بزانێ چ بووە. چلوورەفرۆش دەینەڕاندو لە ژنەکەی دەپرسی:

- ئەوە چ بووە بەم چلەی زستانە، جەیران؟

- هیچ. (مش سەیفی)یە منداڵەکانی دەباتە حەمام.

- ئای شێتینە! بەم سەرمایە هەمووتان دەبن بە چلوورە.

+ + +

باوکم هەمیشە پاڵتۆکەی بە جۆرێ بە سەر شانی دادەدا قۆڵێکی بە تەواوی دەکەوتە سەر سەریو وەکوو ئاڵا لەو تاریکییەدا دەشەکایەوە. ئێمەیش وەکوو لەشکری بەزیو بە تەپو کۆ سەرمامان دەبڕیو ڕۆیشتین.

سەگەکانی دەم ئاشوورا پەلاماریان دەدایـن. ئەسغەر دەگریاو باوکم لەو دوورەوە وەکوو سەرلەشکرێ سەربازەکانە دنە بدا، هاواری دەکرد:

- هەی دەڵەمەینە! هەی دەستو پێ سیینە! راکەن.



Scanned with CamScanner

ئینجا هاواری دەکردە سەگەکان:
- چەغە! چەغە! ئوشت! خت خت!
ئێمەیش حێرا خێرا رامان دەکرد. لە ترسی سەگەکانو لە ترسی باوکم. دەچووینە هەر حەمامێك، داخرابوو. هەر بە کوچەو کۆڵانەکاندا دەرۆیشتینو دەرۆیشتین.
ئەسغەر پێڵاوی بە لنگگۆڕی لە پێ کردبوو. یەك لەسەر یەك بەر دەبووەوە. دەرفەتمان نەبوو پێڵاوەکانی چا بکەین.
باوکم هەروا بە خۆو بە ئالای سەر سەرییەوە پێش کەوتبووو رایدەکرد. ئەوەندە رۆیشتین تا هێدی هێدی سبەینە نزیك بووەوەو حەمام کرانەوە.
لە حەمامەکانی دەم ئاشوورا تێ پەڕین. پاشان حەمامەکانی قەرەباغی، سەرتیپ، سەی نوور، حاجی شابازخانو ئاخیری حەمامی بازاڕ.

+ + +

خۆمان رووت کردەوەو چووینە ناو حەمام. حەمامێکی چۆڵو هۆڵو ترسناك!!. وەکوو باڵندەیەك لەسەر ئاسنی تووەوە هەڵپەڕێ، ئاوا لەسەر عەردی گەرم قەڵەمبازمان هەڵدەدا. تەنیا من خاولیم دەبەست. ئەکبەرو ئەسغەر هەروا بە رووتی بە دوای مندا رایان دەکرد.
- یەکەم جار پێتان بشۆنو برۆنە ناو حەوزەکە.
ئەمە دەستووری ئالادارەکەمان بوو. ئێستا ئالاکەی لە بینەی حەمام دانا بوو.
لە ناو حەوز دەهاتینە دەرەوە، نۆرەی کیسە لێدان دەهات. وەکوو سێ جووجەلە مراوی تازە لە هێلکە جووقاو لە دەوری باوکم دادەنیشتینو ئەویش بە گوێرەی تەمەن کیسەی لێ دەدایین.
کیسەلێدانیش جۆرە سزایەك بوو. زەبری وای بە پانایی کیسە لێ دەدایینو ئەوەندە بە توندی کیسەی بە ملو دەمو چاوماندا دەهێنا، تا یەك مانگ نەماندەتوانی ملمان بەم لاو بەو لادا وەر بسووڕێنین. ملمان توێژێکی سوورو بە ئازاری دەگرت.

لە سەرەوە، دەمو چاوی باوکم ئارەقەی دەکردو من کە چاوم لە بنمیچ بوو، نەدەوێرام چاو لێك بدەم بۆ ئەوەی ئارەقەکەی نەچێتە ناو چاوم. ئەگەر چاوم لێك دابوایە ناڕەحەت دەبووم.

ئەستێرە لە پشت شووشەی تەمگرتووی حەمامدا، تەماشایان دەکردین.

باوکم بە توندی کیسەی لێ دەداین و ئێمەش نەدەوێراین قسە بکەین. هەر یەکێکمان چەتوونیمان بکردایە، لێدانمان دەخوارد.

کە کیسە لێدانی ئێمە تەواو دەبوو، نۆرەی من دەهات کیسە لە باوکم بدەم چونکە من کوڕە گەورەی بووم. کە کیسەم لێ دەدا، یەك لەسەر یەك دەیگوت:

- توندتر پێ دابێنە! توندتر! مەگەر نانت نەحواردووە، هەی شێتی لەڕ؟

هەمو هێزی خۆم دەخستە کار بەڵام باوکم هێشتا هەر رازی نەبوو.

- هەرامەی لێ دە!

ئەو چەند کەسەی لە دەورو بەرمان دانیشتبوون، لە پڕ بێ دەنگ دەبوون و تەماشای ئێمەیان دەکرد. دەیانەویست بزانن ئەو هەرامەیە چییە؟ داخۆ هەرامە چ مەعجوونێکە؟

هەرامە رووشۆر بوو.

- هەرامەی لێدە خۆ کەر نی؟!توندتر! هەی شێری رەنج بەبا.

قۆناغی دواتر، سابوون لێدان بوو. باوکم هەندێ جار کە شەکەت دەبوو، ئەمەی بە لیفکەزەن، یان کیسەکێش دەسپارد.

ئەو شەوە، یان ئەو بەیانییە، یان بە هەر حاڵ ئەو رۆژەی ئێمە چووبووینە حەمامی بازاڕ، ئەو کیسەکێشەی لەوێ کاری دەکرد، دەستێکی لە زەندەوە بڕا بوو. لە باتی دەستی، بە شتێکی وەکوو ساتوور کیسەی لە لەش دەداین. ئەکبەر کە زۆر بە بۆڵە بۆڵ بوو، یان خۆمان گوتەنی قدیلانەی دەبووەوە، کە ساتووری کابرای بە قەپرغە، یان سینگ، یان سك دەکەوت، خۆی گرژ دەکردەوەو لە پێکەنینیان خەریك بوو بپچڕێ. باوکم نەیدزانی بۆچی پێ دەکەنێ. دەیگوت:



Scanned with CamScanner

- ئەوە چیتە؟ هەی ناجسن! مارمیلۆك! مارەزەردە!

ئەکبەر لەڕو ڕەنگ زەردو مردۆخ بوو. زۆر لاوازو هەمیشە نەخۆش! بەڵام لەو ساتەدا، زۆر بە قایم پێ دەکەنی. هەموومانی دەخستە پێکەنین.

باوکم خەریك بوو شێت ببێ. دەمانزانی لە کەپوومان دێنێتەوە.

لیفەلێدان تەواو بووو نۆرەی دوا قۆناغ، واتە چوونە ناو حەوز، هات. بابە هەر سێکمانی وەکوو سێ گۆزەی ئاو پێ نەکەوتوو لە تەك پلەکانی حەوز ریز کرد. یەکەم جار دەستی منی گرت:

- کە دەچیتە بن ئاو، هەموو کون و کەلەنێکی لەشت بشۆ، هەموو شوێنێ.

دەرفەتی نەدا وەڵامی بدەمەوە. لە ناو ئاوی گەرمی تاقەت پڕوێن نوقمی کردم. لەو ژێرەوە کە نە جێی هاوارو نە جێی هەناسەدان بوو، دەستم بە خۆشووشتن کرد. هەناسەم نەدەهات. شتێ لە ناو گوێم وژەوژی دەکرد. کە چاوم دەکردەوە، جگە لە دونیایەکی خۆڵەمێشی، هیچی تر نەبوو. کە تاقەتم نەدەما، لە ناکاو لە ژێرەوە ، دەکەوتمە پەلەقاژە. بابە یەك لەحزە لە ناو ئاو دەری دەهێنام و هێشتا هەناسەیەکی تازەم هەڵنەکێشا بوو، دووبارە دەیخستمەوە بن ئاوو ئیتر بەم جۆرە.

ئەم کارە سێ جار دووبارە دەبووەوە، باوەڕی باوکم وا بوو. دوای جاری سێیەم، کە ئیتر لەشم وەکوو مەخمەڵ سوور دەبوو، لە ناو ئاو دەری دەهێنام. وەکوو گۆزەیەکی سوور، لە تەك ئەکبەرو ئەسغەر دایدەنام کە لە ترسان هەڵدەلەرزین.

نۆرەی ئەکبەر هات، ئەکبەر بە شێوەی ئاساییش ساخ نەبوو. باوکم، کە جاری سێیەم ئەکبەری شین هەڵگەڕاوی لە ئاو نوقووم کرد، ئەکبەر لەپڕ لەبەر ئازاری خۆی هاواری لێ هەستا. ئەکبەری دەرهێناو لە تەك من لە عەردی کوتاو دەستی خۆی لە دەمی نا.

ئەکبەر لە ژێر ئاو لەبەر ناچاری گەززەی لە دەستی بابە دا بوو.



Scanned with CamScanner

باوكم تووڕه بوو. نۆرەی سێ جار لە ناو هەڵكێشانی ئەسغەر هات. ئەسغەری بێ چارە دوای جاری سێیەم، بە نیوەگیانی لە ناو ناو هاتە دەرەوە.

+ + +

ئەو ڕۆژە، ئێمە هەر یەكەمان تاوانێكی كردبوو؛ من بە توندی كیسەم لە لەشی بابە نەدابوو. ئەكبەر گەزەی لە دەستی دا بووو ئەسغەریش پاشماوەی رووشۆرەكەی بزر كردبوو.

بابە خۆی خافڵاند تا حەمام چۆڵ بوو. تەنیا كیسەكێشەكە لە حەمام ما بوو. لە ناكاو بابە پەشتەماڵەكەی منی كردەوە. لە ناوی هەڵكێشاو وەكوو قامچی بە پەشتەماڵ كەوتە گیانمان.

هەر سێكمان هانامان بۆ تاكە فریادڕەسی زیندووی ئەو حەمامە ترسناكە برد كە كیسەكێشەكە بوو.

- هاوارە مامەی كیسەكێش! هاوارە مامە گیان! توخوا لێ مەگەڕێ لێمان بدا!

كیسەكێشی بێچارەیش چەند زەبرێكی پەشتەماڵی نۆشی گیان كرد. كە لەشمان بە پەشتەماڵی تەڕ هەمووی شووی سووری بەست، باوكم ئارام بووەوە.

+ + +

كە گەیشتینەوە بینەی حەمامو هەوای سەردی دەرەوەمان بە لەش كەوت، لە پڕ ئەكبەر بە دەنگێكی بەرز هۆقەی هاتیو هێنایەوە:

- هووژژژ...

یەك دەریا تێكوشەی هەرس نەبووی شەوی پێشوو، عەردی حەمامی داپۆشی. بابا نەڕاندی:

- مارمیلۆكی زۆرخۆر...

نازانم بۆچی پێكەنی.

ئەكبەر بە رەنگی پەڕیوو بە دڵۆپە ئارەقەی سەر هەنیەی، خۆی گەیاندە لای ئێمە.



Scanned with CamScanner

نۆرەی جل لەبەر کردن هات. بابا یەک لەسەر یەک هاواری لە سەرمان دەکرد:

- زوو بن! زوو بن، درەنگە! دەی خێرا دەڵەمەینە! دەستو پێ سپینە! دەستی ئەو کیسەکێشەتان لەسەر زیاد بێ کە کار دەکاتو نانی خۆی دەردێنێ.

لەبەر پەلە پەلی بابە، جلمان بە پێچەوانەوە لەبەر دەکرد. لە باتی قۆڵ، دەستمان لە یەقە رادەکرد. دوو پێمان لە یەک دەلینگی بێجامە دەناو لە پڕ بەر دەبووینەوە. لەبەر ئەوەی بە زۆری جلەکانمان لەبەر تەنگ بوو، خورتیمان لە گەڵ دەکرد. ئارەقەمان دەکردو سوور هەڵدەگەڕاینو ئەم هەموو شتانەمان لە باوکمان دەشاردەوە.

ئەو رۆژە، کە من خەریکی لەبەر کردنی چاکەتە قاوەییەکەم بووم، ئەو چاکەتەی لەبەرم تەسک ببووەوە، لەبەر پەلەپەلی، سەرو دەستم لەناو یەقەی چاکەتەکە راکرد. ئیتر نە چاکەتەکە دەهاتە دەرێو نە من سەرم پێوە دەچوو. بێ جوولەو نیگەرانو خەفەتبارو دڵتەنگ، خۆمم لە پشت ئەکبەر شاردەوە.

لە ناکاو بابا هەستی کرد من بێ جوولە وەستاوم. نزیک کەوتەوە. کە منی گیرم خواردووە، مستێکی لە گرێی سەرو ملو دەستی منو چاکەتەکە کوتا. گرێیەکە بووەوە. بابە پێکەنی. داوای کرد پەرداخە ئاوی خۆخیان بۆ هێناین.

ئاوی خۆخ وەکوو ئاوی ژیان دووبارە گیانی پێ بەخشینەوە.

+ + +

بە لەشی گەرم، تا ماڵەوە ئەم هەموو رێیەمان دەبڕی. بۆنی ئاشی عەباس عەلی لە بازاڕو بۆنی حەلیماوو رۆنو دارچینو هەزار بۆنی خۆشی ترو ئاخیریش بۆن بۆگەنی ئاشوورا.



Scanned with CamScanner

ئالأداری سبەینانی حەمام، بە دەم شەکانەوەی قۆڵی پالتۆکەی، دەگەیشتەوە ماڵێ.

نەنــە بــووا قولــە قــولی ســەماوەرو چــای شــیرین بــووا ئێمــە بــووین، کــە نەماندەتوانی لەبەر ئێش ملمان بجوولێنین.

★ ★ ★



Scanned with CamScanner

## (١١)

# ئاوپڕژ

توند، بە زانایی دەسکی ئاوپڕژەکەم گرتبوو. چەند کووچەو کۆلانێکم بڕی. لە ڕێگادا بیرم لە باوکم دەکردەوە، بیرم لە ئەکبەرو ئەسغەرو عەزراو محەمەد دەکردەوە. محەمەد تازە لە دایک ببوو....، بیرم لە نەنە دەکردەوە...

ئەم نەنەیە زۆری حەز دەکرد ئێمە دەرز بخوێنین! بەڵام بابە هەموو ڕۆژێ پێش چوونە قوتابخانە، خڕی دەکردینەوەو دەیگوت:

- ئاخر ئێوە پێم نالێن ئەم چوونە قوتابخانەیەتان لە چییە؟ ئەم دەرز خوێندنە دنکە خورمایەك دینێ بە نان بیخۆین؟ ها! فێری ئیش بن! ئیش!! ئاخر دەرزی بێ کردەوە چ سوودی هەیە؟

کتیبەکانی لێ دەسەندین و لێ نەدەگەڕا بچینە قوتابخانە.

نەنە بە گریان دەکەوتە سەر پێی:

- تۆ هەقت نەبێ. من ئەگەر سواڵیشم کردبێ، لێ ناگەڕێم ئەمانە بێ سەواد بن. وەکوو من بەدبەخت بن. توخوا لێ گەڕێ ئەمڕۆیش بچنە قوتابخانە.



Scanned with CamScanner

ئەوەتا هاوینیش فێری ئیش دەبن. بابە، هەروا، کە نەنە کەوتبووە سەر پێی، دەیگوت:

- قوتابخانە بەسسە! ئێستا ئیتر فێر بوونە شەوی جومعان، قورئان بۆ مردووەکانمان بخوێنن. ئیدی بۆچی بچنە قوتابخانە؟ ها؟!

نەنە ئێمەی ڕەوانەی قوتابخانە دەکردو لەسەر مەکینەی دورمانی دادەنیشت. تازە فێری دورمان ببوو. جلو جۆرمان فرۆشت و، مەکینەیەکمان بە قست بۆ تەرتیب کرد.

کە لە ماڵەوە دەبووین. لە تەك مەکینەکەی دادەنیشتین و کە ئەو ماندوو دەبوو، ئێمە دەسکی مەکینەکەمان بۆ با دەدا.

خەڵکی گەڕەکی ئاشوورا، ئیشی دورمانی خۆیان بۆ ئێمە دەهێنا. ئەو ڕۆژەی نەنە کارێکی تەواو دەکرد، کراس یان بێجامە یان بەرماڵی نوێژ، لە ناو بوخچەی خاوەن کارەکەی دەپێچاو ئێمە هەموو لە دەوری دادەنیشتین تا خاوەنەکەی دێ و پارەی ئیشەکەی دەدا بۆ ئەوەی نانی شەوی خۆمانی پێ بکڕین. کە یەکێ لە حەوشە بانگی دەکرد، هەمووماں و پێش هەموویشمان نەنە بە دڵەڕاوکێ، هەڵدەستاین بۆ ئەوەی بزانین ئاخۆخاوەن کارەکەیە هاتووە یان نا؟ ئەگەر نەهاتبا، شەو، هەروا لە تەك بوخچەکە خەو دەیبردینەوەو نەنەش دەستی دەدایە بەر چەنەگەی و لە بوخچەکە نز دەبووەوە.؟

ئێمە بە تەنیا بووین. بابە چووبووە سەفەر. ببوو بە قاچاغچی. باوکم، کە لە عومری خۆی تریاکی نەکێشا بوو، ئارەقی نەخواردبووەوە، پاش سی ساڵ جگەرەی تەرك کردبوو، لەبەر بێ ئیشی ببوو بە قاچاغچی. ئەو کاتەی لە ماڵەوە بوایە، منو نەنەش یارمەتیمان دەدا. لە هەیوان دادەنیشت و دونگ و بەزی لە تریاکەکە دەداو دەیکردە لوولەو لە کاغەزی دەپێچا. ئەگەر دەنگی فرۆکەیەك لە ئاسمان بهاتایە، یەکسەر هەموو شتەکەی لە ناو ژوورێ پەرت و بڵاو دەکردەوەو بە ترسەوە دەیگوت:

- فرۆکە لەوسەرەوەدیە دەبینن! فرۆکە پڕ جاسووسن!



Scanned with CamScanner

دوای ئەوەی بابە چووە سەفەر، هەموو ئومێدمان لەسەر مەکینەکەی نەنە بوو. نەنە تا نیوە شەو ئیشی دەکردو ئێمە بە دەم ئاوازی مەکینەکەی خەومان لێ دەکەوت. نەنە لە شەکەتییان هاواری دەکردو نیوە شەوان، کە من خەوەکوتکەم دەبردەوە، رووی تێ دەکردمو دەیگوت:

- ئێستا هەموو کەس پرخە پرخی خەویانەو من خورە خوڕی مەکینەمە!

محەمەدی برا گچکەمان تازە لە دایك ببوو. شیرەخۆرە بوو. نەنە، بۆ ئەوەی محەمەد بخەوێو لە کارەکەیدا سەخڵەتی نەکا، تریاکی دەدایە. بە قەدەر دنکە نیسکێك تریاکی لە ئاو دەتواندەوەو بە گەروویەوە دەکرد بۆ ئەوەی بخەوێو نەنە خەریکی ئیشو کاری خۆی بێ. قۆنداغەی محەمەد وەکوو بۆخچە هەمیشە بە کپی لە تەك مەکینەی نەنە کەوتبوو.

رۆژێ، دوای نیوەڕۆ، ئەوەندەی کردمان محەمەد لە خەو بە ئاگا نەهات. نەنە لە جاران زیار تریاکی پێ دا بوو. محەمەد دەمو چاوی سوور هەڵگەڕا بوو. دەستەپاچە بووین. لەگەڵ خاڵۆ (مووسا) بردمانە شێرو خورشیدو بە نیوە گیانی هێنامانەوە.

+ + +

چ کەسێ ما نەنە بۆ خاتری ئێمە نەکەوێتە سەر پێی! کە نەخۆش دەکەوتین، دەکەوتە سەر پێی دختۆرو دەرزی لێدەرەکانو لە کاتی ناو نووسین، دەکەوتە سەر پێی بەڕێوەبەرو مامۆستاکان.

چوومە پۆلی یەکەمی قوتابخانە. ناونووسین دەستی پێ کردبوو. دەستەکانم هێشتا لەبەر بێڵ لێدان بریندار بوون. فایلم لە بن هەنگڵ نا بوو. پێنج رۆژی رەبەق لەگەڵ نەنە لە بن دیواری قوتابخانەی (رازی)، خوار بازاڕی مسگەران، دانیشتین. ناویان نەنووسیم. واستەمان نەبوو. دەیانگوت جێمان نییە. بەڵام کاتێ مەهدی، کە باوکی کارمەندی کۆمپانیای نەوت بوو، لەگەڵ باوکی بۆ ناونووسین هات، فەڕاشی قوتابخانە رێگای دان بچنە ژوورەوە.



Scanned with CamScanner

مەهدی هاوپۆلی من بوو. نووسەوەری لە سەر من دەنووسییەوە. نیگارەکانیش من بۆم دەکێشا. وانەی ژمارەی لەگەڵ من دەخوێندو بەرامبەر بە مەش گۆڤاری بۆ خوێندنەوە بۆ دەهێنام.

مەهدی لەگەل باوکی لە قوتابجانە هاتنە دەرەوە. منی نەبینی. باوکی مەهدی رووی کردە ئەو خەڵکەی لە بن دیوار دانیشتبوون و گوتی:

- جێگا نییە. ناوی کوڕەکەی منیشیان نەنووسی. بە راستی شوورەییە!!

ئیتر رۆیشتن.

یەکێ لە منداڵەکان، لەگەڵ باوکی لە بن دیوار دانیشتبوو، لە پڕ لە جێگای خۆی دەرپەڕی و گوتی:

- ئەو فایلەی ئەم دووانە لە بن هەنگڵیان بوو، کە چوونە ژوورەوە، شین بوو، کە هاتنە دەرەوە، سەوز بوو.

هەموو زانیمان چ فرت و فێڵێکیان کردووە. مەهدی پاشان بوو بە ئەندازیاری نەوت.

+ + +

نەنە چەند رۆژێکی تر پێوە هەژایەوە. چووینە قوتابخانەی (کزازی)، بە پێ نیو سەعاتە رێ لە ماڵەوە دوور بوو. لەگەڵ نەنە لە تەك مێزی بەڕێوەبەری قوتابخانە وەستاین. نەنە لە پڕ خۆی فڕێ دایە سەر پێی بەڕێوەبەر. من زۆر شەرمم لە خۆم کردەوە. ئارەقەم لە تەوێڵ نیشت. جەنابی بەڕێوەبەر سەیری فایلەکەی کردم و گوتی:

- هم! ... کوڕێکی زیرەکە. نەنە گیان هەستەوە. ناوی دەنووسم. بەم نمرە باشە وەردەگیرێ. دوور رۆژ تاخیر بووە، بەڵام قەیدی نییە.

جەنابی بەڕێوەبەر ناوی (تەیمووریان) بوو.

بەو زەحمەتییە ناوی خۆمم نووسی، کەچی باوکم دیسان هەموو سبەینان لێ نەدەگەڕا بچمە قوتابخانە. ئەسغەریشمان تازە خستبووە قوتابخانە. شەو تا بەیانی خەوی نەبوو. لەبەر دەنگی کاغەز و کتێبی، خەومان لێ نەدەکەوت. نەنە دەیگوت:

- بێ شك ئەسغەر دەبێ بە شتێك!
ئەسغەر پاشان بوو بە شاگرد شوفێر.
ئەكبەر هەموو ڕۆژێ سەری تا ملی دەخستە ناو ئاوی ساردی حەوز بۆ ئەوەی مێشكی بكرێتەوەو باشتر دەرز بخوێنێ. نەنە هەر كاتێ پارەی هەبوایە، مێوژە ڕەشەی بۆ دەكڕین بۆ ئەوەی زەینمان بكرێتەوە.

+ + +

قوتابخانە جێگای لێدان خواردنو بەش وەرگرتنو بەش دانو دەمەقاڵێو شەڕو زۆرانە بوو لە كۆڵانەكانی دەم ئاشوورا.
لەگەڵ كیومەرتی كوڕی قاسم خان، كە باوكی قەپانداڕو كۆفرۆش بوو، لەسەر یەك لاتەخت دادەنیشتین. كیومەرت هەمیشە بۆنی ڕۆنی كرماشانی لێ دەهات. بۆنی كشمیشو خورماو بۆنی نارگیلی لێ دەهات. هەمیشە شتی چاكی لە گیرفاندا بوو. كیومەرت دەفتەرۆكەیەكی فلیمی هەبوو لێ نەدەگەڕا من تەماشای بكەم، لە سەر ئەوە لەگەڵی بە شەڕ هاتم. جوێنمان بە یەك داو بڕیار درا لە دەرەوەی قوتابخانە، لە كۆڵانەیەكی دەم ئاشوورا، زۆرانە بكەین. زۆرانەیەكی بێ لێكدان. ئەمە بوو بڕیارمان! چونكە هەندێ منداڵ كە پشتیان بە عەرد دەكەوت، ئاخیری زۆرانەكەیان دەكرد بە شەڕ. من هیچ حەزم لە شەڕ نەدەكرد.
كیومەرت تێر بوو. كشمیشو خورماو كولیچەی دەخواردو من برسیو بێ ڕەنگ بووم. یاسای منداڵان ئەوە بوو سێ جار زۆرانە بكەین.
جاری یەكەم شانێكی كیومەرتم گەیاندە عەردو منداڵ ئافەرینیان لێ كردم. جاری دووەم كیومەرت شانێكی منی گەیاندە عەردو جاری سێیەم من ئەوم لە عەردی دا.
ئیتر كیومەرت لە من منداڵترسێن بوو. منداڵ منیان خۆش دەویستو ڕقیان لە كیومەرت دەبووەوە. هەر كەسێكی جلی نوێی لەبەر بوایە، منداڵەكانی دەم ئاشوورا ڕقیان لێ دەبووەوە. ڕۆژێ، منداڵێكی گەڕەكەكەمان كلاشێكی نوێی كڕی بوو، لە خۆڵی وەردابوو بۆ ئەوەی كۆن دیار بێو منداڵ وا تێ

نەگـەن شـتێکی نـوێی کڕیـوە. مامۆسـتای (داڕشـتن)مـان، زۆری خـۆش دەویستین، ئەم ڕەوشتەی ئێمەی پێ ناخۆش بو. دەیگوت:

- ئینسان بە جلی باش‌و خراپ ناگۆڕێ. ئێوەی مندالْ دەبێ خۆتان باش بن. دەبێ ئینسان بن‌و ئیشی باش بکەن.

هیچ کەس لایەنگری کیومەرت نەبوو تەنیا حیشمەت نەبێ کە جلی وەکوو جلی ئێمە مانان وا بوو. ماڵیان لە تەنیشت ماڵی ئێمە بوو. وەکوو ئێمە مل باریك بـوو. تەنانـەت قڕێـژی سـەر دەسـتی بـە قـەدەر قڕێـژی سـەر دەسـتی ئێمـە ئەسـتوور بـوو. بـەڵام لەبـەر ئـەوەی نەوسـن بـوو، ببـوو بـە نۆکـەری کیومەرت‌و لە سەری دەکردەوە.

\+ \+ \+

دوای زۆرانـە کـردن لەگـەڵ کیومـەرت، خـەریك بـووم بـە دەسـتی وڕووشاو بەرەو ماڵ دەبوومەوە، نەنە لە سەر ڕێم پەیدا بوو:

- ڕۆڵە! بەدبەخت بووین! ماڵمان کاوڵ بوو! بابت گیراوە.

دەتگوت دونیام بەسەر دا ڕماوە. ئەو سیما ماتەمییەی نەنـە، بـەو چارشێوە نیوداشتەو ئەو لێوە شۆڕو میهرەبانە.

- بۆچی نەنە؟ لە کوێ؟ پێم بڵێ چۆن بووە؟

نەنە فرمێسکی بە چمکی چارشێوی سڕییەوەو لە کاتێکا کـە وەکوو منـداڵ دەمی بەش ببووەوە، گوتی:

- تریاکیان لێ گرتووە. ساویلکەی بەدبـەخت! ئەمـەش ئـیش کردنـی! نـازانم ئێستا چی لێ دەکەن؟!

بەڵێ، بابەیان بەو هەموو پاریزکارییەوە، گرت. زۆر بە سـادەیی! نـازانم کـێ زمـانی لێ دا بـوو. هەمیـشە ئـەو شـتەی تریـاکی لـە نـاو دەنـا، پێش خـۆی ڕەوانەی دەکرد.

کە دەگاتە گەراج، دەبینێ چەند کەسێك خەریکن شتەکەی ئەو بە مشار لە ناوەڕاستەوە دەکەنە دوو لەت. بە پەلە دەچێتە لایان‌و دەڵێ:

- برای باوکم، بۆچی ئەمە دەبڕنەوە؟ ها! ئاخر ماڵی موسلمانانە، ها!!
ئیدی یەکسەر دەیگرن.

+ + +

من بووم بە گەورەی ماڵێو هەموو ئەرکێك کەوتە ئەستۆی من.
ئیشی دورمانیش کەساد ببوو. نەنە دووبارە کلاشی لە بازاڕ دەهێنا، بەڵام دیسان بەشی ژیانی ئێمەی نەدەکرد.
ڕۆژێ، نەنە چەند پریاسکێکی، لەو تریاکەی باوکم لە کوژییەکی ماڵەوە شاردبوویەوە، دەرهێناو بڕیار بوو بۆ فرۆشتن بیبەم بۆ دوکانی بەقاڵیی میرزا (عەزیز) کە ناسیاوی خۆمان بوو. نەنە تریاکەکەی لە ناو ئاوپڕژێك ناو منیش ئاوپڕژەکەم هەلگرتو بە ڕێ کەوتم.
ئاو پڕژەکەم بە دەستەوە بوو، بە پارێزەوە بە کووچەو کۆڵانەکاندا دەڕۆیشتم. چووبوومە ژێری. بە ناچاری ڕێم دەکەوتە ئەو گەڕەکەی ماڵی کیومەرتی لێ بوو.

+ + +

دوای نیوەڕۆ بوو. خۆرەتاوی نیوەڕۆی ئاخیرو ئۆخری پایز، کەوتبووە سەر زەوی. ئەوەندە سەرما بوو تیلەقەی پشتم دەلەرزی. سەرم دانەواندبوو، دەڕۆیشتم. ترسو نائومێدیو سێبەری درێژی دیوارەکان لەسەر پیادەڕۆ، ئەو سێبەرەی لەگەڵ گەلای پایز پڕ غەمتر ببوو. ترسو غەمو پێویستیی پارەو ئەرکی ماڵەوە...
لە پڕ هاوارێکم کەوتە بەر گوێ:
- هۆ ئاوپڕژ!!
ئاوڕم دایەوە. (کیومەرت)و (حیشمەت)، کە هەمیشە پێکەوە بوون، لەگەڵ چەند منداڵێکی تر بۆ لای من دەهاتن.
پێم هەلگرت. مەیلەو غارم دا.
- هۆ ئاوپڕژ! ڕاوەستە زۆرانە بکەین! ڕاوەستە! نەوێرۆك!
(کیومەرت)و حیشمەتو منداڵەکان بە کۆمەڵ هاواریان دەکرد:



Scanned with CamScanner

- ئاوپرژ! ئاوپرژ! لە ترسان لە خۆ دەمیزی!!

دیسان خێراتریش...دڵم خورپە خورپی بوو.گەرووم وشك ببوو. بە راكردن رۆیشتم. ئیتر هیچ شتێكم لەبەر چاو نەبوو. لە ئاسمان دەفرپیم. هەموو هەستو هۆشم لای ئاوپرژەكە بوو.

ئەگەر نەنە چاوەڕێ نەبوایە... ئەگەر شەو شێومان هەبوایە... ئەگەر بابە لە زیندان نەبوایە...ئەگە...ئەگەر... ئەگەر ئەمانە نەبوونایە، دەوەستام بە تاقی تەنێ روو بە رووی هەموویان دەبوومەوە. زۆرانە، لێكدان، شەڕ...و هەرچی پێشنیاریان بكردایە، قبوولم دەكرد. لە قەپۆزم دەدان، یاخەی چاكەتی نوێم دەدڕاندن...لێم دەدا... دەمدڕاند...

بەلام هەلاتمو ئاوپرژەكەم بە سەلامەتی گەیاندە میرزا (عەزیز).

⋆ ⋆ ⋆



Scanned with CamScanner

# (١٢)

# ئاشتی

نەمدەزانی مەسەلە چییە؟ دەیانگوت هەر کەسێ ناوی ئاشتی بێنێ، دیارە چەپەو دەیگرن.

دونیا گەرم بوو. مانگی موحەڕڕەم بوو، لەگەڵ منداڵەکانی دەم ئاشوورا دەستەیەکمان پێك هێنا بوو. ئاڵایەکی رەشمان بە سیمی سوورو سەوزو زەرد دروست کردبوو، من هاوارم دەکرد:

- ئەی لێو وشك!

منداڵیش وەڵامیان دەدایەوە:

حوسێن وای!

شاهی عەرەب — حوسێن وای!

ئەی بێ کفن — حوسێن وای!

سەد پارە لەش — حوسێن وای!



Scanned with CamScanner

باش دەمزانی ئاشتی شتێکی چاکە. تەبایی چاکە. جەنگو شەڕ خراپە. کە منداڵەکانی لێوی ئاشوورا، لەگەڵ منداڵەکانی بەرزە دەماغ بە شەڕ دەهاتن، بارێکی خراپ دەهاتە پێش. لووتی بە خوێن، ژێر چاوی شینو مۆر هەڵگەڕاو، سەری شکاوو پۆلیسخانەو راکێشانە پۆلیسخانە!!

بەڵام کە پێك دەهاتینەوەو لە ئاشتیو سەفاییدا بووین، هەمو خەیاڵمان ئاسوودە بوو. بەبێ ترس دەچووینە قوتابخانە. لە قوتابخانە دەهاتینەوەو عەسران یاریمان دەکرد. هەرچی دەمانکڕی بە یەکەوە دەمانخواردو دەماندایە یەکتر.

شتێ رووی دا وای کرد لە هەموو شتێ زیاتر رقم لە شەڕ ببێتەوەو ئاشتیم خۆش بوێ. نەنە (کیشوەر)، پیرەژنێکی ئاوکێشی گەڕەکەکەمان بوو. بە هەزار خوێنی دڵ (یار محەمەد)ی کوڕی گەیاندبووە پۆلی دوازدە. لە کۆڵانێ دەیزریکاندو خاكو خۆڵی کۆڵانەی بە سەرو رووی خۆی دادەکردو جوێنی بە زەمینو زەمان دەدا.

(یار محەمەد)یان لە جادە کوشتبوو. (یار محەمەد)مان خۆش دەویست. کۆكو کەڵەگەت بوو. خوێندەوار بوو. پشتگیری لێقەوماوانی دەکرد. روو تەنكو بە ئەدەب بوو!! ئەو بوو ئێمەی بە کتێب ئاشنا کردو خۆشەویستی خەڵکی فێر کردین.

لەگەڵ شیوەنی نەنە (کیشوەر)دا، بۆ (یار محەمەد) گریاین. رقەستوور بووینو دڵمان وەکوو فەردەی گوڵی شەندەری لە رق هەڵاخنی.

ئەو رۆژە بۆ سبەینێ، کۆترێکی تەنەکەم، لە ناو باوڵی دایکم دیتەوە، لە سەر ئاڵایەکی رەشم چەقاندو منداڵەکانم بۆ ئاشتیو خۆشەویستی بانگ کرد:

| | |
|---|---|
| - ئەی لێو وشك! | حوسێن وای! |
| شاهی عەرەب | حوسێن وای! |
| ئەی بێ کفن | حوسێن وای! |
| سەد پارە لەش | حوسێن وای! |



Scanned with CamScanner

هاوین تەواو بوو. خۆمان بۆ چوونە قوتابخانە ئامادە دەکرد. بە خەڵووزو گەچو هەر چی بکەوتایە بەر دەستمان وشەی (ئاشتی)مان لەسەر دیوار دەنووسی. وێنەی کۆترمان دەکێشا. کۆتر لە کاتی فڕین! کۆتری گەورە! کۆتری بچووك! سەرتاسەری دیوارەکانی لێوی ئاشووراو تەکیەمان پڕ کۆتر کرد بوو.

دەچووینە سەردانی نەنە (کیشوەر)و دڵمان دەدایەوە. دەستمان ماچ دەکردو دەمانگوت:

- نەنە گیان! نەنە (کیشوەر)ی ئازیزمان! لە جێی (یار محەمەد) قبووڵمان بکە! بە منداڵی خۆتمان دابنێ!

ئەویش هاواری دەکرد:

- ئاهای... هیچ کەس نابێتە (یار محەمەد)!! ڕۆڵەکانم! (یار محەمەد) نووری چاوم بوو.

هەر کاتێ نەنە (کیشوەر)، کونداو بە کۆڵ، لە سەری کۆڵانێ دەردەکەوت، غارمان دەداو تا ئەوماڵەی نەنە (کیشوەر) ئاوی بۆ دەبرد، دەست بە دەست، کوندەکەمان بۆ هەڵدەگرت.

کونداوەکە لە سەر دەستی ئێمە دەڕۆیشتو ئەویش بە دوایەوە. منداڵ دەیانگوت:

- نەنە (کیشوەر)، خۆشمان دەوێی! تۆ ئازیزی گەڕەکەکەمانی! ئازیزی شارەکەمانی.

- ڕۆڵەکانم، دەست لە دڵم وەرمەدەن. (یار محەمەد) داردەستی دەستم بوو. ڕۆشنایی دڵم بوو. بێ کەس کەوتم! تەنیا مامەوە!

\+ \+ \+

مامۆستای(دارشتن)مان خۆش دەویست. قسەی وای دەکرد بە دڵمانەوە دەلکا. هەر چی دەیگوت راستی دەکردو وەکوو ئەوە وا بوو خۆمان بمانەوێ بیڵێین بەلام توانای دەربڕینمان نەبوو. شەوو ڕۆژ، قسەکانی لە گوێمان دەزرنگایەوە.

ڕۆژێ، هاتە پۆلو باسی قەرزی میللی کردو پێشنیاری کرد هەر کەسێ تاقەتی کڕینی هەیە، بیست دینار بێنێ.

من هاتمەوە ماڵێو خۆم هاویشتە سەر پێی نەنە.

- نەنە، بیست دینار پارەم دەوێ. دەمەوێ قەرزی میللی بکڕم. پاشان دەیدەنەوە. وەکوو قەرز وایە. تۆو حەزرەتی عەباس بۆم لە یەکێ وەربگرە! پاشان شتێکیشی دەخەنە سەرو دوای چەند ساڵێك دەیدەنەوە. نەنە بە سەرسامی گوتی:

- بیست دینار!!! ئاخر ڕۆڵە، بیست دینار مەسرەفی شەش ڕۆژمانە! لە گۆڕی باوکی کێ دەری بێنم؟!

- لە خاڵۆ گەورە وەربگرە. لە داییزە وەربگرە. لە مامە ، لە هەر کەسێ بێ. دەشێ لە بابە، لە مامە پیرە.

- ئەی بەدبەخت لە منو تۆ! ئەوانە هەموو ماڵیان هەڵتەکێنن، ناکاتە بیست دینار!

- ئەمن هەقم نییە. دەبێ هاوکاری وڵاتەکەمان بکەین.

نەنە بەبێ تاقەتی گوتی:

- ئەی خودایە!، خودایە! چ بکەم لە دەست ئەم مامۆستای (داڕشتن)ە! چ جۆرە ئیشێك دەکا.

دیسان دەستم بە منە من کردو باسی چاکەی مامۆستای (داڕشتن)م کرد.

نەنە بێزار بوو، هاواری کرد:

- دەردی خۆتو مامۆستاتم لێ دا! نیمە!!! نیمە!!! نیمە!! لە کوێ بێنم، ئاخر هەی نامسوڵمان؟!

دەستم بە گریان کردو لە ژوورەوە، لە تەك کتێبەکانم، دانیشتم.

+ + +

شەو، بە بۆنی پیوازی داغو ئەشکەنە، بە بۆنی نانی تازە لە تەندوور دەرهاتوو، بە فرەفڕی باڵی چەند کۆترێکی توریدی، بە دەنگی مەکینەی کارخانەیەکی دوورە ڕێ، هات. هەمووتاك تاك لە کار هاتنەوە. لە دەوری



Scanned with CamScanner

یەك كۆبووینەوە. من بە روو قایمی، زۆر بە دڵو داو، بە تایبەتی بەو كولی گریانەی لە گەروومدا بوو، دووبارە مەسەلەكەم گێڕایەوە. هەموو بە دڵ گوێیان دایە قسەكانم. فرمێسكم لە چاو قەتیس ما. باسی قەرزی میللیم كرد.

بابە تازە لە زیندان هاتبووەوە، بە سەری تاشاوو دەمو چاوی لەڕەوە، لە لایەكەوە هەڵكورما بوو، گەرووی پاك كردەوەو گوتی:

- ها!! ئافەرین باشە! نابێ چاومان بە دەرەوە بێ. باشە باش، برای باوكم! ئەم بیرانەت لە كوێ هێناوە؟ منیش لەو ناو بەندیخانەیەدا زۆر شتم بیستووە. بەڵام ئاخر. هم!! بیست دیناریش پارەیەكی كەم نییە!!

مامە پیرە، بە تیزەوە، گوتی:

- لەوانەیە ئیشەكە فێڵێكی تێدا بێ. شتی وا زۆر رووی داوە. كڵاوی خۆت بگرە با نەیباو هەقت بەو ئیشانەدا نەبێ. بنیادەم بە (بەبە بەبە)ی خەڵك دەمی شیرین نابێ.

داییزە خۆی خستە ناو قسەكانی مامۆو گوتی:

- ئەم كورە هێشتا زەردێنەی بە قوونی نەكەوتووە، چ قسە دەكا. سەری خۆت كڵاوە، بیست دینار لە كوێ بێنین؟ خۆ مەجبوور نین؟ خۆ دەستیان لە ناو رۆنی قرچاوە نەناوین؟ ئاخر تۆ سەیر كە، كورە ئەوەندە گریاوە، چاوی وەكوو قوونی مریشكی لێ هاتووە.

- خالۆ (مووسا) گوتی:

- بیست دینار چەند بەرگ موسیبەتنامەو مەفاتیحی پێ دێ.

ئەو شەوە، خالۆ گەورە میوانمان بوو. هەست ناسكو دەست بڵاو بوو. نازانم چۆن بوو، یەكسەر دەستی بۆ لای من درێژ كردو گوتی:

- ها بگرە! دە بگرە! ئەمە بیست دینار. برۆ بیكڕە!

لە خەنی خۆشییان تا بەیانی خەوم لێ نەكەوت.

+ + +



Scanned with CamScanner

بەیانی زوو، بەبێ نان‌و چای رام کرد بۆ قوتابخانە. زۆر منداڵ پاردیان هێنا بوو. عەباسی کوڕە دراوسێکەمان لەوێ بوو. بە هەمان چاوی سوورو بە فرمێسک، لەگەڵ منداڵان بەریز کەوتینە رێ. مامۆستای (دارشتن)یشمان لەگەڵدا بوو. هەندێ نووسینیان دابوو بە چەند منداڵێک کە شتمان باش دەخوێندەوە. لە رێگا تەختەیان لە ژێر دادەنایەن، دەچووینە سەر تەختەکەو نووسینەکانمان دەخوێندەوە، منداڵ چەپڵەیان لێ دەداو هاواریان دەکرد.

بەم جۆرە بەرەو بانکی میللی ڕۆیشتین. هەموو قوتابخانەکانی کرماشان بە ئاڵاکانیانەوە لەوێ بوون. بلیتی قەرزی میللیمان وەرگرت‌و بە شادومانی گەڕاینەوە ماڵێ.

\+ \+ \+

دەستەی ماتەمینی ئێمە مانان ببوو بە دەستەیەکی تر. گەچ‌و خەڵووزمان کۆ دەکردەوەو بەبێ شەکەتی لەسەر دیوارەکان دەماننووسی.

هاوین بوو. کاتی رۆژاوا بوو. لە کار هاتبووینەوە. منداڵەکانی گەڕەکەکەمان هەموو، هاوینان کاریان دەکرد: شاگرد کەبابچی، نانەوایی، پینەدۆزی، شیرینی فرۆشی‌و بلیت فرۆشی. من‌و ئەکبەر کارمان شاگرد وەستایی بوو. لە حەوشە دانیشتبووین‌و گەچ‌و خەڵووزمان بەسەر منداڵەکاندا دابەش دەکرد.

دەنگە دەنگ‌و هەرا لە رادیۆی ماڵە دراوسێکەمان دەهات.

لە پڕ دەرگای حەوشە بە توندی پێک کەوت‌و کرایەوە.

باوکم‌و خاڵۆ گەورە. وەکوو شێت پەلاماری ئێمەیان دا: مستێ لەسەری من‌و زللەیەك لە پاتێلی ئەسغەر. منداڵەکان رایان کردو پەرتەیان کرد. گەچ‌و خەڵووز بەو ناوە وەر بوو، لە بن دەست‌و پێیان لە ناو چوو.

باوکم هاواری دەکرد:

- بەدبەخت بووین! منداڵینە، ئێوە ئاخیری ماڵتان کاوڵ کردین.

خاڵۆ نەراندی:



Scanned with CamScanner

- سەر لێ شێواوینە، یەللا بجوولێن. دیوارەکان پاك کەنەوە.!

خالۆو باوکم هەروا بە هەراسانی رایان کرد بۆ ژێر زەمین. باوکم بە گەسکێك‌و خالۆ گەورەم بە گوونیەیەك پەلاماری لای حەوزیان دا. گوونی‌و گەسکیان تەڕ کردو رایان کرد بۆ کۆڵانێ.

دیسان ژاوەژاو لە رادیۆی دراوسێکەمان بەرز بووەوە.

بە ورو گێژی رامان کردە کۆڵانێ‌و بە ترسەوە تەماشامان کرد. بابەو خالۆ هەر دووکیان وێنەی کۆترەکان‌و دروشمەکانیان دەسڕییەوەو بە بەردەوامی، بە نیگەرانی ئاوڕیان لەم لاو لەو لای کۆڵانێ دەدایەوە، دەنگی پێیەك دەهات، رایان دەکردەوە حەوشە.

چەند جارێکی تر گوونی‌و گەسکیان بە ئاوی حەوز تەڕ کردو پەلاماری کۆلانێیان داو دیوارەکانیان پاك کردەوە.

شەو بوو. شار ئارام بوو. دەنگی گریانی نەنە (کیشوەر) دەهات‌و ئاشوورا هاڕەی دەهات.

+ + +

بەیانی، کە بابەو خالۆ گەورە چوونە سەر کار، هاتمە کۆڵانێ‌و بەر لەوەی بچینە سەر کارەکانمان، منداڵەکانم بینی. هەموو نارەحەت بوون. بە یەکەوە قسەمان کردو بڕیارمان بۆ ئێوارە دا.

- دێرگا، کە لە کار هاتینەوە، چاوەڕێمان کرد تا دونیا تاریك داهات. من‌و ئەکبەر تەپشوویەکمان لە ژێر زەمین دەر هێنا. بە دزی دەستمان بە هەڵکۆڵینی ڕووی دیوارە کەرپووچەکانی تەکیە کرد. گەڕەکەکەمان تەنیا ئەم بینا کەرپووچەی تێدا بوو. یەکەم جار وێنەی کۆترو ئینجا...

- ئاشتی

ئیتر کەس نەیدەتوانی ئەمانە بسڕێتەوە. مەگەر تەکیەیان خراپ کردبا.

* * *

ئەسفەند ۱۳۵۳

Scanned with CamScanner

تێبینی:

وەرگێڕ ئەم بەرهەمانەی عەلی ئەشرەف دەروێشیانی کردووە بە کوردی:

١- ئەفسانەو رازی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٣

٢- قەڵەم قامیش، سلێمانی، ٢٠٠٧

٣- وەرزی نان

٤- ئاشوورا



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner